# بەرەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە
ژمارە (7) تشرینی یەکەم 2012



راوێژکاران
شەماڵ موفتی    د.کەریم ئەحمەد
د.سادق عەزیز خۆشناو    د. ئەحمەد وەرتی

خاوەنی ئیمتیاز
نەوزاد سەلام خۆشناو
٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤
khoshnaw_n@yahoo.com

سەرنوسەر
یاسین ئەحمەد زەنگەنە
٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧
yaseenzangana@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین
عەلی ئیبراهیم حەسەن
٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢
alizhin@yahoo.com

دەستەی نوسەران
ئومێد مستەفا
ئیحسان برهان الدین
ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
amir_koy@yahoo.com

بەشی ریکلام
٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

تایپیست
هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار


٣


٢٦


٦


٣٣


٩


٣٦


١٠


٤٦


١٦

ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت.

نرخی 2500 دینارە

هەولێر- شەقامی ئیسکان بەرامبەر ڕاین مۆڵ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# باهەلی سەرکەوتن بە فیرۆ نەدەین؟!




## دەستپێك

سەرنووسەر

کەسانێك هەن سەریان سوڕ دەمێنێ لـەوەی لـەوهـۆکـارانـە تـێ بگەن کەبوّتە مایەی سەرکەوتنی هەندێك لەهاوڵ و ناسراوەکانیان، لەکاتێکدا ئـەوان لەهیچ شتێکدا لەبەرترو شارەزاتر نین ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەهرەوە تواناو چالاکیدا کەمترو لاوازتـرن ، ئایائەوکەسانە چۆن توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بێنن ؟

ئەمەپرسیارێکی گرنگەو جێی خۆیەتی، هـۆی چییە هەندێك کـەس سەرکەوتن بەدەست دێنن سـەرەڕای کەمی توانایان، لەهەمان کاتدا کەسانی تر دەستەوسانن هەرچەندە توانای باشیان هەیە بۆبەدی هێنانی سەرکەوتن . هـۆکاری بنەڕەتی ئەوەیە ئەوانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە متمانەی تەواویان بەخودی خۆیان هەیەو هەلی رەخساو دەقۆزنەوە ، هەرچەند تواناکانیان کەمو لاوازبێت .

– مرۆڤەکان بەسەرکەوتوویی لەدایك نەبوون ،بەڵکو سەرکەوتن درووست دەکەن ،ئەمەش سەرەتا ئامادەکرنی پلانی دەوێت، ئینجا جێ بەجێکردنی پـلان و، کۆی ئەمانەش بێ هیواو متمانە بەخۆبوون نایەتەدی.

– ئەوکەسە سەرکەوتوانەی متمانەیان بـەخۆیـان هـەیـە خـەریـکی لـێـکدانـەوەو شرۆڤەکردنی هۆکاری سەرکەوتنی کەسانی ترن ، تاپەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، چونکە متمانەیان بەخۆیان هەیە ، دەڵێن ئێمەش دەتوانین ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بێنین ، بەڵام ئەوانی تر سەرقاڵی لێکدانەوەی هۆکاری شکست و سەرنەکەوتنی کەسانی تـرن . کـەسـەسـەرکـەوتـووەکان بـەردەوام بۆسەرەوە دەڕوان و،سەرنەکەوتووەکانیش تـەمـاشـای بـەرپـێـیـان دەکـەن ، کەسە سەرکەوتووەکان تێڕوانینێکی جوانی هیوا بەخشییان هەیە ، بەلاّم سەرنەکەوتووەکان تەنها بەچاوێك تەماشای شتەکان دەکەن.

– قۆستنەوەی هەلەکان ستراتیژی کەسە سەرکەوتووەکانە، هەموان دوای تێ پەڕینی هەل ڕێزو بەهاو نرخی دەزانین کاتێك لێمان دوور دەکەوێتەوە ، خوازیارین سەرلەنوێ بـۆمـان بـگـەڕێـتـەوە بـەڵـکو قـەرەبـووی ئەوشتانەی لەدەستمان چوون بکەینەوە، بەلاّم خاوەن دەست پێشخەرییەکان لەکاتی گونجاودا بەجوانی هەل دەقۆزنەوە، لێ بەهرەمەندو سوودمەنددەبن ، ئەمەو هەلیش تایبەتمەندی خۆی هەیەچاك وایە بیزانین و رەچاوی بکەین ، وەك:

١– هـەل کـەدێـت ودەرەخـسـێـت تەمومژاوییە و رون وئاشکرا نییە .

٢– هەل خێراو کتوپڕە، نەك هێواش و لەسەرخۆ ، بەفیرۆدانی کات لەبەرژەوەندی ئەوکەسانەدا نییە کەهەلیان بۆ دەرەخسێت ، زانایان لەم بارەوە وتویانە( هەلی چاك لـەدەسـت مـەدە چونکە وەك هـەور تێ دەپەرێت ودەڕوات)

٣– هـەل بەیەکسانی و هاوسەنگی دەرەخسێت و قۆستنەوەی دەستەبەرە بۆهەموو کەسێك ،دەوترێت هەل لەهەموو دەرگایەك دەدات، بەلاّم پێ دەچێت کەس لەژوورەوە نەبێت.

٤– هەل کەچوو ناگەرێتەوە،حەسرەت وپەشیمانی دادی کەس نادات .

– (ونستون چەرچڵ) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەقۆناغی جەنگی جیهانی دووەمدا سەرکردایەتی وڵاتەکەی دەکرد ، سیاسەتەکانی ناوبراو هۆکارێك بوو بۆبەدیهێنانی سەرکەوتنی گەورەو ناوازە بۆ وڵاتەکەی و هاوپەیمانان بەگشتی، سەرەڕای ئەوسەرپێچی وخراپانەی کردی بەرامبەر بەگەلانی تر . ناوبراو بەوپەڕی هێزو تواناوەکاری دەکرد ، ئەو تەنها سەرۆك وەزیران نەبوو، بەڵکو نوسەرو وێنەکێش و ...هەرووەهابەچاکی چاودێری خێزانەکەشی دەکرد . سەرەڕای هەموو ئەوکارانەی (چەرچڵ) کردی بۆ وڵاتەکەی ، دوای کۆتایی جەنگەکەبەسالێك (چەرچڵ) نەیتوانی لەهەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت ، ناوبراو بەخەمباری و دڵشکاوییەوە گەڕایەوە بۆ نووسینگەکەی ، دەبوایە ناوبراو خۆی بەکەسێکی سەرکوتوو لەقەڵەم بدایە ،سەرکەوتن تەنها ئەوە نییە خەڵکی ستایشت بکەن ،سەرکەوتنی راستـە قینە ئـەوەیـە بـەکـردار هەست بەووبکەیت سەرکەوتنت بەدەستهێناوە ، ئەم بەسەرهاتەش پەندی جوانی تێدایە ،لەوانە زیندوویەتی و هوشیاری ئینگلیزەکان ،پێ دەچێت ئەوراستییەیان زانیوە کە(چەرچڵ) سەرکردەی سەرکەوتووی قۆناغی جەنگ بووە، سەردەمی دوای جەنگیش سەرکردەو رابەری تری دەوێت ، ناکرێت سەروەرییەکانی قۆناغی رابردوو بکرێتە پاساو بۆبەردەوام بوون ومانەوە لەدەستەڵاتدا .

– گـەروات زانـی کەسێکی لاوازو سەرنەکەوتووی کەواتە بەوشێوەیەی ، هەرچەندە خەڵکانی تر بەگەورەترین کەسی سەرکەوتووت بزمێرن ، بەلاّم گەر خۆت وا بینییەوە کەکەسێکی سەرکەوتووی ئەوا تۆ بەوشێوەیەی هەرچەندە کەسانی تر بەشکست خواردوو لۆمەو سەرزەنشتت کەن ، لەکۆتادا ئاماژە بەوراستییە دەدەین کـەوا تەنها خـۆت دەتوانـیت پشتیوان بەخوا هەلی سەرکەوتنت دیاری بکەیت و بەجوانی بیقۆزیتەوە، هەرلەتوانای خۆتدایە بزانیت ئایا دەتوانیت سەرکەوتن بەدەست بێنیت یان نا؟



# کوالّیتی ژیان

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە:
شەماڵ موفتی

پێویستە ڕێککەوین لەسەر هەندێ ئامراز و زاراوە تا نزیکتر بینەوە لەیەك و باشتر لە کوالّیتی ژیان تێبگەین (فاکتەر factor) و (سەبەب cause): زۆر لە ئێمە ئەم دو زاراوەیە بە یەك واتا و بە یەك زاراوە تەماشا ئەکەن!! و نازانم وشەی (هۆ) یان (هۆکار) بۆ کامیان دادەنرێ؟

فاکتەر: هۆی سەرەکی دیاردەیەکە- بوونێکە، بەڵام (سەبەب): درێژەدان بەو دیاردەیە ئەدا. لەبەر ئەوە من بە ڕاستی نازانم ئەم دو زاراوەیە وەك یەك بەکار بهێنرێت.

هەروەها زاراوەی: (پێوەر- معیار- مقیاس- measurement)، و زاراوەی (مؤشر indicator) زۆر جار ئەمیش بە (پێوەر) بەکاردێت کە هەڵەیە چونکە جارێ وا هەیە دەیان مؤشر نابێ بە (مقیاس)ێك.

هەژاری وەك کێشەیەکی قوڵی کۆمەڵایەتی (ئەسبابی یاخود هۆی سەرهەڵدانی) زۆرن وەك:

١) جەنگ

٢) بارودۆخی نائاسایی

٣) ستەم لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و بەگەڕهێنانی ئابورییەکەی

٤) هۆی مێژوویی وەك: داگیرکەر- وشکەساڵی- بڵاوبونەوەی نەخۆشی- شەڕ و پاشاگەردانی .

ئەم خاڵانە (جیهانین) و زۆر جیاوازن لەو (هۆ)یانەی دەبنە بەردەوامبونی ئەو هەژارییە.

بێ گومان کەس ناتوانێ لێپێچینەوە بکا لەگەڵ مێژووودا و بیکاتە بەر پرسیار، بەڵام دەکرێ ئەو فاکتەرانە دیاری بکرێن کە بونەتە هۆی بەردەوامبونی هەژاری.

لێرەدا دەمەوێ بچمە ناوەڕۆکی پەیامەکەمەوە، بۆچی پاش دوچاربونی جەنگ و کوشتار و ماڵوێرانی وکاولبونی ژێرخان ... هەندێ وڵات بە پارەمەتییەکی کەم توانییان لە دۆخی هەژاری بێنە دەرێ و ڕزگاریان بێت ؟؟وبەڵکو ببنە دەوڵەمەند و دەستی یارمەتی درێژکەن بۆ وڵاتە هەژارەکانی دراوسێ و دوریش؟؟ بۆچی هەندێ وڵاتی دیکە لە زەلکاوی هەژاریدا دەگەوزێ و تا ئێستا باجی جەنگە مێژووییەکان ئەدا و بگرە و هی جەنگی جیهانی دوەمیش؟؟

بۆچی (ڕزگاربوەکان لە هەژاری) توانییان لە ٢٠ تا ٣٠ ساڵێکدا داهاتێکی ڕاستەقینە بۆخۆیان پێکبهێنن و دراوێکی بەهێزیان هەبێ و ئابورێکی باوەڕپێکراو و وڵاتێکی ئاسودە و سیستەمێکی سیاسی ئازاد؟؟و بۆ ئەوانەی تر نەیانتوانی لەگەڵ ئەوەی بلیۆنەها دۆلاریان پێ درا؟؟

وەڵامەکە لەمە دایە: کاتێك مامەڵە دەکرێ لەگەڵ (ڕوکەشی کێشەکە) دەبێ خۆراك و دەرمان و ئاوی پاك و پزیشك چادر و .... بنێریت و ئەم هەویرە هەر ئاوی دەوێ!!

بەڵام کە مامەڵە دەکرێ لە گەڵ (ناوەڕۆك و سەرچاوەی کێشەکە ) زۆر زۆری فەرقە.

لەبەر ئەوەی نەچوون بەلای (فاکتەرەکان- هۆی بەردەوامبونی هەژاری) و سەرقاڵی ڕوکەشەکەی بووووون!!

فاکتەرەکانی هەژاری (واتا بەردەوامبونی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە) ئەمانەن:

١) نەخوێندەواری (واتا نەبونی زانیاری پێویست).

٢) پشتبەستن بە کۆمەك و دەستی دەرەکی( بەتەمابونی یارمەتی).

٣) نەخۆشی.

٤) دەستپیسی کاربەدەستان.

٥) کەم تەرخەمی و بێ پلانی دەسەڵات.

چاکتر وایە ناویان بنێین (پێنج بەڵاکە)!! کە هەر پێنجیان پێویستە بە (زروف و بارودۆخ دابنرێن).

دەبێ ئەم پێنج بەڵایە لەناو بدرێن و بە نەمانیان هەژاری بەرۆکی ئەو کۆمەڵگایە جێ ئەهێڵێ.

هیوادارم پەیامەکەم گەیشتبێت لە پێناوی گەشەکردن بەرەو کوالّیتییەك و خۆشگوزەرانییەکی باشتر.



# نەزانین لە سەد فیتنە خەتەر ترە!

د.ئەحمەد وەرتی

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت کە بۆچی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و ئێمەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دواکەوتووین و خەڵکانی تر پێشکەوتوون؟ بۆچی ئێمە هەموو داهێنان و بەرهەمێکی زانستی نویٰ و تەکنەلۆژیا لە دەرەوە هاوردە دەکەین و هیچ شتێك هەناردەی دەرەوە ناکەین جگە لە نەوت و غاز کە ئەویش بەرهەمی دەستی خۆمان نییەو سامانێکی سروشتییە؟

دەبیٰ چ هۆکارێك لە پشت ئەو دواکەوتنە زۆرەوە بێت کە جیهانەکەمان تێی کەوتووە کە دڵی هەموو دڵسۆزێك بۆ گەلو نیشتیمان و ئایندەکەی ئازاردەدات کە دەبینیٰ لە کاروانی ژیار و شارستانێتی دوا کەوتوون لە کاتێکدا ڕۆژگارێك ئەم خاك و سەرزەمینە شوێن و مەڵبەندی هەڵکەوتنی کەڵە زاناو وفەیلەسووف و پێشکەوتنی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و کانگای مەعریفە و ژیار و توڕهەڵدانی جەهل و نەزانی و دواکەوتن بووە، کە تەنانەت زانا و ڕۆشنبیرە نامسوڵمانە بە ویژدانەکانیش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە خۆرئاوا قەرزاری ئەو زانست و پێشکەوتنە مرۆییەی جیهانی ئیسلامییە، یەك لەوانە زانا (بریفۆلت)ە کە لە کتێبی (بناء الإنسانية) دا دەڵێت: (هیچ لایەنێك لەلایەنەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەوروپی نییە ،مەگەر دەکریٰ ئەسڵەکەی بگێڕیتەوە بۆ فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی ئیسلامیی)؟!

لە ڕاستییا قسەکردن لە سەرهۆکارەکانی دواکەوتن و بەجێمانمان لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای نویٰ و ئەو نەزانین و خراپ بەکارهێنانەی ئەوەندە سامان و زانست و دەسەڵاتەی هەیە لە وڵاتانی ناوچەکەماندا،زۆری دەوێت و ئەم وتارەی ئێمە لێرەیا هەڵی ناگرێت، بەڵام بە وردبوونەوە لەو نەزانی و جەهل و بەدحاڵیبوونەی بوونی هەیە، دەگەینە سەرچاوەی سەرەکی بەدبەختی و

نەهامەتییەکان و کێشە و قەیرانەکانمان، بۆیە منیش هەمان دەستەواژەی نووسەری عەرەب (عیمادەددین ئەدیب) لە رۆژنامەی(الشرق الاوسط)م بۆ ناونیشانی ئەم وتارە بەکارهێنا)نەزانین لە سەد فیتنە خەتەرترە!)،چونکە ناوبراو واتەنی نەزانین خانەی دەرد و ناوەندی خەتەر و بنەمای هەموو ئەو بەڵاو نەهامەتییانەیە کە بە دەستیانەوە دەناڵێنین، وە کاتێك مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی زانستی کارگێڕیی نویێ، ئەوا خەتەرو ترسناکی نەزانینی لەو بوارەدا بۆ دەردەکەوێت، چونکە کارگێڕیی پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت کە ئەوانیش(مەعریفە، ئارەزوومەندی، وتوانا) یە.

کاتێك دەتەوێت مامەڵە لەگەڵ هەردۆسیەیەك یاخود قەیران و کێشەیەکدا بکەیت، سێ پرسیاری جەوهەری دێنە پێشەوە: ئایا قەیران و کێشەکە دەزانیت ودەناسیت یاخود زانیاریت دەربارەی هەیە؟ ئینجا ئایا ئارەزوومەندیت مامەڵە لەگەڵ چارەسەرەکەیدا بکەیت؟ پاشان پرسیاری سێیەم و مەنتیقی دێت کە پێویستە لە خواری لیستەکەوە بێتن ئەویش ئەوەیە: دوای ناسین و زانینی قەیرانەکە و ئارەزوومەند بوون لە چارەسەرکردنی، ئاخۆ ئەوەت لە تواناداهەیە کە مامەڵە لە گەڵ ئەو دۆسیەیە و چارەسەرکردنی دا بکەیت یان نا ؟ کەوا بوو خاڵی گرنگ و بنەڕەتی لەمامەڵەکردن لەگەڵ هەر دۆسیە و کێشەیەك بریتییە لە (مەعریفە)و وزانین، وە کاتێك گرفتی سەرەکی بریتی دەبێت لە (نەزانین) و ئاشنانەبوون بە قەیرانەکە و بوونی وەك کێشەیەکی جێ گرنگی و بایەخپێدان و جەهل بەهۆکارو پاڵنەرو وردەکارییەکانی و شێوازی روو بەڕووبوونەوەی، و ماوەی پێویست بۆ مامەڵە لەگەڵ کردن و چارەسەرکردنی، وەهەروەها بەهای کۆتایی چارەسەرکردنەکەی، ئەوە مانای وایە ئێمە لە بەردەم کارەساتێکی راستەقینە داین.

کەوابوو نەزانین لە هەرکایەیەکی ژیانی کۆمەڵگاکانمان، لەهەوڵدان بۆ بەدەستخستنی کەرەسە و هۆکارەکانی پێشکەوتن، لە حوکمڕانیکردن و حیزبایەتی کردنمان، لەهەڵبژاردن و کۆنگرەکانمان، لە زانینی پێداویستی و خواستی سەردەم و خەڵکی چاخ و زەمانی خۆت و بەکارهێنانی هۆکار و شێوازی کۆن بۆ حاڵ و دۆخی نوێ کارەساتە، تێنەگەیشتن لە پرسی چاکسازیی و وەڵامدانەوە بەویستی زانایان و دڵسۆزان بۆبەخۆداچوونەوە و گۆڕانکاریی و تێنەگەیشتنن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی رابردوو و ئاڵۆگۆڕەکانی دەوروبەر کارەساتە، تێنەگەیشتن لە دیدوهزر و واقیعی ئەوانی تر کە لە تۆ جیاوازن لە رۆڵەکانی گەل و نیشتیمان یان حیزب و دەستە و کۆمەڵ و مەزەب و ئایین و نەتەوە و تیرە و هۆز و کەسەکان یان ئەوانەی رەنگە جیاواز بن لە تۆ لە تێڕوانین و نەخشە رێگای چارەسەر و شێوازی کار و توانستی زانست و کارامەیی..کارەساتە، نەزانین و تێنەگەیشتن لە بارودۆخی حیزب و گروپ و سوننەتی ژیان و دەرو دراوسێ و وڵاتانی دەورو بەرو سیاسەتی گشتی و یاساو رێساو بڕیارگەلی هەرێمی و نێونەتەوەیی، کارەساتە و پەشیمانی بەدواوەیە، نەزانینی مافی ئەوانی تر و قۆستنەوەی سامانی گشتی و قوت و بژێوی ژیانی هاوڵاتیان وتاکەکان یان سۆز و عاتیفە و هەندێ بارودۆخیان بۆ مەبەستی تایبەتی، جەهل بە بنەماکانی دین و ئەخلاق لە سیاسەتدا بەڕاستی کارەسات و موسیبەتێکی گەورەیە، خراپترین نەزانینیش ئەوەیە کە تۆ نەزانیت کە نەزانی کە ئەمەش پێی دەوترێت جەهلی مورەککەب.. بۆیە بەڕاستی نەزانین خەتەرترە لە سەد فیتنە و فیتنە!

نووسەرو ئەندامی پەڕلەمانی کوردستان

# هەمیشە بە هیواوە بژی

ڕەئوف شوانی

ڕێگا بە هاتنی وەهمە سلبیەکان
بۆناو هەستەکانت مەدە، ژیان وەك
ئەوەی هەیە ببینە، مەڵێ ژیان رەشە
هۆکاری ڕەش بونی ژیان
بیرکردنەوەکانی خۆتە، بۆ چونەکانت
جوان بکە، دونیات ئەبێ بە چراخان
خۆت کار بکەی باشترە لەوەی
تەماشای، پارەی خەڵکی بکەیت. ئافرەت
میهرەبانی لێ جوانەو پیاویش بوێری
و دڵسۆزی بەهاوسەرەکەت خۆشەویستی
ببەخشەو بە ئافرەتی دیکە ڕێز.
سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەوەی
توانای پێ بەخشیوی دەتوانی بگەی
بەهەرشتێك کە خواستت لەسەریەتی
مرۆڤی بێ هیوا وەك درەختی
بێ گەڵا وایە، دامەنیشەو بە دیار
هیواکانتەوە بگریت.
بەڵکو پێنوسی و کاغەزێك بینەو
دەست بە نوسینەوەیان بکە.
پاشان لە گرینگترینیانەوە هەوڵی
بەدەست خستنیان بدە.





د.ڕێدار محەمەد ئەمین
پسپۆڕی نەخۆشیە دەروونیەکان

# سەرەتایەك بۆ سایکۆلۆژیای ژینگە

پرسی ژینگە،پرسێکی نوێیە وزیاتر دوای پیسبوونی گۆی زەوی بە پاشماوە و گازو دوکەڵ ولەناوبردنی دارستەکاندا هاتۆتە کایەوە،ئێستاش گێتی بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و تەنکبوونی چینی ئۆزۆن کەوا مەترسی لەناوچوونی لێدەکرێت،ئەوا لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بە شارەزایی لەم بوارە هەیە،ئەم وتارەش وەك سەرەتایەكە بۆ باسکردن لە سایکۆلۆژیای ژینگە،کە بەشێکی گرنگە لە لایەنی هۆشیارکردنەوەی خەڵك.

لەسەرەتاشدا دەبێت ئێمە هەندێك چەمك روون بکەینەوە و پێناسەیان بکەین.

*ژینگە:بریتیە لە هەر شتێك لە دەوروبەرمان وەك خاك وخۆڵ،و کەشو هەوا وکۆمەڵگە و تەلارو بیناکان و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی...هتد

*ژینگەی سایکۆلۆژی:بریتیە لە و لایەنانەی یاخود ئەو رەهەندانەی ژینگەی دەرەوەی مرۆڤ کەوا کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە لە رووی رەفتار،قسەکردن یان هەر کاریگەریەکی تر

*ژینگەی کاریگەر

ئەو کات ژینگە گرنگی پی دەدرێت گەر کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبێت،جا ئەم کاریگەریە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بیت،کەواتە دەبێت ژینگە کاریگەر بێت و مرۆڤەکە کارتێکراو بێت،بۆ نموونە رەنگە ئێمە زۆر گوێ نەدەینە ئەو پەنجەرەی لە ژوورەکەمان هەیە،بەلام بە دەنگە دەنگی ئوتومبیلی شەقام وەرس و بیزاربین بۆیە تاکو زیاتر لە سایکۆلۆژیای ژینگە تیبگەین،پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکەین:

١-سایکۆلۆژیای ژینگە چیە؟
٢-چ پێویستیەك بووە هۆی سەرهەڵدانی؟
٣-بابەتەکانی،بوارەکانی چین؟
٤-چۆن لە گرفتەکانی ژینگە ئەکۆلیتەوە؟
٥-کاریگەریەکانی ژینگە لەسەر مرۆڤ چین؟
٦-هۆشیاری و رۆشنبیری و کاریگەریان لەسەر ژینگە.
٧-ئەم بیردۆزانەی باس لە پەیوەندی نیوان ژینگەو رەفتاری مرف ئەکەن.
٨-جۆرەکانی ژاوەژاو و کاریگەریان لەسەر ژینگە.
٩-پەیوەندی نێوان کەشو هەوا لەلایەك و رەفتاری مرۆڤ لە لایەکی تر.
١٠-کاریگەری کارەسات وبومەلەرزەوگرکانەکان لەسەر ژینگە.
١١-لایەنە مەترسیەکانی ژینگە.
١٢-پیسبوونی ژینگە.
١٣-ئەو شوێنەی مرۆڤ لە دەروبەر داگیری ئەکات .
-کاریگەری قەرەباڵغی و چڕی دانیشتوان.
١٥-بارودۆخی شارە گەورەکان.
١٦-بالاخانەو کاریگەری لەسەر مرۆڤ،بوونی ماوە لە نیوان بالاخانەکان،هەواگۆرکی،ساردی وگەرمی ژوورەکان،پەنجەرە،روناکی...هتد
١٧-کاریگەری رەنگ،دەنگ،مۆسیقا،ج وانسازی،سەوزایی.

کەواتە خاڵیکی گرنگ کەوا سایکۆلۆژیای ژینگە گرنگی پێدەدات

بریتیە لە گۆڕینی رەفتاری مرۆڤ،بە جۆریك كەوا بتوانێت ژینگە لە پیسبوون و تیكدان و لە ناوبردن بپارێزێت ،ئەمەش لە ریگەی هۆشیاركردنەوە و پەروەردەو بەكارهێنانی تەكنیكی هاندانی وەك پاداشت وسزا(نموونە: چاندنی دار لە مال بەرامبەر خوشبوون لە باجی خانووبەرە)،كەمكردنەوەی مەسرەفی ئۆتۆمبیل(بەنزین)، بە فیرۆ نەدانی ئاو،كارەبا،نەشكاندنی دار،كەلوپەلی گشتی،كاریگەری دەنگی فرۆكە لەسەر شارەكان.

*كەی سایكۆلۆژیای ژینگە سەری هەلدا؟

سەرەتای سایكۆلۆژیای ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی شەستەكان،ئەویش بە هۆی زیادبوونی گرفتەكانی ژینگە و پیسبوونی،لەسالی ١٩٧٠دا كۆمەلێك زانا پەیدابوون،ناویان لە خۆنا زانایانی سایكۆلۆژیای ژینگە، گرنگیان بە كاریگەری ژینگە لەسەر رەفتاری مرۆڤ دەدا ،یەكێك لە خاسیەتەكانی ئەم زانستە ئەوەیە، سەیری هەموو ژینگە دەكات بەگشتی،نەك تەنها لایەنیك،وەك كاریگەری ژاوەژاو و قەرەبالغی لە شوێنی گشتی و قوتابخانەو بازار..هتد چونكە ئەمانە كاریگەریان لەسەر جەستەو دەروونی مرۆڤ هەیە

ئەو راستیانەی سایكۆلۆژیای ژینگە پشتی پێ دەبەستێت لە زانستەكانی تری وەرگرتووە وەك دەروونناسی كۆمەلایەتی،زانستی سیاسی،بیناسازی،زانستی ئەخلاق...هتد

سایكۆلۆژیای ژینگە زانستێكی نوێیە و بە هۆی پێشكەوتنی پیشەسازی و پیسبوونی ژینگە هاتۆتە كایەوە .

*ئەو هۆكارانەش بوونە هۆی سەرهەلدانی بریتین لە

١- گەورەبوونی گرفتی پیسبوونی ژینگە لە ولاتە تازە گەشەسەندووەكان.

٢-زیاد بوونی گفتوگۆ لەسەر رۆلی هەریەك لە بۆماوە و ژینگە لەسەر بیركۆلی و نەخۆشیە ژیریەكان،ئایا ژینگە كاریگەری هەیە؟ هۆی زیادبوونی ئەم گرفتانە چیە لە ناوچەی ژینگە پیسدا.

گرنگی سایكۆلۆژیای ژینگە لەم خالانەی خوارەوە روون دەبێتەوە.

١- ژینگەكەمان تووشی پیسبوون و پشتگوی خستن ولە ناو بردن و كاولكردن بووە، بە هۆی دەستدرێژیەكانی مرۆڤەوە

٢- هەولدانی مرۆڤ بۆ لەناوبردنی هەموو دیاردەیەكی زیندەگی(ئاژەل/راوكردن)، (درەخت برینەوە)

٣- پیسبوونی ژینگە بە مادەی ژەهراوی و تیشك و دووكەل وژاوەژاو،ئەمەش كاردەكاتە سەر هاوسەنگی ژینگە و مرۆڤ تووشی گرفتی كۆمەلایەتی و شوێنی كارو گرفتی جەستەیی(وەك بیستن)و گرفتی دەروونی دەكات.

٣- بوونی پەیوەندی لە نێوان رەفتاری مرۆڤ و ژینگەی دەروروبەر وە ك زیادبوونی تاوان لە شوێنی قەرەبالغدا ،بۆیە یەكێك لە پێناسە سادەكانی سایكۆلۆژیای ژینگە بریتیە لەو زانستەی لە پەیوەندی نێوان ژینگەی مادی(فیزیكی)و رەفتاری مرۆڤ.

٤-سەرنەكەوتنی هەول و تەقالاكان بۆ گۆڕینی رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر ژینگە،بۆیە سایكۆلۆژیا وەك زانست هاتە مەیدان ئەم بوارە چارەسەر بكات.

بۆیە دەتوانین بلێین پرسی ژینگە پەیوەستە بە پەروەردە-رەفتار-لایەنی دەروونی

*بوارەكانی سایكۆلۆژیای ژینگە

١-بواری پەیوەست بە گەشەسەندن

٢-بواری پەیوەست بە گرفتەكانە ژینگە و دەست نیشانكردنیان

٣-بوارەكانی تایبەت بە گۆڕینی رەفتاری مرۆڤ لە پیناو ژینگەدا

١-بواری پەیوەست بە گەشەسەندن

مەبەست لێی دابینكردنی ژینگەیەكی گونجاو لە رووی دەروونیەوە وەك (پۆل،ماوەی نیوان دوو قوتابی/ ژووری نەخۆشخانە) رەنگ،دەنگە دەنگ،رووناكی،كەمی ماوەی نێوان دوو كەس،ئەمانە هەموو كاریگەریان هەیە لەسەر رەفتاری مرۆڤ،هەر جیگایەكیش تایبەتمەندی خۆی هەیە،دیزاینی پۆلیكی خوێندن دەبێت جیاواز بێت لە دیزاینی ژووری نەخۆش!

٢- بواری پەیوەست بە گرفتەكانە ژینگە و دەست نیشانكردنیان:

هەموو پیسبوونیكی ژینگە كاریگەری خۆی هەیە،كاریگەری قورقوشم لەسەر ژیری،دووكەلی ئۆتۆمبیل لەسەر كێشی مندالّ!!

*ئەمەش دەوەستێتە سەر رێژەی پیسبوون و ماوەی بەركەوتن(وەك تاوەرەكانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت)،

*هۆكارە كۆمەلایەتیەكانیش رۆلیان هەیە وەك:لە هەندیك باردا بەرگە گرتنی مندال،ئافرەت،پیر،هەژار كەمترە لە دەولەمەند،گەنج،تەندرووست

٣-بوارەكانی تایبەت بە گۆڕینی رەفتاری مرۆڤ لە پیناو ژینگەدا

* پەروەردەی ژینگەیی(بكرێتە وانەیەك بۆ خوێندن)

*ریكلام و پروپاگەندە (رۆلی میدیاكان)

ئەمەی سەرەوە تەنها سەرەتایەك بۆ باسكردن لە رۆلی سایكۆلۆژیا لە ژینگە كەوا چەندە گرنگی هەیە،بێگومان سایكۆلۆژیا ئەو كاتە ئەشپی خۆی لەو بوارە تاودا، كاتێك زانایانی بوتری ژینگە بۆیان دەركەوت بەبی قسەكردن لەسەر دەروون و رەفتاری مرۆڤ و كترکردن بۆ گۆڕینیان مەحالە بتوانین ژینگە بپارێزین!

بۆ نووسنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1-MacAndrew,T. Francis,. (1992)Environmental psychology,Brook\Cole publishing company.California
2-Valentin,Jorge. Gamez,Lucila,.(2010)Environmental psychology new developments,. Nova Science Publishers Inc



# برەو دان بە ژیان

پێشەوا رانیەیی

گەردون لەسەر یاسای رێك و پێکی راوەستاوە ،بۆیە پێویستە لە سەرت کە رێك و پێك بیت لەماڵ و جل و بەرگ و پەرتوکخانە و قەڵەمەکەت و تەنانەت ئەو چاوانەشی کە ئەم نووسینانە ئەبینێت،وە گشت ئەرکەکانت.

برۆ دەرەوە و دەشت وبیابان وچۆڵایی ببینە، پێداچوونەوەی بێستانە دەنگ خۆشەکان بکە، لە دروست کراوی دروست کاروبەدیهێنەر بڕوانە، لە داهێنراوی داهێنەرو قەشەنگی وکار جوانی و رێك و پێکی ئاکاری جوان فێر ببە و وانەی هۆشیاری وەربگرە،وەرزش بکە بەرۆیشتنی خۆت،خەڵك فێری وەرزش بکە بە ئەقڵی خۆت و دیاری خوا، تەمەڵی و تەوەزەلی فڕێبدە،ماڵئاوایی لە بێ ئیشی و دەستبەتاڵی بکە، هۆگری وخۆشەویستییە بێماناکان لە دڵت دەربهێنە و خۆشەویستی خوا و موحەممەد (درودی خوای لێ بێت) بخەرە شوێنیان، مێژوو بخوێنەرەوە،بیر لە سەرسوڕهێنەرەکان بکەرەوە،سوود و چێژ لە سەربوردەوچیرۆکەکان وەربگرە،هەردەم هاوڕێیەکی بچووکتر و هاوڕێیەکی گەورەتر لەتەمەنی خۆتت هەبێت،چونکە پەندو ئەزموون لە هەردووکیان وەردەگریت، ژیانی خۆت نوێبکەوە و باهەمەرەنگی لە بوارەکانی ژیانتدا هەبێت،کاتی زۆر بۆ بوارێك تەرخان مەکە کە پێویست ناکات، گۆڕان لەوەی هەردەم لەسەری دەرۆیت و راهاتووی لە سەری دروست بکە.

گەر لە خۆت بپرسیتەوە قازانج دەکەیت وگەر بێ ئاگا بیت زیان مەندی،گەر بیر لە پاشەڕۆژت بکەیتەوە سەرفرازی، بەڵام ئەگەر بکەویتە دوای ویست و ئارەزووەکانت ئەوا گومڕاو سەرگەردانی، گەر عیلم وزانینت هەبێ دەوڵەمەندی،گەر لەکەس نەترسی بێجگە لەخوا سەلامەتی، پەند و ئامۆژگاری وەربگری هەر سەلامەتی، گەر خۆگرو بەردەوامبیت لە شت تێدەگەی، گەر بیر بکەیتەوە زانابیت دەست دەکەوێت، گەر زاناش بیت کاری باش ومەزن ئەنجام دەدەیت،گەر نەمامێکت هەیە بینێژە، لەوانەیە خۆت بەرهەمەکەی نەبینیت بەڵام خوا نەمامەکە و بەرهەم و ئەو کەسەی کە نەمامەکەشی چاندووە ئەبینێت، جگە لەوە خەڵکی تر سوودی لێدەبێنێت.

عەلی کوڕی ئەبوطالیب (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت:

یەکەم مەیدانی ئێوە نەفسی خۆتانە، ئەگەر تیایا سەرکەوتن ئەوا بە سەر غەیری ئەودا زیاتر بەتوانا دەبن، خۆ ئەگەر لەو مەیدانەدا بێ توانا و دەستەپاچە بوون لەگەڵ کەسانی تریشدا بێ توانا و دەستەپاچە دەبن، جا بۆیە یەکەم جار لە مەیدانی نەفسی خۆتاندا خۆتان تاقی بکەنەوە.

سێ شت هەن گەر لە هەر مرۆڤێدا بوونیان هەبوو،ئەوا شەیتان مەبەستەکەی خۆی پێکاوە، ئەگەر ئەو مرۆڤە:

١- تاوانی خۆی لەبیر چۆوە.

٢- کاری زۆری هەبوو.

٣- بەرەئی خۆیەوە سەرسام بوو.

بێگومان بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەمانە لە ژیانی ئێمەدا بوونی هەیە.

دەرگای سەرکەوتن و سەرفرازی لەسەر خەڵکی بەهۆی شەش شتەوە داخراوە:

١- خەریك بوون بەنیعمەتەوە و لەبیرکردنی سوپاس و ستایشی خوا،کەخاوەنی نیعمەتەکەیە.

٢- حەزکردن لە فێربوونی زانست و زانیاری و کارپێنەکردنی.

٣- پەلە کردن بۆ کردنی تاوان و دواخستنی تەوبە.

٤-هەوڵدان بۆ هاوڕێیەتی پیاو چاکان و کار نەکردن بە کردەوەو رێنماییان.

٥- پشتکردنی دونیا لەوان و بەدوادا وێڵبوونی ئەوان.

٦- ئاخیرەت پێشوازیان لێ ئەکا و ئەوان رووی تێ ناکەن.

پێنج شت لە پێش پێنج شت دایە، پێتی ئەڵێم تا بیزانیت و کۆتایی پێ دێنم:

لاوێتی پێش پیری،تەندروستی پێش نەخۆشی، بێ نیازی پێش هەژاری، ئاسودەیی پێش گرفتاری،ژیان پێش مردن.



و: هاوڕێ یاسین

# ئەگەر ئارەزووت هەبێت کەس ناتوانێ راتبگرێت

دەگێڕنەوە گەنجێك دەچێتە لای دانایەكی چینی تا لێیەوە فێری نهێنی سەركەوتن بێت.

پرسیاری لێ دەكات و دەڵێت ئایا دەتوانیت نهێنی سەركەوتنم بۆ روون كەیتەوە؟

دانا چینیەكە بە هێمنیەوە وتی: نهێنی سەركەوتن پاڵنەرەكانە.

گەنجەكە پرسیەوە ئەم پاڵنەرانە لە كوێوە دێن؟

داناكە وەڵامی دایەوە و وتی لە حەزو ئارەزووە گڕگرتووەكانەوە دێن.

گەنجەكە بەسەر سوڕمانەوە پرسی چۆن ئارەزووی گڕگرتومان دەبێت؟!

ئینجا داناكە بۆ ماوەی چەند خولەكێك مۆڵەتی لە گەنجەكە وەرگرت و دواتر بەدەفرێكی پڕ لە ئاوەوە گەڕایەوە.

لە گەنجەكەی پرسی ئایا تۆ دڵنیاییت لەوەی دەتەوێت سەرچاوەی حەز و ئارەزووە گڕگرتوەكان فێربیت؟

ئەویش وتی بەڵێ.

داناكە داوای لێ كرد نزیك بێتەوە لە دەفرە ئاوەكە، گەنجەگەش نزیك بووەوە تەماشای ئاوەكەی دەكرد لە نزیكەوە، لە ناكاودا داناكە بە هەردوو دەستی بە توندی سەری گەنجەكەی خستە نێو دەفرە ئاوەكەوە!

چەند چركەیەك تێ پەڕی گەنجەكە جوڵەی نەدەكرد، ئینجا بە هێواشی هەوڵی دەدا سەری لە ئاوەكە دەربهێنێ، كاتێك هەستی بەخنكان كرد بەتوندی بەرگری دەكرد و تا توانی خۆی رزگار بكات.

سەری لە ئاوەكە دەرهێناو تەماشای داناكەی كرد، بە توڕەییەوە پرسی ئەمە چی بوو كردت؟

ئەویش بە هێمنی و دەم بەخەندەییەوە پرسی لەم ئەزمونە چی فێربوویت؟ گەنجەكە وتی هیچ فێرنەبووم.

داناكە تەماشای كرد و وتی زۆر شت فێربوویت.

لە چەند چركەی یەكەمدا دەتویست خۆت رزگار بكەی لە ئاوەكە بەڵام پاڵنەرەكانت بەس نەبوو بۆ ئەوەی ئەو كارە ئەنجام بدەیت، دواتر ئارەزووت هەبوو بۆ رزگاركردنی خۆت.

دەستت كرد بە جوڵە و بەرگری بەڵام بە هێواشی چونكە پاڵنەرەكانت نەگەیشتبونە بەرزترین پلە بەڵام دواجار ئارەزووە گڕگرتوەكانت بووە هۆی رزگاركاردنت.

دواتر داناكە بەخەندەوە بزەوە وتی تۆ سەركەوتیت و هیچ هێزێك نەیتوانی راتبگرێت.

**كەواتە ئەگەر ئارەزوویەكی گڕگرتوت هەبێت ئەوا كەس ناتوانێت ڕاتبگرێت.**



# باشێوازی ڕەخنەگرتنمان وەك سەندەویچ بێت

ابراهيم برهان

ڕەخنە بەشێکە لە ئامۆژگاری، پێویستە لەخودی خۆمان ودەوروبەرماندا ڕەنگبداتەوە، واتە بریتییە لە دەرخستنی کەموکوڕی بەرامبەرەکەت بەبێ زیادەڕۆی کردن، بەشێوەیەك پڕۆژەو کاری بەرامبەرەکەت هەڵدەسەنگێنی، لەو کەموکوڕیانەی کە درکی پێ نەکردووە، ئاگاداری دەکەیەوە.

ڕەخنە چەند تێبینی و سەرنجێکە کە ئاراستەی بەرامبەرەکەتی دەکەیت، لەپێناو نیشاندانی هەندێك کەموکوڕیو خاڵی لاواز کە هەستی پێنەکردووە یاخود نایزانێت، لەپێناو ڕاستکردنەوەیان، بەڵام بە وریاییەکی زۆرەوە، چونکە نابێت ئەوە لە یادبکەیت، کەبەردەوامبوونت لە ڕەخنەگرتن ئەگەری دروستکردنی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر کەسایەتی بەرامبەر، وەك چۆن دەڵێن: (ڕەخنە ئاگرێکە هەم دەسوتێنێ هەم ڕووناك دەکاتەوە).

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا تۆ لەکامیانی ئەتەوێت دەوروبەری خۆت ڕووناك بکەیتەوە یان بیان سوتێنی، وەك دەڵێن ((قسە فیشەکە! ئەگەر ئاگات لێنەبێ))، بۆیە کاتێ ئەم پەیامە هەڵدەگرین ئەبێ فێری چۆنیەتیبەکارهێنانی ببین، کاتێ ئێمە ڕەخنە لەکارێکی بەرامبەرەکەمان دەگرین، یان خودی کەسایەتی بەرامبەر دەکەینە ئامانجی ڕەخنەگرتنمان،دەبێ پێوەری ئەم کارەمان بنیاتنان بێت نەوەك ڕووخاندن، واتە دادوەربین نەك ستەمکار.

خوێنەری خۆشەویست، بۆ ئەوەی ئێمە ببینە ڕەخنەگرێکی سەرکەوتوو، ئەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆمان بهێنینە دی، تا ئامانجەکەمان بپێکین.

١- زانیاریمان هەبێ لەبارەی ئەوشتەی کە ڕەخنەی لێدەگرین، هاوکات تەواو دڵنیابین کە بەرامبەر لەو شتەدا بە هەڵەچووە، ئەوکاتە ماف بەخۆمان بدەین، کەڕەخنەی لێبگرین.

٢- ئەو ڕەخنەیەی کەلە بەرامبەرەکەتی ئەگری هەتا بکرێ لەنێوان خۆتو ئەودابێ، دکتۆر عمر عبدالكافى دەڵێ (النصيحة في العلن فضيحة).

٣- سوود لەئەزمونی خۆت وەربگرە، بەو مانایە، تۆ چۆن پێت خۆشە ئاگادارت بکەنەوە لەهەڵەکانت، بەهەمان شێوە تۆش وامامەڵە بکە.

٤- دەبێ ئێمەی ڕەخنەگر خۆمان بەشێوەیەك ڕابهێنین، کە بتوانین بەنەرمونیانیو بەشێنەیی چارەسەری کەموکوڕیەکانیان بکەین، هەروەها خۆمان لەدەمارگیری وهەڵچوون بەدووربگرین.

٥- لەکاتی ڕەخنەگرتندا ،دەبێ هەوڵبدەین خۆمان لەبریندارکردنی کەسی بەرامبەرو بەکارهێنانی وشەو



دەستەواژەی ئازاربەخش بەدووربگرین.
با شێوازی ڕەخنەگرتنمان وەك سەندەویچ بێت:-
ڕێگەی سەندەویچ:
ئەوڕێگەیە فێرمان دەکات، تاوەکو بەشێوەی پراکتیکی ببین بە ڕەخنەگرێکی سەرکەوتوو، ڕەخنەی بنیادنەر بگرین.
بۆچی ڕێگەی سەندەویچ بەکاردێت لە ڕەخنەگرتندا؟
ئێمە زۆرجار لەوکاتەدا کە ڕەخنە لەبەرامبەرەکەمان دەگرین دووچاری کێشە دەبین.
سەندەویچ، پێکهاتەیەکە هەردوولای سەموونەو ناوەڕاستەکەشی زەلاتەیە، بۆ نموونە لەوکاتەدا کە یەکێك ووتارێك پێشکەش دەکات، پێی دەڵێی ووتارەکەت زۆر خۆش و بەسوودبوو، بەلاّم هەندێك تێبینیم لەووتارەکەتدا هەبوو، کاتێك تۆوشەی ((بەلاّم یان بەس)) بەکاردەهێنی، مێشکی مرۆڤ ئەوپیاهەڵدانەی تۆ هەمووی ڕەش دەکاتەوە بەلاّم ڕێگەو شێوازی سەندەویچ فێرمان دەکات کەبەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵبین،سەرەتا بەپیاهەڵدان دەست پێدەکەی، ئینجا تێبینی خۆت دەڵێی، پاشان بەپیاهەڵدان کۆتایی پێدەهێنی، چونکە مێشکی مرۆڤ سەرەتاو کۆتایی هەر شتێك بەباشی تۆماردەکات.

**بۆیە خوێنەری بەڕێز بیرت نەچێت، هەمووکەسێك خۆی خۆش دەوێ، بۆیە بەرەخنەی ڕووخێنەر مەیشکێنە، (هەموو کەسێك لەکراسی خۆیدا پیاوە)، واتە ئەو کەسەی ڕێزی خەڵك بگرێ ڕێزی خۆی گرتووە،دەبا ئەم فەرموودەی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) بکەینە دروشمی ڕەخنەگرتنمان، (والمؤمن مرآة أخيه إذا رأى فيه عيبا أصلحه) بوخاری لەکتێبی (ادب المفرد)، یاخود ووتەجوانەکەی پێشەوا (عمر) وەك مانشێتێك لەدڵ ودەروونمان ڕەگ دابکوتێ (رحم الله من اهدى الي عيوبي)، ڕەحمەتی خوا لەوکەسەی هەڵەکانم وەك دیاری پێشکەش دەکات.**

# متمانە بەخۆبوون لەکاتی گرفتدا!!:

سەرکەوت عزیز

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و سات و تێپەڕبوونی تەمەن کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگ بەردەممان دەگرن، دەبنە کۆسپ بۆ گەیشتن بەهیواو ئاواتەکانمان و ئەوەی کەدەمانەوێ ئەنجامی بدەین.

زۆرێکمان لەکاتی هاتنە پێشی ئەم گیروگرفتانە و ئەم کۆسپانە خەمە داماندەگرێت و لەشوێنی خۆمان دەوەستین و لەهەوڵ دان دوور دەکەوینەوە!

ئەگەر بەووردی بیربکەینەوە و سەرنج بدەین پاشان لەخۆمان بپرسین و بڵێن بەهاتنی هەرگرفتێك وەستانێکی لەدواوە بێت ئایا ئەم ژیانی ئێستای ئێمەو وە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەو گەورەیەی کە جیهان بەخۆوەی دەبینێ دەهاتە ئاراوە؟

ئەم پرسیارە لەهەرکەسێك بکەین بێگومان وەلاّمەکەی بەنەخێر دەداتەوە، چونکە بیرمان بۆ ئەوە دەچێ کەوا بەهەوڵ دان و بڕینی کۆسپەکان و بە متمانە بەخۆ بوونێکی تەواوە وای لەوانە کردوە کەسەرکەوتن بەدەست بهێنن و لەبەردەم ماندووبوون و گرفت و کێشە چۆکیان دانەناوە، متمانە بەخۆبوونیش کاتێك دروست دەبێ کەوا ئاشنای ئەو هێزە بین کەوا خوای پەروەردگار لەناخی هەموو کەسێکدا دایناوە و بەهەموو کەسێکی بەخشیوە.

وە هەردەم پێوستە بۆ دروست بوونی متمانەیەکی بەهێزو پتەو ڕوئیای سەرکەوتن بخەینە بەرچاومان.

Sarkawtaziz1@gmail.com

# چۆن رێکخراوێکی NGO مەدەنی دروست بکەم



ئا: عەلی ئیبراهیم حەسەن

هەروەك ئاشكرایە گەنجان و لاوانی کوردستان خاوەن توانا و بەهرەیەکی باشن، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی گونجاو لە چوارچێوەی رێکخراوێکی خێرخوازی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، هێز و وزەکانیان کۆبکرێتەوە و بەیەك ئاراستە بەرەو ئامانجە باڵاکان بە گەڕیان بخەین!؟

لەوانەیە بەرپرسانی حکومی و حزبی و کەسانی بازرگان و هەندێك لە زانایانی ئاینی ئەم پرسیارە بکەن (سوودی رێکخراوی خێرخوازی مەدەنی لە کوردستاندا چی یە)؟

لە وەڵامدا لە (٥) خاڵدا ئاماژە بە پاڵنەرەکان و سوودەکانی پەلە کردن لە دروستکردنی رێکخراوێکی خێرخوازی دەخەینە روو:

١- لەبەر خێرایی گەشەسەندنی دانیشتوان و زۆر بوونی داواکاری هاوڵاتیان حکومەت و کەرتی تایبەت ناتوانن تەواوی پێداویستی و داخوازیەکانی هاوڵاتیان دابین بکەن، بۆیە بە (تەجروبة) بە شێوەیەکی واقعی دەرکەوتووە رێکخراوە خێرخوازیەکان (رابیتەی ئیسلامی، رێکخراوی خێرخوازی بارزانی، ... تاد) یاخود بەرنامەکانی هاوکاری کەناڵەکانی ئاسمانی یان دەزگای خێرخوازی (بەخشین، بەختەوەری، ... تاد) یان (دەزگای خێرخوازی نانەکەلی، حاجی یەحیا، ... تاد ) کەلێنێکی زۆر گەورەیان پڕ کردۆتەوە و باری قورس و نەهامەتی هەزاران هاوڵاتیانیان سوك کردووە کە جێگەی دڵخۆشیە .

٢- رێکخراوی مەدەنی و خێرخوازی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گیانی هاوکاری (دەستە جەمعی) و هەرەوەزی و هاوکاری کردن لە نێوان هاوڵاتیان .

٣- دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانج .

٤- پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی گەنجان و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ پێگەیاندنی کەسانی پێشەنگ و سەرکردە و کەسی تەکنۆکرات و پرۆفیشناڵ و بەخشینی بە کۆمەڵگە .

٥- گەیشتنە بە چارەسەری گونجاو لە رێی بڕیاری زۆرینەوە، و فێربوونی هونەری دانوستان و هونەری وتاربێژی لە نێوان گەنجان کە بناغەن بۆ پێگەیاندنی کەسانی سەرکردە .

(١٠) هەنگاو بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی NGO:

هەنگاوی یەکەم: (بیرۆکە- فیکرو- بۆچونێکی نوێ)

هەنگاوی دووەم (هەوڵدان بۆ دروستکردنی پشتگیری بۆ ئەم بیرۆکەیە)

هەنگاوی سێ یەم ( دەستنیشانکردنی دیدگا (رؤية) و پەیام (رسالة) بۆ رێکخراوەکە.

هەنگاوی چوارەم (دیاریکردنی ئامانج – تحديد الهدف)

هەنگاوی پێنجەم ( دانانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ)

هەنگاوی شەشەم ( رێکەوتن لەسەر میکانیزمی کار – الية العمل)

هەنگاوی حەوتەم ( دیاریکردنی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی کارگێڕی رێکخراو)

هەنگاوی هەشتەم (کۆبونەوەی یەکەم – ئاهەنگی راگەیاندنی رێکخراو لە شوێنێکی رەسمی و بانگێشتکردنی کەسانی پەیوەندیدار بەکاری رێکخراوەیی و لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن .

هەنگاوی نۆیەم (دابینکردنی کۆمەك و بودجە بۆ رێکخراو)

هەنگاوی دەیەم ( تۆمارکردنی رێکخراو لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)



ئومێد مستەفا

# پەیڤێك لە مەڕ سەرکردایەتی وکارگێری

زۆرێك لە خەڵکی هە ن کە هە ردوو چە مکی سەرکردایە تی وکارگێری تێکەڵ بە یە کتری دە کەن وبەدووررووی یەك دراوی دادە نێن. بە ڵام لەراستیدا هەردووچەمك بە تە واوی لە یە کتری جیان. لە بە رئە وەی دەکرێ سە رکردەروڵی بەرێوبە ریش ببینێت، کەچی ناگونجێ هەموو بەڕێوەبەرێك بەکەڵکی سەرکردە بێت جا لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنا بوونمان بەم دوو چەمکە هەوڵدەدەین جیاوازی نێوانیان لەم چەند دێڕەی خوارەوە بەگوشراوی بخەنە ڕوو:

سەرکردایەتی: تەرکیز دەخاتە سەر پەیوەندیە مرۆییەکان و بایەخ بەداهاتوو دەدات. بۆیە خۆی لەپرسە لابەلاکان لادەدات و مەگەر ئەوانەی کە جێی گرینگی و بایەحی ئەون. هەروەها سەرکردایەتی گرینگی دەدات بەتێروانین و ئاراستە ستڕاتیجیەکان و مومارەسەی ئەو شێوازانەی کەخسڵەتی پێشەنگیەتی ڕاهێنانی هەیە دەکات.

کارگێری: بەپێچەوانەی سەرکردایەتی تەرکیز دەخاتە سەر دەستکەوت و کارە هەنووکەییەکان، ئەویش بە بایەخدان بە پێوەرەکان و چارەسەری ئاریشەکان و ڕاپەڕاندنی کارەکان بە شێوەیەکی (دیسپلین) و گرینگیدان بە پەیڕەوو پرۆگرام و بەکارهێنانی دەسەلات، هەروەها گرینگی دەدات بە ئەنجامە هەنووکەییەکان وەکو ئەوەی لەو پلان و نەخشەکان دارێژرابوون تا چەندی لێ جێبەجێ کراوە.

لەڕاستیدا ڕۆڵی هەردووکیان گرینگە، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی بەبێی کارگێری وامان لێدەکات کەتەنها لەجیهانی نەخشەوپلان بۆ داهاتوو لەشوێنی خۆی بخولێتەوە، لەگەڵ فەرامۆش کردنی ئەودەستکەوە دەماودەمیانەی کە پێویستمان پێی هەیە تاوەکو بگەین بەئامانجە دوارۆژیەکانمان.

کەچی کارگێری بەبێ سەرکردایەتی دەمانخاتە ژێرباری ئەوەی کە تەنها ئالودەی کێشەو گرفتە رۆژانیەکان ببین بەجۆرێك هیچ بوارێکمان بۆ نەهێلێتەوە بۆ ئوەی بیر کردنەوە تێدا بکەین و نەخشە بۆ سبەی دابڕێژین ئەمەش بۆخۆی دوورمان دەخاتەوە لە ئامانجە دوورمەوداکان پەیوەستبوونمان بە بنەماو بەها بەرزەکان، جا لەبەرەنجامی زێدەرۆیی کردنمان بەدەستکەوت ڕێنمایی و کارنامەکان. ئەمەش وادەکات ئەوە لەبیرکەین کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤێك دەکەین کە لەکۆمەلێك هەست و ماف و پێداویستی تابەتەوە بەخۆی پێك هاتووە و کەمترین بێ ئاگایی لەبەرامبەریاندا گەورەترین زیان بەبەرژەوەندیەکانی دەگەیێنێت، ئەمەش سەرچاوە گرتووی ئەو بایەخەیە کەئەمرۆ لەزانستی پەرە پێدانی مرۆیی (بایەخدان بەمرۆڤ) پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە.

بڕگەی دانایی!

ئەڵقەی دووەم
کامران عبدالرحمن



# زانیاری لەگۆشەی داناییەوە

خوێندنەوەو موتالەعە زانیاری لەگرنگترین خۆراکەکانی ڕۆحن، بێ بەش بوو لەوخۆراکانەی ڕۆح زۆر ترسناکە و ناتوانێت لێی ڕزگاربێت.

لەم نێوانەدا بێگانەکان هەڵدەستن بەووردبینی کردنی هەمووشتێك لەووڵاتەکەماندا لەدەشت و شاخەکانی یەوە دەست پێدەکەن و سوود لەگەنجینەکانی وەکو هونەر و ڕۆشنبیری و زانستیمان وەردەگرن، بەڵام ئێمە خۆمان هەڵناسین بەهیچ لێکۆڵینەوەو گەڕانێك لە سەرچاوەی کەلەپووری زانستی و ڕۆشنبیری خۆماندا، ناخوێنینەوە کەدەشتوانین بخوێنینەوە لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان بۆحاڵی خۆمان تێر بەکوڵ بگرین.

لەڕاستیدا قورسە تێگەیشتن لەگوێ پێ نەدان کەوەك میللەتێك دەستمان پێکردووە لەبەرامبەر ئەو کەلەپوورە ئەدەبیەو زانستیەی باو و باپیرانی گەورەمان بۆیان بەجێ هێشتووین، ئەو کەلەپوورەی هەموو دونیا تامەزرۆن و سەرقاڵن بەلێکۆڵینەوەو ووردەکاری کردن لەسەری بەرزی نرخ و بەها لەنێوان خەڵکیدا بەهۆی زانست و عیرفانەوەیە، کەسێکی خراپ و بێ قیمەت دەتوانێت دەوڵەمەندبێت، بەڵام ناتوانێت ببێتە خاوەنی بەرزی و شەرەف و بالایی. هەرچەندە خوێندنەوەو موتالەعە و زانیاری مرۆڤ زۆربێت، ئەم کارە نابێتە هۆی پاڵنەر و هۆی وەستان لەموتالەعە و خوێندنەوەو فێربوون، زانایانی ڕاستەقینە دەریان خستووە لەنێوان خەڵکدا و ژمارەیان کردووە زانیارییەکانیان کەمە و لەئاستی پێویستدا نیە لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەگەڕاندان.

لەکاتێکدا حەق دەست دەکات بە قسەکردن نەزانین توڕەدەبێت و،

دەمارگیری نارەحەت دەبێت بەڵام زانست دەبێتە گوێگر بۆی ڕاست نیە کەهەرکەسێك بێ بەش بێت لەزانیاری بەنەزانی بزانێت، نەزانی ڕاستەقینە ئەوکەسەیە کەبێ بەشە و کەهەست بەکاری ڕاست و دروست ناکات، وێنەی ئەم کەسە نەزانە بائەوەندە زانیاریشی هەبێت کەڵەکەی کردبێت لەسەریەك.

ژیان بینینی زانیاری نیە یان خواردن و خواردنەوە نیە، بەڵکو هەستکردنە، ئەوکەسەی کەشت دەزانێت سوودبەخش دەبێت و، ئەوکەسەی کەشت نازانێت زیان بەخش دەبێت، لەبەرئەوە ئەوکەسەی کەشت دەزانێت ئەگەرخەڵەتێنرا لەچەند جارێکی کەمدایە ئەگەرنا هەرگیز ناخەڵەتێنرێت بەڵام ئەوکەسەی کەزانیاری کەم دەزانێت زۆر دەخەڵەتێنرێت.

پێویستە هەمووکەسێك کارو پیشەی خۆی بەچاکی بزانێت و پێویستە لەچوارچێوەی کار و تایبەتمەندی کارەکەی خۆیدا بەپێی توانابمێنێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە لەوانەیە هەموو کەسێك سەرکەوتوونەبێت لەدەرەوەی کارەتایبەتیەکەی خۆیدا. پێویستە دکتۆر بەدکتۆری خۆی بمێنێتەوە و ئەندازیار بەئەندازیاری بمێنی

(شەرەف لەزمانی داناییدا)

شەرەف و پاکی بەرهەمێکی پیرۆزن لەوەفا و پاکی دڵسۆزیدان. مرۆڤ کاتێك ئەو تێکەڵاوە بەکاردەهێنێت خاڵێکی پەیوەستە لەبیناکردندا، هەرگیز ئەوبینایە کەبەوشێوەیە دەکرێت هیچ هێزێك نایخات مەگەر زۆر بەکەمی.

پاکیەتی بەهادارترین لایەنە لەلای کەسی ئازاو، گرنگترین سیفەتەلەلای ئەوکەسە، بەڵام گەورەترین کەم و کوڕی و نزمترین خراپی لەلای ئەوکەسە ئازایانە ئەوەیە کە گوێ نەدات بەپاکیەتی.

گرانبەهاترین نرخ بۆئافرەت ئەوەیە کەخاوەنەی پاك داوێنی و شەرەف بێت و هیچ پەڵەیەکی نابەجێی دروست نەبێت لەسەری، ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوانەی کەگوێ نادەن بەپاراستنی شەرەفی خێزان و شەرەفی پاك داوێنی خێزانەکانیان ناتوانن سوربن لەسەر پاراستنی میللەتەکەشیان.

پاك داوێنی و (نەجیبی) خانەدانی دووشتی جیاوازن لەگەڵ یەکدا، هەندێ جار سەروەت وسامان بنەمایە بۆنەجیبی، بەڵام شەرەف بەم شێوەیەنیە، چونکە هەژاری هەرگیز شەرەف عەیبدارناکات. شەرەف پیرۆزە تا ئەوپلەی هەندێ لەمیللەتان هەڵدەستن بە سوێند بێ خواردنی و لەگرانترین و بەهادارترین گەوهەری فەزیلەتە، ئەوەی شەرەف ناناسێت ناتوانێت بانگەشەی نەجیبی و فەزیلەت بکات.

شەرەف گەوهەرێکە هاوتای نیە، لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤ پارێزگاری لێ بکات بە باشترین پارێزگاری، کاتێك بەوشێوەیە پاراستت بەهاونرخەکەی چەند قات بەرزدەبێتەوە ئەوەی پارێزگاری ئەکات لەشەرەف و داوێنی کەسانی دیکە وەك چۆن پارێزگاری لەشەرەف و کەرامەتی خۆی دەکات ئەگەرنا مرۆڤ ناتوانێت متمانەی پێ بکات بۆهەموو شتێك و ناتوانێت باوەڕی پێ بکات.

وەك چۆن شەمشەمەکوێرەکان لەڕووناکی و تیشك هەڵدێن وڕادەکەن، بێ ئایینەکان لەئایین و نەزانەکان لەزانست و بێ ڕەوشتەکان لەبنەماکانی ڕەوشت هەڵدێن و ڕادەکەن.

ئەوانەی شەرەف ناناسن و نازانن چی یە ئارەزووی بوونی شەرەفیان نی یە.

(درۆکردن لەدیدگای داناییەوە)

درۆقسەیەکی تاریکی هێنەرە، مرۆڤ دەبات هەرچەندە ئاشکرادەبێت لەبەردەم ڕای گشتی دا درەنگ بێت یان زوو بەرەو لەدەست دانی متمانەی خۆی لەدونیادا و بەرەودۆزەخ لەقیامەتدا .

درۆهاوڕێی دیوە خەڵەتێنەرە شاراوەکەی ناوناخی مرۆڤە و حەقیقەت هاوڕێی ڕاستی بەهەند وەرگرتنەوە ودرۆ درۆین تیشکی یە و، حەقیقەت بەهەیبەت و سەنگینە.

ئەو وڵاتانەی کەفێڵ و دزی و درۆ و بۆختان پێشەوایەتیان دەکات خەرابات و وێرانە بڵاودەبێتەوە تیایاندا سەرنشینەکانی ئەو وڵاتە هەژار و نەدارن و سەربازەکانی حەزیان لەهەڵگەڕانەوەی سەربازیە .

هەرچەندە درۆ دەیەوێت خۆی حەشاربدات لەژێر پەردەی جۆرا و جۆردا، ناتوانێت خۆی خۆی بشارێتەوە لەڕوانینەکانی ویژدانی گشتی، نەخوازەڵا لەڕوانینی ئەوانەی بەچاوەڕوانن و بەهۆی نوری خواوە ناخی مرۆڤ دەبینن .

کاتێك کە درۆ دەبێتە خاوەن ڕەواج و دەنگی درۆ دەبێتەلەگۆڕەپان و مەیدانەکاندا مانای ئەوەیە زمانی حەقیقەت بڕدراوە.

ویژدانی گشتی لەدەریا دەچێت و، ئەوە دەریایە دەتوانێت درۆکان کۆبکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆکەناری دەریا، هەرچەندە ئەودرۆیە سەرکەوتووبێت لەگەیشتنی بەقوڵایی ئەودەریایە .

لەوێدا هەرکەس تف دەکات لەڕووخساری درۆ وئینکاری و عوزر و ڕیا و سوکایەتیان پێ دەکات ... ئەزانێت ئەوە ویژدانە ئەوەیان پێدەکات .

درۆرووکارە خەڵەتێنەرەکان بەردەوام هاواردەکەن، بەڵام حەقیقەت و ڕاستی بێ دەنگ و ئارام دەدرەوشێنەوە و بریسکە دەدەنەوە و دەگەنە ئامانجەکانیان پێش ئەوەی گرمەی بێت بەبەردەوامی.




بەهەشت عەلی

# کلیلەکانی بەختەوەربوونی خێزان

سەرەتای هەموو ژیانێکی هاوسەری لێزانینێکی ناسکانەی دەوێت تاکو بەسەر هەموو کێوە سەخت و دژوارەکانی نامۆبوون و رق و هەر دەرەنجامێکی شەڕ ئامێزدا زاڵ ببینین و مەلۆیەکی خۆشەویستی بخەینە سەر خەرمانی ئەوینی هاوسەریتی و کۆشکێك لەسۆز وعاتیفە و عیشق و ئەوین و نیگای سۆزدارانە دروست بکەین، هیچ دەرگایەکی ئەوینیش ناکرێتەوە بە کلیلی تایبەتی نیگای ئەرخەوانی خۆی نەبێت.

جا پێویستە هەر یەکە لە ژن و پیاو کلیلەکانی دڵی یەکتر بزانن و وەك مەلۆتکە لە ئامێزدا بیلاوێنن تاکو هەموو دەرگاکانی سکونەت و ئارامی لە لوتکەی هیوا بە دەست بهێنن، ئاشکرایە بەشێکی زۆری بەختەوەر بوون و سەرکەوتنی خێزان و ژیانی هاوسەرێتی بەندە بەسەر لەسەر بەدیهێنانی دڵی پیاو بەم کلیلانەی خوارەوە:

١- کردەوەی جوان: بێ گومان لە کردەوەی جوان چەندین شتگەلی نایاب دەگرێتەوە کە پێویستە ئافرەت بیانکاتە کاڵای باڵای خۆی و هەمیشە خۆی پێ برازێنێتەوە تاکو ببێتە جێگای شانازی و شاژنێکی جوان رەفتار لای هاوسەری و بە ئاسانی دەرگای بەختەوەربوون بکاتەوە، ئەو کردارانەش کەوا دەکەن ئافرەت پایەتەختی دڵی پیاوی پێ داگیر بکات ئەمانەن (کەم وتن، درۆنەکردن، دەم درێژی و بەگژی پیاودا چوون و جواب نەدانەوەی، خیانەت نەکردن، ..)

٢- رازی بوون بەو بەشەی کە خوا داویەتی بە پیاوەکە لە ماڵ و جوانی و کەس و کار و بنەماڵە و عەشیرەت و پلەوپایەیی کۆمەڵایەتی و شەهادە، چونکە هەرگیز ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی ژیان نین و بەڵکو ئاین گەورەترین و جوانترین سەرمایەیی ژیانە، جا پێویست ناکات بەهۆی کەمی یان نەبوونی یەکێ لە دەسکەوتە دنیاییەکانەوە کۆشکی رازاوەی هاوسەرێتی درزی تێ بکەوێت، چونکە خوای گەورە دەتوانێ لە چاوتروکانێکدا جوانترین کەس و دەوڵەمەندترین و بەرزترین شەهادە لەناوبەرێت، تەنها ئەوەی دەمێنێتەوە ئایینە کە ئەویش شارێگای بەدەست هێنانی قیامەتە، سەروەری مەزنیشمان ئامۆژگاریمان دەکات و فێرمان دەکات

و ئەفەرمویت (هەرگیز لەسەر بنەمای جوانی و شەهادە و ناوبانگ و بنەماڵە زەواج مەکەن بەڵکو با ئیسلام بنەمای سەرەرکی زەواج کردنتان بێت) بە راستی ئەم فەرمایشە پیرۆزە دەرس و پەندێکی زۆر بەسودی تێدایە بۆ گەنجان و راچەنینێکە بۆ دڵی ئافرەتان کە رازیبونیان بە ئاستی مێردەکەیان و پشت گوێخستنی هەموو شتە دنیاییەك دەبێتە جێگای رەزامەندی خوا و بەدەستهێنانی قیامەت و بەختەوەر بوونی ژیانی هاوسەریتی.

٣- وەفا: لێرەدا کانزای بەنرخی ئافرەت بەدەر دەکەوێ لە بوونی وەفا و دڵسۆزی بۆ مێردەکەی، بە دەمەوە چوونی لە کاتی کێشە و نەخۆشی و موشکیلەدا و هاوکار و یارمەتیدەر فریاد رەسی بێت، پشت و پەناو و خەمرەوێنی بێت، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین چاکە بە چاکە وەڵام ئەدرێتەوە یارمەتی دانی پیاو بۆ خێزانی لە کاتی هەر بەڵاو خەم و ناخۆشی و موشکیلە و نەخۆشیەکاندا هۆکارە بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدانی پیاو، خوای گەورە دەفەرمویت (هل جزاء الاحسن الا الاحسان ) الرحمن ٦٠

واتە ( ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نیە ).

٤- گوێڕایەڵی بۆ مێردەکەی (جگە لە بێ فەرمانی بۆ خوای گەورە نەبێت): سەرەکیترین کلیلەکانی بەختەوەر بوونی خێزان گوێڕایەڵی ئافرەتە بۆ مێردەکەی، چونکە رەزامەندی خوای گەورە بەدەست ئەهێنێت، گومانیشی تیا نیە خوای گەورە لە هەر کەسێ رازی بێت رزق و رۆزی و خۆشی و بەختەوەری ئەرژێنێت بەسەر خۆی و ماڵ و لە قیامەتیشدا سەربەرز و سەرفرازی ئەکات، پێغەمبەری خوا (ص) ئەفەرموێ (ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزە نوێژەکان بکات و مانگی رەمەزان بە رۆژوو بێت و داوێنی خۆی بپارێزێت و گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات لە قیامەتدا پێی دەوترێت لەهەر دەرگایەکی بەهەشتەوە ئارەزوو دەکەی بچۆ ژوورەوە) .

٥- نەرم و نیانی و خۆڕازاندنەوە گرنگی بەخۆدان (تەنها بۆ مێرد)

نەرم و نیانی و خۆڕازاندنەوەو خۆ ئارایشتکردن و گرنگی بەخۆدانی ئافرەت (تەنها بۆ مێردی خۆی) یەکێکە لە کلیلە سەرەکیەکانی کردنەوەی دەرگا مەزنەکانی بەختەوەری بوون بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە فیتنە زۆر بووە و هۆکارەکانی راکێشانی دڵی پیاوان لەلایەن ئافرەتی نامەحرەمەوە بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئافرەتان بەو شێوەیەی کە مێردەکانیان پێی رازیە و پێی خۆشەو پێی جوانە خۆیان جوان بکەن و خۆبرازێننەوە تاکو بەختەوەری ماڵ بپارێزن و نەهێڵن نەفەسی پیسی دەرەوە هەناسە بۆن خۆشەکانی ماڵەکەی بتۆرێنن.

٦- رێزگرتنی کەس و کاری پیاوەکە: بیروبۆچونی پیاوان لەم لایەنەدا هانگاوێکی یەك ئاراستەی وەرگرتووە و پێیان وایە کە رێزگرتنی کەس و کاری پیاو لە دوای رێزگرتن و خۆش ویستی پیاو پلەی یەکەمە، ئەم رێزگرتن و بەدەمەوە چونەش دەبێتە ناسنامەی ئافرەت و لە هەموو شوێنێکدا پێی دەناسرێتەوە هەر بۆیە پیاوانیش هەمیشە ئەو ئافرەتانەیان لا خۆشەویست و مەزنە کە پلەیەکی باڵا و ناسنامەیەکی سەرتاپا رێز و خەمخۆری و رێزگرتنی هەبێت لە کەس و کاری، ئاشکرایە خۆشەویستی پیاو بۆ خێزانی هاوکێشەی هاوسەنگە لەگەڵ بەختەوەر بوونی ژیانی هاوسەریتی .

٧- گرنگی دان بە پاك و خاوێنی ماڵ:

ماڵ ئەو کۆشك و بێشە ئارامەیە کە رۆح و دڵ پێکەوە ئارام دەگرن تیایدا، جا ئەگەر ماڵ خاوێن بێت ئەوا ئەبێتە سەرچاوەی ئاسودەییەکی ئێجگار گەورە بۆ پیاوان و باخچەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و موحیبەت سەوز دەبێت و ماڵ پڕ دەکات لە بۆنی خۆشی بەختەوەری بەڵام بە پێچەوانەوەئەگەر ماڵێك کەمتەرخەمی تیا بکرێت و گرنگی پێ نەدرێت هەر زوو کلیلی خۆش بەختی ئەو خێزانە ون دەبێت و ئیسراحەت و حەوانەوە و ئاسودەیی لەو خێزان و ماڵەدا نامێنێ، کە تیایدا ئافرەتیش ئەتوانێ بینای ئەو خێزانە بنێتەوە بە پاك راگرتنی ماڵەکەی .

٨- گرنگی دان بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی:

بەردەوام بوونی ژیانێکی سەرتاسەری و هەتایی پڕ بەختەوەری بوون پێویستی بە پەروەردە کردنی جوانی منداڵە، کە گەشبین و ئاسودەیی و خۆشەویستی پێ بناسرێت و نەمانی بەختەوەری لە دڵیدا بچێنرێت، تاکو بەختەوەری خێزانی بپارێزرێت و رێزی دایك و باوکی بگرێت، بەڵام کاتێ منداڵ هەتیو دەکەوێت (مەبەستمان لە وشەی هەتیو لێرەدا ئەو کەسە نیە کە دایك و باوکی نیە) بەڵکو دایك و باوکی هەیە بەڵام دەبینیی دایکی پشتگوێی خستووە و گرنگی بەپەروەردەکردنی نادات، باوکیشی بە پەیداکردنی بژێوییەوە سەرقاڵە، بەمەش منداڵی لاڕێ و چەتون دروست دەبن و جگە لە خەم و مەینەتی بۆ دایك و باوك هیچی تری لێ سەوز نابێت، ژن و پیاویش هەموو تەمەنیان لە شەڕی منداڵەکانیاندا بەسەر ئەبەن و هەر یەکەیان لەسەر ملی خۆی لادەبان و ئەیخاتە ئەستۆی ئەوی تر بەمەش بەختەوەری لەو خێزانەدا ون دەبێت و نامێنێ.



# لە وتەکانی دکتۆر
# ئیبراهیم فەقێ

و: احسان برهان الدین

- ئەگەر تۆ لەگەڵ خوا بیت کەواتە تۆ لەگەڵ زۆرینەی رەهای.
- کچان وەکو سێون، کەسیش سێوی خراپی ناوێت.
- لە خۆت ببورە و لە خەڵکیش ببورە.
- هەمیشە وشەی (بە یارمەتیت، سوپاس) بەکاربهێنە .
- هەمیشە بەخشندە بە .
- خەڵکی بەناوی خۆیانەوە بانگ بکە.
- رۆژانە ببە هۆکاری خەندە بۆ کەسێك.
- روو خۆش و لێو بەخەندە بە، پاکی و پاراوی بۆ ئەو خوایەیی کە رووخۆشی لە ئیسلامدا کردووە بە عیبادەت.
- خەونی گەورە ببینە، لەگەڵ ئامانجدا بژی لەگەڵ ئیمان و هێزدا بژی.
- رێگە مەدە هیچ بێزار و بێ هیوات بکات، مەهێڵە هیچ بتترسێنێت، چونکە هەموو شت جگە لە خوای گەورە براوەیە و نامێنێت.
- مەزنی راستەقینە ئەوەیە خۆشەویستی بکەیت بە رێبازی ژیانت.
- هەوڵ بدە رۆژانە دوو جار ئەقڵی خۆت لە خەم و خەفەت خاڵی بکەی بۆ کەسێك جێگای متمانە بێت و ئەم هزریدا وەك ئەندێشە بۆی باس بکە.
- بەهێزترین پاڵپشت بۆ متمانە بە خۆبوون ئەوەیە هەست بکەیت لە هەموو چرکە و ساتێکدا خوات لەگەڵە.
- باشترە کێبڕکێ لەگەڵ خۆت بکەی تاوەکو ئەوەی لەگەڵ کەسانی تر بیکەی.
- بۆ ئەوەی هەست بە ئاسودەیی و هێمنی بکەیت پێویستە هەنگاوەکانت خاو بکەیتەوە.
- رۆژانە چەند خولەکێك بەسەر بەرە لە بیرکردنەوە لە جوانترین ئەو دیمەنە سروشتیانەی کە بینیوتن.
- لەوانەیە مرۆڤ ئاسودە بێ لە رووی لاشەوە بەڵام هەنگاوی بە پەلە دەنێت ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر هەیە.
- سەر لەبەیانی کە لە خەو ئاگات دەبێتەوە خۆتی بریار دەدەیت کە خۆشحاڵ بیت یان غەمبار.
- بۆ ئەوەی هێزێکی بەردەوام بەدەست بێنی، پێویستە هەڵەکانت چاك کەیتەوە، ئەگەر ئەوە نەکەی ئەو هێزە دەست ناکەوێت.
- ستراتیژیەتی بریاردان بریتیە لە دیاریکردنی چارەسەری یەدەك و ئەگەرەکان و هەڵبژاردن و پێشبینی .
- ئەقڵت لەسەر هەندێ ئەگەری نامەقوڵا بکەرەوە، هێزی داهێنەرانەی ئەقڵیشت لەوپەڕیدا بکەرەوە.
- خۆت لە رابردوو رزگار بکە، بە هەموو ناخۆشیەکانیەوە، دەروازەی هەندێك پەیوەندی عاتیفی نوێ بکەرەوە.
- خۆت دەستپێشخەر بە لەوەی نەخشەت بۆ کێشاوە و پلانت بۆ دارشتوە.
- با ئامانجت هەڵقوڵاوی بەهاو و بنەماکانت بێت و لێ جیانەبێتەوە.
- ئاکارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بچەسپێنە لە ناختدا.
- ئەمرۆ جیهان بەدوو باڵ دەبزوێ، خێرایی و داهێنان مرۆڤیش پێویستە ئەو راستیە بزانێت بۆ ئەوەی شەمەندەفەری کات بەجێیی نەهێڵێت.



# ژیان بەم شێوەیە فێری کردم

ئامادەکردنی: ئەمیر کۆیی

فێری کردم کە لە زانکۆ فێری وانەکان دەبین ئینجا تاقی کردنەوەکان ئەنجام دەدەین.....بەڵام لە ژیاندا ئێمە ڕوو بە ڕووی تاقی کردنەوەکان دەبینەوە دوای ئەوە وانەکان فێردەبین.

فێری کردم کە گفتوگۆیەکی سادە یان دەمەقاڵەیەکی کورت لەگەڵ مرۆڤێکی دانا وەکو خوێندنی مانگێکە.

فێری کردم گرنگ نی یە تۆ ئێستا لە کوێ ی ..... بەڵام ئەوە گرنگە بەرەو کوێ دەچی لەم ساتە دا.

فێری کردم کەوا باشترە بۆ ئادەمیزاد لەسەر ڕێگای ڕاست وەکو کیسەڵ بێت.... بەمەرجێك وەکو ئاسك بێ لەسەر ڕێگای هەڵە.

فێری کردم کە کلیلی شکست هێنان بریتی یە لە هەوڵدان بۆ ڕازی کردنی هەرکەسێك دەیناسی.

فێری کردم واباشترە بۆ مرۆڤ لەسەرکردەوەکانی پەشیمانی دەرببڕی..... لەوەی خەم و پەژارە دای بگرێ لەسەر ئەوکارەی ئەنجامی نەداوە.

فێری کردم کاری باش زۆر چاکترە لە قسەی باش.

فێری کردم کە خەڵکی ئەو خێراییە یە لەبیر دەکەن کەکارەکەت پێ ئەنجام داوە.... و جۆری کارەکەت لە بیر ناکەن.

فێری کردم زۆر ئەوانەی ئامۆژگاری دەکرێن... تەنها کەمێك سوود وەردەگرن لێ ی .

فێری کردم ئەوەی بەباشی سەر شاخ دەکەوێ جەخت لەسەر ئامانجەکەی دەکاتەوە و تەماشای خوارەوە ناکات کە پڕە لە مەترسی یەکان بیرو هۆش پەرتەوازە دەکەن.

فێری کردم خەڵکانێك هەن بە ئاڕاستەی کەشتی مەلەدەکەن.... و خەڵکی تریش هەن بە چاوەڕوانی کردنی کەشتی یەکە کاتیان لەدەست دەدەن.

فێری کردم پیاو کۆتایی نایەت کاتێك دەدۆڕێت.... بەڵکو کاتێك پاشەکشێ دەکات.

فێری کردم ئەو کەسەی لە کۆتاییدا قازانج دەکات.... ئەو کەسەیە توانای ئارامی و خۆگری هەیە.

فێری کردم چاکترین چەکەکانی دەستی ئادەمیزاد.... بریتییە لە کات و ئارام گرتن.

فێری کردم پێویستە لەسەر مرۆڤ خەون بە ئەستێرەکانەوە ببینێ.... بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە لە بیری نەچێت کە پێ یەکانی لەسەر زەوییە.

فێری کردم کاتێك پێ دەکەنیت.... جیهان بۆت پێ دەکەنێت،و کاتێك دەگری....بەتەنیا دەگری.

فێری کردم کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان گەڕانەوە و .....هەڵاتن.

فێری کردم کە داری بەردار....ئەوەیە خەڵکی هێرشی دەکەنە سەر.

فێری کردم جوانترین هەست ئەو هەستەی ناختە کە کارێکی دروستت ئەنجام داوە تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش دژایەتیت بکەن.

فێری کردم ئەگەر مرۆڤ شتێك نە دۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە پێناویدا بمرێت....ئەوا لە زۆربەی کات شتێك نا دۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە پێناویدا بژیت.

فێری کردم هەموو ئەو شتانەی بە مەزنیان دەزانین لە ژیاندا بە بیرۆکەیەك دەستی پێ کردووە و لە سەرەتادا بچووك بووە.

فێری کردم کە زەردەخەنە هیچی تێناچێت....و بەڵام مانای زۆر دە بەخشێت.

چیرۆك

# لە کۆتاییدا کچەکەم تێگەیشت!



و. ئیمان ناصح

دەستی برد ئاوێنەیەکی لەناو جانتاکەیدا دەرهێناو سەیرێکی ڕوخساری کردو لەبەردەم خۆیەوە دەیوت: ئێ، ئێ زۆر باشم.

تەواو لەجوانییەکەی خۆی دڵنیابوو، دەیزانی لەبەر ئەو جوانییەی کەهەیەتی کوڕانی چواردەوری چۆن وەك پەروانە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، ئەو کچێکی گەنجی خۆش ژیان بەسەربەر بوو، لەو کاتەدا کە بیری دەکردەوە ئاخۆ ئەمشەو لەگەڵ هاوڕێکانی دا بۆ کات بەسەربردن ڕووبکەنە کوێ، زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا بینی ئەوەی وا پەیوەندی پێوە دەکات دایکییەتی.

ئەلووو...کچم، چۆنی؟

باشم دایە. چی بووە؟

شتێکی لەناکاوم بۆت هەیە

شتێکی لەناکاو؟

بەڵێ، یەکێك لە هاوڕێ زۆر کۆنەکانم هاتووە بۆ شارەکەمان

ئێ ئێ ئەمە کێ یە؟

پێت ناڵێم کێیە ئەوە دەبێتە سوپرایزبێت، بەڵام ناونیشانی ماڵمان نازانێت و دەیەوێت کە تۆ بچیت بە شوێنیدا.

من؟

بەڵێ، پارکی نزیك شوێن کارەکەی تۆ ئەزانێت، منیش پێم وت کە بچێتە ئەوێ تا تۆ دەچیت بە شوێنیدا. دەمەوێت تۆش بچیت و بیهێنیتەوە

دایە...من حەزم لەم جۆرە شتانە نییە، خۆت برۆ.

کچەکەم من خۆم کارێکی ١-٢ کاتژمێریم هەیە، ئەو یەکێکە لەو هاوڕێیانەم کە لە منداڵی تۆوە دەیناسم، گەر تۆ ببینێت بێگومان زۆر خۆشحاڵ ئەبێت

هاوااار، باشە دەی باش ئەی چۆن بیناسم؟

ناونیشانی ئەو جل و بەرگەم پێدا کە بەیانی لەبەرت کردن، ئەو خۆی کە هات ئەتدۆزێتەوە، لەلای دەرگای سینەماکەوە برۆ ناو پارکەکە لەیەکەم مێزدا چاوەڕێی بکە

باشە دایە، باشە

کچەکەم خۆ هەموو ڕۆژێك داوای شتت لێ ناکەم، ئەوە زانکۆت تەواو کردو چوویتە سەر ئیش و کاری خۆت تەنانەت تا ئێستا نەم ناردویت بۆ کڕینی نانێکیش

خێرا دەست پێ مەکە، خۆ وتم باشە

ئەوە چۆن باشە وتنێکە، دەی کەوایە مۆڵەت وەربگرەو برۆ با درەنگ نەکەویت و چاوەڕێت بکا، منیش کە ئیشەکانم تەواو بوو خێرا دێمە لاتان

کچە گەنجەکە مۆڵەتی وەرگرت و ڕۆشت، بەدەم پیاسەیەکی کورتەوە گەشتە ناو پارکەکە، هەستی کرد کە پێشتر هیچ نەهاتووە بۆ ئەم پارکە

چونکە ئەو هەمیشە لەگەڵ هاورێکانی دا بۆ شوێنی گران بەهاو ڕێستۆرانت و کۆشك و تەلارەکانی شار دەڕۆن

ئـەو شوێنەی کـە دایـکی پێی وت و لـەسـەر لایـەکی چۆڵی یـەکەم مێز دانیشت، لەولاشەوە ئافرەتێکی هەژارو کچێکی بـچووك دانـیـشـتـبـوون کـەوا دەردەکـــەوت خـەڵکی لادێ بـن،بـەڵام ئـەو هەستی بەشەرم دەکرد کەلەلای ئەوانەوە دانیشتووە

بیری دەکـردەوەو دەیـوت: ئای ئەم هاورێیەی دایکم بهاتایەو لەلای ئەمانە ڕزگارم بووایە.

ئافرەتە هـەژارەکـە ئاوڕێکی بەلای کچەکە گەنجەکەدا دایەوەو وتی: ببورە کچەکەم دەتوانم پرسیارێك بکەم؟

کچە گەنجەکە بەبیستنی وشـەی ‹کچم› تەواو بێزار بوو، وتی: چی یە، داوای ناونیشان ئەکەی؟

لـەبـەرامـبـەر ئـەم وەڵامـدانـەوە ڕەقەدائافرەتەکە بە ئاراميیەکەوە وتی: نا کچەکەم، دەمویست شتێکی تر بپرسم

کچە گەنجەکە: جا کەسانی وەك ئێوە نەفام یان ناونیشان و شتی وا ئەپرسن، یان داوای پارە ئەکەن

لە کاتێکدا کە هێشتا دەم و چاوی پڕ تووڕەیی لەسەر ڕوخساری ئافرەتە هـەژارەکـە هـەڵـنـەگـرتـبوو، بینی وا ئافرەتێکی تەمەن مام ناوەندی جل و بـەرگ کـەشـخـە لـە دوورە نزیك دەبێتەوە،هەر بۆیە خێرا لە جێگەکەی هەستاو ویستی بەرەولای بچێت، بەڵام ئافرەتەکە بەلایدا ڕۆشت و تێپەڕی، هەروەك سەهۆڵ لەجێی خۆی سڕ بوو دانیشتەوە.

منداڵە بچووکەکە کە چاوی بڕی بـووە نێو چاوانی ئافرەتە هەژارەکە بینی وا خەریکە دڵۆپە فرمێسکەکان لەچاوی دێنە خوارێ،ئافرەتەکەش بۆ ئـەوەی گریانەکەی بشارێتەوە ڕووی بەلای کچە گەنجەکەدا وەرگێڕا.

کچی گـەنـج کاتێك سوتاوییەکی گـەورەی لەسەر ڕوخساری ئافرەتەکە بینی دەستی بە پێکەنین کردو وتی: سەیرکە بە ئاسانیش ئەتوانی فرمێسك بڕێژی، لەکاتێکدا ڕوخسارت شوێنەواری سوتاوییەکی ناشرینی پێوەیە. لێرە دا چاوەڕێی چیت بـڕۆ لە سوچێکدا دەسڕەکەت دابخەو بگری.....بەڵام هەست مەکە کە بەگریان شتێکت لەمنەوە دەست ئەکەوێ باشە؟

ئافرەتەکە چیتر بەرگەی نەگرت و وتی: هـەروا دانیشتویت و پێم دەڵێی نـەفام، نەفامی چیت لێ بینووم، بۆ مەگەر من و کوڕەزاکەم سوکایەتیمان بە ئافرەتێکی نەناسراو کردووە

کچە گەنجە کە گاڵتە پێکردنێکەوە وتی: ئۆوووو...قسەی زلیش ئەزانێ

ئافرەتە هـەژارەکـە بـەردەوام بوو لە قسەکانی وتی: کچەکەم ئەکرێ تۆ کەسێکی تێگەیشتوو بیت و زانکۆت تەواو کردبێت و زۆرشـتـی تریش بزانیت، بەڵام لە وانەی مرۆڤایەتیدا کەوتوییت، من ئـەم ویست سـەبـارەت بەخوێندن بۆ کوڕەزاکەم بپرسم بەڵام کە ئاوا تۆ ئەبینم ئەوە پەشیمان بوومەوە، ئەمەی وت و دەستی کچە بچوکەکەی گرت و لەسەر مێزەکە هەستا هێشتا ئافرەتەکە دوورنـەکـەوتـبـووەوە کچە گەنجەکە ویستی وەڵامی بداتەوە بەڵام لەو کاتەدا خانمێکی دەوڵەمەندی جل و بەرگ ڕێك و پێکی بینی کە هاتە شوێنی ئافرەتەکە و دانیشت بۆیە وازی هێناو وەڵامی نەدایەوە

کچە بچووکەکە تـاو نـاتـاوێ هەر دەیویست ئـاوڕ بـداتـەوە بـەڵام نەنکی ڕێگری لێ دەکرد تا ئەوەی بەتەواوی لەو ناوە دوورکەوتنەوەو ڕۆشتن

هێشتا کچە گەنجەکە چاوەڕێی هاتنی هاورێکەی دایکی بوو، تا ئەوەی دایکی هات و وتی: سڵاو کچەکەم، پورە زەینەبت نەهات؟

نا هیچ کەس نەهاتووە دایە، تەنها ئافرەتێك نەبێ هات دانیشت ئەویش تۆزێك پشووی داو ڕۆشت

ئای خودایە، بـەڵام زۆر باش تۆم بۆ باس کرد، چۆن نەیدۆزیویتەتەوە نازانم، وتی کە کچێکی بچووکیشم پێ ئەبێت

کچەکە بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی مایەوە پاشان وتی: چی، کچێکی بچووك؟

بەڵێ

دایـە، ئێمە کـەسانی ڕۆشنبیرو دەوڵەمەندین، هەرچۆن بێت هاورێکەشت کەسێکی دەوڵەمەندو ڕۆشنبیرە، وانییە؟

نا ڕۆشنبیر نییە، بەڵام دەوڵەمەندیش نییە

نا نەڵێی ئەو ژنەی کە دێت ئەبێ ئافرەتێکی لادێی بێت

چۆن وا بەئافرەتێك دەڵێی کە لە شوێنێکی دیکەوە بێت

ئای...باشە باشە، کەوایە من ئەنێری تا ڕووبەڕووی ژنی لادێی ببمەوە

کـچـەکـەم، ئـێـمـە قـــەرزاری ئـەو ئافرەتەین، وەختی خۆی شتێك نەبوو تا بتوانین قەرزەکەی پێ بدەینەوە وتی ‹ کە ڕۆژێك هات و پێویستیم بە شتێك بوو ئەوە لە دەرگاتان ئەدەم›، ئێ ئەوە ئەمڕۆ لە دەرگامانی دا

چی ئەوێت؟

ئەیەوێت ئەرکی خوێندنی کوڕەزاکەی بگرینە ئەستۆ، باوکیشت وتی دێم و هەمووتان ئەبەم بۆ فوتابخانە تا ناوی بۆ بنوسین

دایە، ئەرێ تێنەگەشتم وتت بۆچی قەرزاری ئەو ئافرەتە لادێیەین؟

ئیتر دایکی بەرگەی دەنگ بەرزی و تورەیی کچەکەی نەگرت و وتی: کچم، کاتێ تۆ منداڵ بووی ئێمە لە لادێ بووین.

ئێ................

ئەها چەند سـاڵ پێش ئێستا بۆم باس ئەکردی، کاتێ کە لە لادێ بووین خـانـووەکـەمـان سـوتـاوە، ئێمەش چی مانگاو ئەسپ و باخ و کێڵگەمان هەبوو هەموویمان فرۆشت و هاتینە شار

بەڵێ، بیرم کەوتەوە

ڕووداوێکی ناخۆشی پەیوەندیدار بەو

ئاگرەوە ڕووی دا،بەڵام ئێمە هیچ کات بۆمان باس نەکردووی لە ترسی ئەوەی نەوەك ناڕەحەت ببیت و ئەو کاتانەی کە بەتەنیا لە ماڵەوەیت توشی نائارامی دەروونی ببیت.

کەوایە ئێستا بۆم باس بکە

وەك وتم کاتێ تۆ ساوا بوویت ئێمە لە لادێ بووین، ڕۆژێك باوکت لە ماڵ نەبوو منیش چووم بۆ کانی تا ئاو بهێنمەوە، ئەو ڕۆژە ڕەشەبایەکی بەهێز بوو هەوا لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە شتی لوول ئەکردو ئەیبرد،تۆش بەتەنیا لە ماڵەوە لە ناو بێشکەدا خەوتبووی.

ڕەشەباکە لەناو دوکەڵکێشەکەوە دزە ئەکات و ئاگرەکە خۆش ئەبێت و تەختەکانیش بڵاو ئەبنەوە هەر بۆیە ئاگرێکی بەهێز ماڵەکە ئەگرێتەوە، تا ئەوەی من لەلای کانی یەکەوە دوکەڵی ئاگرەکەم بەرچاو کەوت ڕام کردەوە بینیم کە گڕو پشکۆی ئاگر هەموو لایەکی گرتۆتەوە.

هێندە ئاگرەکە زۆربوو دەتوت تۆزێکی تر تەواوی خانووەکە دێتە خوارەوە دەسووتێ هەر بۆیە ڕام کرد تا بەرەو ناوەوە بچم بەڵام بینیم کە پورە زەینەبت تۆی لە باوەش گرتووە هاتۆتە دەرەوە، هیچ کات ئەو دیمەنە لە یاد ناکەم، کاتێك تۆم لە باوەشی گرت ئەوە هاواری دەکردو دەیقیژاند

بۆچی؟

کاتێك ویستبووی تۆ ڕزگار بکات و خۆی کردبوو بەناو ئاگرەکەدا، لای ڕاستی دەم و چاوی سووتابوو، کە هات ئەیبینی چ شوێنەوارێکی سووتاوی گەورە لەلای ڕاستی دروست بووە، زۆر ئازاری چەشت زۆر زۆر، بۆستە کچەکەم مەگری نەمزانی کە ئەمە هێندە ئازارت ئەدات، باشە کچەکەم ئیدی بۆستە ئەها ماکیاژەکەت هاتە خوارەوە، دەی مەگری، ئا ئەوە باوکیشت هات، بەڵام هێشتا پورە زەینەبت ئێمەی نەدۆزیوەتەوە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

# لەپێناو

وەکو زانراوە ئاو ڕێژەی دوو لەسەر سێ‌ی ڕووی گۆی زەوی پێك دەهێنێت ، خوای گەورەش مرۆڤی لە خاك و ئاو دروستکردووەو بەهەمان ڕێژە ئاو لە لەشی مرۆڤ هەیەو لە پێکهاتەی هەموو خانەو ئەندامەکانی بەشدارەو زۆر پێویستە بۆ ژیان و بەردەوامبوونی بەڵکو بەبێ بوونی ئاو ژیان مەحاڵە ، وەکو دەبینین خوای گەورەش تەئکید لەسەر ئەو ڕاستیە دەکاتەوە کاتێك دەفەرموێ: (وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ)هەروەها فەرموویەتی (وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِن مَّاءٍ). وەکو لە ئایەتەکان دەردەکەوێت خوای گەورە بەڕاشکاوی پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئاو سەرچاوەی ژیانەو مانەوەو بەردەوامبوونی گشت زیندەوەرەکان لە ژیان بە ئاوەوە بەندە . لەلایەکی تر زانستیش دانی بەوە ناوە کە بەبێ بوونی ئاو ژیان دروست نابێت هەربۆیە زانایانی فەلەکناس لە هەوڵی دۆزینەوەی ژیان لەسەر هەسارەکانی تر سەرەتا لەبارەی بوونی ئاوەوە دەگەڕێن.

جا ئێمە ئەگەر بمانەوێ باس لە سوودەکانی ئاو بکەین ئەوا هەوڵێکی بێ هودەو کارێکی مەحاڵ دەکەین چونکە هەر لە بنچینەدا بەبێ بوونی ئاو ڕووەك و گیانلەبەران و کشتوکاڵ و پیشەسازی کردن هیچ واتایەکیان بۆ نامێنێتەوە . بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەروەکو ئاو بۆ ژیان پێویستە بەهەمان شێوە لە چارەسەرکردنی زۆر لە نەخۆشیەکانیش ڕۆڵی گرنگی هەیەو لەکۆنەوە تا ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە . سوودە دروستیەکانی ئاو بۆ لەشی مرۆڤ زۆر زۆرن لەوانەش بۆ خۆشتن و پاککردنەوەی پێست و پاراستنی لە ژەهراوی بوون ، بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی و کەمکردنەوەی کاریگەری تا ، جوانتربوون و درەوشاوەبوونی ڕوخسار لەڕێگەی زۆر شتنی بەئاو ، بەبەکارهێنانی ئاوی سارد و فێنك بۆ شتنی چاو ڕۆژانە چەند جارێك حەساسیەو سووربوونەوە ناهێڵێت و حەسانەوە بەچاو دەدات .

بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرە زیاتر مەبەستمانە خواردنەوەی



# تەندروستیمان

نووسینی: هیوا بلباس

ئـاوە وەکـو چارەسـەر (Water Therapy) کە وەکـو لێکۆڵینەوەکان دەریانخسـتووە خواردنـەوەی بڕێکی زۆری ئاو سـوودگەلێکی زۆری هەیەو مرۆڤی پێگەیشـتوو ڕۆژانە پێویستی بە خواردنـەوەی (٢،٥ تا ٣) لیتر ئاو هەیە هەرچەندە بڕێك لەم پێویستیە لەڕێگەی خواردنەوەکانی تر قەرەبوو دەبێتـەوە وەکـو چای ، شـەربەت ، هەروەها سـەوزەو میـوەکان ، ئەنجا خواردنـەوەی ئاو لە هەمـوو کاتێك پێویستە هەر لەدوای هەستان لەخەو لـە بەیانیان تا کاتـی خەوتنەوە لە شەودا بەتایبەتیش لە وەرزی گەرمادا زیاتر پێویسـتە چونکە لەشی مرۆڤ بڕێکی زیاتر ئاو سەرف دەکات لەڕێگەی ئارەقەکردنەوە . هەر لەم ڕوانگەیەوە تیمی لێکۆڵینەوەی نەخۆشـیەکان لە یابان هەستان بە بڵاوکردنەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە لە چارەسەری بە ئاو کە وەکو ڕایانگەیاندووە ئەنجامەکەی لەسەداسەد سـەرکەوتوو بووە و بەم شێوەیە:

بەیانیان زوو لەسـەر سکی بەتاڵ و بـەر لـە نانخـواردن و خواردنـی هەرشـتێك: خواردنەوەی چوار کوپ ئـاو (نزیکـەی نیـو لیتـر) ، ئەنجا بـەلای کـەم تـا دوای چـل و پێنج خولەك هیچ شـتێکی تـر نەخورێت ، دوای ئـەو ماوەیـە خواردنی نانی بەیانـی و هەرشـتێکی تر ئاسـاییە . هەروەهـا لـەدوای خواردنـی هەر ژەمێـك (بەیانی ، نیـوەڕۆ ، ئێوارە) تـا دوای دوو کاتژمێـری تەواو هیچ شـتێکی تر نەخورێت و نەخورێتەوە تەنانەت ئاویش . (بۆ ئەو کەسـانەی کە خواردنەوەی ئەو بڕە ئاوە لەلایان قورسـە دەتوانن لەسـەرەتادا کەمتر بخۆنەوە پاشـان ڕۆژانـە وردە وردە زیادی بکەن).

سـوودەکانی پابەنـد بـوون بەو بەرنامەیە:

پاککەرەوەیـە بۆ نـاوەوەی لەش و هـەر تەنێکی نامـۆ و زیانبەخش لەنـاو خوێن یان شـوێنی تر هەبێت رایدەماڵێت.

کۆئەندامی هـەرس چالاك دەکات و ڕیخۆڵـە خاوێـن دەکاتـەوە لـە ژەهرو ڤایرۆسەکان و دەیپارێزێت لە هەوکـردن بەتایبەتی بەشـی کۆتایی ڕیخۆڵـە کـە (قۆڵـۆن)ەو زۆربـەی گرفتەکان لەوێدایە.

هاوسـەنگی مانـەوەو دەرچوونی پاشـەڕۆ ڕێکدەخات و لە سکچوون و قەبزی دەتپارێزێت .

بـۆ میزکـردن زۆر ڕەوانە (إدرار) وگورچیلـەو میزڵـدان پاکدەکاتەوەو بەردو لم رادەماڵێت.

دابەزاندنی پلـەی گەرمی لەش و هاوسەنگ کردنی.

پێسـتە بە تـەڕی و گەشـاوەیی دەهێڵێتەوە.

بەسـوودە بۆ ڕێکخسـتنی سوڕی مانگانەی ئافرەتان.

ڕاگرتنی هاوسەنگی کێشی لەش و دووربوون لە قەڵەوی.

چارەسەری ترشانی گەدە.

هەر بەپـێی لێکۆڵینەوە یابانیەکە و بەئەزموون سەلماندوویانە کە ئەم نەخۆشـیانە بـەم ماوانە چارەسـەر کراون (بەویسـتی خوای گەورە)، بۆ نموونە:

قەبزی بە ١٠ ڕۆژ.

کێشەکانی گەدە بە ١٠ ڕۆژ.

نەخۆشی شەکرە ٣٠ سی ڕۆژ.

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ٣٠ ڕۆژ.

نەخۆشی سیل بە ٦ مانگ.








# پێشانگای

# بەهرە

بۆ فرۆشتن دابینکردنی هەموو جۆرە دەرگایەکی خۆماڵی و بیانی

دروستکردنی ژوری نوستن و کەوەنتەر لە جۆری دارەکانی HDF و MDF









هەولێر – شەقامی شۆڕش – تەنیشت ماکس مۆڵ – نزیک بەرزەپردی شۆڕش





و. عبدالجبار ٠٧٥٠٤٥٤٨٤٣١

و. طالب ٠٧٥٠٤٥٤٨٤٣٢

bahra2009@maktoob.com

bahra.2009@yahoo.com






# کارگەی کاشی شێرزاد






07706532102 - 07506482112
07501912102 - 07504912102
ئیمەیل
kashesherzad@yahoo.com

هەولێر
نزیك
ترافیك لایتی
مەخمور

## بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی








نووسینی/ ئارام نبی محمود

# ئایا هەموو کەسێکی ئامانجدار سەرکەوتووە؟!!

من دەمەوێت ببمە مامۆستا، ئەندازیار، پزیشك، بەڕێوەبەر، دەمەوێت ببمە ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی، دەمەوێت دەوڵەمەندبم، دەمەوێت هاوسەرگیری بکەم، دەمەوێت ببمە سەرۆکی وڵات، دەمەوێت ببمە خاوەنی کۆمپانیا، دەمەوێت حەج و عومرە بکەم، دەمەوێت داهێنان بکەم،...لەکۆتاییشدا دەمەوێت بەلیقای خوا بگەم.

هەموو ئەمانە دەخەینە سەرڕووی لەوحەیەك و ناویان دەنێین ئامانج!!.

ئامانج ئەو شتەیە کە لەبەردەستدا نیە و مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ گەیشتن پێی، ئامانجداربوون واتە سەلامەت بوون، دڵخۆش بوون، سازگاربوون، سەرفرازبوون و ئاسوودە بوون.

زۆرن ئەوانەی لەژیاندا ئامانجدارن، زۆرن ئەوانەی هیوا و خۆزگە دەخوازن، زۆرن ئەوانەی بەخەونی جوانەوە دەژین، بەلام ئایا هەموو کەسێکی ئامانجدار سەرکەوتووە؟!، بەواتایەکی تر ئایا هەموو مرۆڤەکان دەگەن بەوشتەی کەحەزی پێدەکەن و مەبەستیانە؟!.

بڕوام وایە هەندێ هۆکار و کارتێکەر هەن کە ڕێگرن لەبەردەم مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو هۆکار و کارتێکەرانە دابەش دەبن بەسەر دوو بەشی سەرەکی:

- یەکەمیان کارتێکەرە ناوەکیەکان/ لەگەورەترین ئەو کێشانەی مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەو کێشانەیە کەلەگەڵ خۆیدا هەیەتی، واتە کێشەکان لەجیهانی دەرەوە ڕوونادەن، بەڵکو مرۆڤ خۆی هۆکاری ئافراندنی ئەو کێشانەیە، ترسناکترین ئەو کارتێکەرانەش بریتیە لە خۆ پەسەندنەکردن، متمانەبە خۆنەبوون، خۆشنەویستنی خود، ترس لەشکست، بێ ئومێدبوون، هەڵسەنگاندنی لاواز، باوڕ نەبوون بەتوانا خودییەکان، نەبوونی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا... هتد.

هەموو ئەمانەش لەگرنگترین هۆکارەکانی ناخۆشی و نەخۆشی و خەمۆکیە کە مرف هەستی پێدەکات.

- دووەمیان کارتێکەرە دەرەکیەکان/ ئەگەر بەهۆی قسە و لۆمە و سەرزەنشتی کەسانی ترەوە دەست لەئامانجەکانت هەڵگریت، ئەوە وەك ئەوە وایە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێیان بڵێیت: بۆ من بیروبۆچوونی ئێوە سەبارەت بە ژیان لەبیروبۆچوونی خۆم گرنگترە، من بۆ ڕەزامەندی ئێوە هەوڵدەدەم ئەوە ئەنجام بدەم کە لەدەستم دێت.

منداڵێك کە تاکە پێلاوەکانی شەپۆلی دەریا لێی سەندبوو، لەسەر کەناری دەریا نووسی: دەریا ئەوەیە کەپێلاوەکانی منی دزی!!!، پیاوێك کەماسی لەدەریا گرتبوو، لەسەر لمی دەریا نووسی: دەریا بەخشندەترین سفرە و خوانی بوونەوەرە!!!، شەپۆلێك هات و ڕستەکانی ڕۆخی دەریای سڕیەوە و تەنها ئەم پەیامەی جێهشت: بۆچوونی کەسانی تر لەبارەی خۆتەوە لەپانتایی و فراوانی خۆتدا ون بکە تا ببیت بەدەریا..!!!.

ئێمە ناچارنین بەوەی کە خۆمان بخەینە ژێر کاریگەری هەر وزەیەك کەلەدەرەوەی ئێمەدایە، چوون ئەو توانا و ژیرییە خوایییەی کە لەدڵ و هۆش و ناخماندا لانەی کردووە، هەموو ئەو شتانەمان بۆ دەستەبەر دەکات کە بۆ شادی و خۆشبەختی ژیان پێویستمانە.

هەروەها هەموو هیوا و ئامانجەکانت مەبەستەرەوە بەتەنها کەسێك، گەر بڕوات هەموو هیواکانت لەگەڵ ئەودا دەڕوات، ڕێك وەکو ئەوسەبەتەی کە پڕە لەهێلکە لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی سەبەتەکە هەموو هێلکەکان دەشکێن.



ئا: باوکی نور

# پەیامی گەورە پیاوان بۆ نەوەی نوێ

١- ئەگەر بە تەکبیر و ئەقڵی خەڵك ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، وەك ئەوە وایە لە دۆزەخدا بژین (ئارتۆر شوپێنهاوێر).

٢- ئەگەر لەدوای شکست پێ بکەنن، بزانن کەسێکی بوێرن. (ئابراهام لینکۆڵن)

٣- هەر بڕوایەك بە زۆرە ملێ دروست بکرێ بێ نرخە (ئەرستۆ).

٤- زەینی مرۆڤ دەتوانێ بەهەشتێك لە دۆزەخ و دۆزەخێك لە بەهەشتدا دروست بکات (نیوتن)

٥- جوانی مۆرڤ لە ٣ شتدایە، زانست، دلۆڤانی، ئازادی. (ئەفلاتون)

٦- تورەیی تۆڵەی هەڵەی کەسانی دیکەیە لە خۆمان.(پۆپ)

٧- بڕوا بە خوا بێنن چونکە ئێوە پێویستان بەو بڕوایە هەیە. (ئیمانوئێل کانت)

٨- بە شوێن پاڵەواندا مەگەڕێن، خۆتان ببنە پاڵەوان. (تۆنی)

٩- جیهان پاداشتی ماندوو بوون دەدات، نەك بیانوو هێنان. (ئەندرومە کیوس)

١٠- ژیانی ئێوە کاتێك باشتر دەبێ، کە خۆتان باشتربن. (برایان ترەسی)

هەروەك چۆن هۆکار و کارتێکەری سلبی وا لە مرۆڤ دەکەن نەگات بەئامانجەکانی، بەهەمان شێوە هەندێ ئامراز و پاڵنەر هەن کەمرۆڤ نزیك دەخەنەوە لەگەیشتن بە ئامانجەکانی، لەوانە هەوڵدان، پێداگری، بەردەوامی، ئیلتیزام، کۆڵنەدان، ئارامگری، ئەمانەش هاوتا لەگەڵ بەرنامەڕێژییەکی پوخت، گرنگترین و بەهێزترین ئامراز بۆ گەیشتن بەئامانج پلاندانانە، پلاندانان کرداری بڕیاردانە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی داهاتوو، لەکوێین ئێستا؟، دەمانەوێت بگەین بەکوێ؟، چۆن دەگەین بەوەی دەمانەوێت؟، بەهۆی پلانەوە ئامانجێکی ڕوونمان دەبێت، کێشەکانی داهاتوومان دەزانین کەڕێگرن لەبەردەم گەیشتن بەئامانج، کاتی دەستپێك و کاتی کۆتاییمان دەزانین، پلاندانان یارمەتیمان دەدات لەچاودێریکردنی کارەکانمان.

دەبێت دەرك بەو ڕاستیە بکەین بۆ گەیشتن بەئامانج پێویست دەکات چەندین جار هەوڵبدەین، ڕەنگە بەجارێك و دوو و دە سەرکەوتوونەبین، بۆیە لەگەڵ هەر حاڵ و بارێکدا دەبێت بەردەوام بین، چونکە ئەگەر قەراربێت لەهەنگاوی یەکەم سەرکەوتن بەدەست بێنین، ئەوا هەوڵ و کۆشش هیچ مانایەکی نەدەبوو.

تۆماس ئەدیسۆن خاوەنی دروستکەری گڵۆپی کارەبایی لەمێژوودا، لێیان پرسی: بۆچی ٩٩٩٩ جار تووشی شکست بوویت.

لەوەڵامدا وتی: من شکستم نەهێناوە، بەڵکو ٩٩٩٩ ڕێگەی سەرنەکەوتووم دۆزیوەتەوە، کەئەو ڕێگا سەرنەکەوتووانە بوونەهۆی ئەوەی بگەمە گڵۆپی کارەبایی.

دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دەڵێ: هەموو چرکەیەکی ژیانت وەها بگوزەرێنە وەك ئەوەی دواهەمین چرکەی ژیانت بێت، بەبڕواوە بژی، بەئامانجەوە بژی، بەئومێدەوە بژی، بەخۆشەویستیەوە بژی، بەهەوڵدانەوە بژی، بەدان بەخۆداگرتنەوە بژی، بەهای ژیانیش بزانە.



یونس علی احمد
مامۆستای زانکۆی سلێمانی

# نەهامەتییەکانی گەلانی عێراق لەنێوان گەمەکانی وڵاتانی زل هێز و سەرکێشییەکانی سەدام حوسێن

بێ گومان یەکێك لەگرفتەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان کەمی رادەی پێکهێنانی سەرمایەیە وە ئەم کەمی سەرمایەیە وای لەم وڵاتانە کردووە کە تووشی کێشەی دارایی ببن وە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییی یەی کە لە دارایی ئەم وڵاتانەدا دروست دەبێ ئەم وڵاتانە (وڵاتە دوا کەوتووەکان) پەنا دەبەنە بەرقەرزکردن، چونکە پێیان وایە تاکە رێگە بۆ پڕ کردنەوەی کەمووکورتی یە داراییەکەیان بریتیە لە قەرزکردن.

قەرزی دەرەکی سەرچاوەیەکی پارەدارکردنی دەوڵەتە، بەکاردێت لەو کاتانەی کە دەوڵەت ناتوانێت بڕی داهاتی پێویست بۆ پڕۆژە و راپەڕاندنی کاروبارەکانی ناوخۆ دابینبکات یاخود لە حاڵەتی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پڕۆژەی بەرهەمداری گەورە لە وڵات. جا ئەو قەرزانە لە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بێت یاخود لە دەوڵەتێك یاخود هەر لایەنێکی دیکە، جا ئەو قەرزانە بە شێوەی پارە بێت (القروض النقدية) یاخود بە شێوەی شمەك (القروض السلعية)، یاخود بە شێوەی شمەك و پارە لەیەك کاتدا.

قەرزی دەرەکی داهاتێکە کاریگەری جۆراوجۆرە هەیە لە سەرباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری لە ووڵاتدا وەکاریگەری ئابووری قەرزکردن پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستێت، لەوانەجۆری قەرزەکە و بواری بەکارهێنانی قەرزەکە، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵە هۆکارێکدا هەیە کە دەوڵەت ناچار دەکات پەنا بباتە بەر قەرزی دەرەکی لەوانە:

* لەکاتی بەشنەکردنی داهاتی وڵات لەدابینکردنی خەرجی یەکان.
* لەکاتی جەنگ.
*لەکاتی دروستبوونی قەیران و ناسەقامگیری ئابووری.

ئەوەی زیاتر مەبەستە قەرزەکانی سەر عێراقە کە قورسایەکی زۆری دروستکردووە لەسەرئابووری عیراق،وە لەوەش گرنگتر ئەوەیە هاووڵاتیانی عێراق خەریکی دانەوەی قەرزێکن کە دەرئەنجامی کرینی چەك و کەرەسەی جەنگیە کە رژێمی سەدام حسین کریوێتی وە بەرامبەر گەلانی عێراق و گەلانی دراوسێ بەکاری هێناوە،ئەوەی جێ تێبینیە کە گەلانی عێراق بەگشتی وە گەلی کورد بەتایبەت جارێك قوربانی چەکە کۆمەڵ کوژیەکان بونە وە لە ئێستاشدا دەبێت قوربانی دانەوەی ئەوقەرزانە بن کە بۆکرینی ئەو چەکانە بەکارهاتوون،وەئەوەی جێ‌ی پرسیارە ئایا سەدام حسێن سیاسەتێکی سەرکەوتووی هەبوە لە هێنانەکایەوەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکانی عێراق بۆ لەسەرتەخت لابرا وە ئەگەر سیاسەتیکی هەبووە دژ بەگەل و نیشتمان بۆ لە ئێستادا هاووڵاتیانی عێراق دەبێت قەرزەکانی ئەو رژێمە بدەنەوە وە ببنە قوربانی؟ وە نەك تەنها نەوەکانی ئێستا بە ڵکو ئەم قوربانیە نەوەکانی داهاتووش بێبەش ناکات. لەسادەترین شێوەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بریتیە لەوەی وڵاتانی زل هیز لەکاتی فرۆشتنی چەك و کەرەسەی جەنگی وە پێدانی قەرز و لێخۆشبوونی قەرز و مامەڵەکردنەبازرگانی ورامیاریەکانیان

تەنها و تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆیان لێکدەدەنەوە، گەر وانەبوایە چۆن ئێمە لە ئێستا وە نەوەکانمان لەداهاتوو دەبێت قەرزەکانی شەرانگێزیەکانی سەدام حسێن بدەنەوە.

وە بەشێوەیەکی سادە چەند رونکردنەوەیەك دەخەینە روو دەربارەی هۆکار و شێوازی قەرزەکانی عێراق و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەل قەرزەکانی عێراق.

سەبارەت بەوڵاتی عێراق کۆمەلە هۆکارێکی زۆر وجۆراوجۆر هەن بۆ قەرزکردن وقەبارەی قەرزکردنەکانی عێراق لە گرنگترینیان جەنگ (جەنگی ئێران - عێراق) ئەم جەنگە دروست بوو وە بەوە هۆی سەرهەڵدانی هەژاری و بێ هێزبوونی ئابووری عێراق و بێ کاری زۆری لێکەوتەوە وە ئابووری عێراقی توشی داروخان کرد، وە (جەنگی کوێت – عێراق) لە کۆتایی مانگی تەموزی ساڵی (١٩٩٠) دا عێراق دەسەڵاتێکی سەر بەخۆی لە کوێت دامەزراند،بەڵام ئەم کارە زۆری نەخایاند وە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمەی پەسەند نەکرد و ئەو داگیرکاریە سەری نەگرت وە جەنگێکی کاولکار رووی لەعێراق کرد.

کێشەی پارەدانی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وێرانکاری و زیانانەی کە لە کوێت و لایەکانی دیکەی داوە ئاسان نی یە، عێراق پێش جەنگ قەرزێکی زۆری لە سەر بوو، پاش جەنگەکە فراوانتر بوو، عێراق زەرەر و زیانێکی زۆری وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی رۆژئاوای هاتەسەر، قەرزێکی زۆری وڵاتانی لە سەربوو کە بە(٥٨) تریلۆن دینار ئەژمارکرا وە لە دوای (٢٠٠٣/٩/٤) وە عێراق بەشێك لە داهاتی نەوتی تەرخانکردوە بۆ دانەوەی قەرزەکانی بەڵام لە ئێستادا(٢٠١٢) سەرەرای دانەوەی (٣٨ تریلۆن دینار) بەڵام هێشتا (٢٠ تریلۆن دینار)قەرز لەسەر عێراق ماوە.بێ گومان کاتێك کە عێراق کوێتی داگیرکرد، زیانەکانی کوێت بە (٩٩) ملیار دۆلار مەزندەکرابوو، ئێستاش لە داهاتی نەوتی عێراق لە(٥٪) وەك قەرەبوو دەدرێت بە کوێت بەرامبەر ئەزیانەی کە لە جەنگی کە نداوا لێی کەوتوە .

زیانەکانی عێراق بە هۆی جەنگی دووەمی کەنداوەوە بە (٣٢٠) ملیار دۆلار خەملێنرا وە زیانەکانی عێراق تەنها لە کەرتی نەوت بە (١١٤٣٠٧) ملیون دۆلار مەزندەکرا، ئەمەجگە لە کەرتەکانی تری بەرهەم هێنان لە عێراقدا کە هەموویان لە ناو چوون و فەوتان وسەرجەم زیانەکانی عێراق لە جەنگدا بە نزیکەی (٩٧٥) ملیار دۆلار مەزندە دەکرێ، کە پرکردنەوەی ئەم زیانانە ماوەیەکی درێژ و ئابووریەکی بە هێز و داهاتێکی ساڵانەی زۆری دەوێت، کە پێویستی بە وەگەرخستنەوەی سەرجەم کەرتە ئابووریەکانی هەیە تاوکو سەرجەم قەرزەکانی بداتەوە، وەبەپێی هەندێك ئامار قەرزەکانی سەر عێراق هاوتای لە (١٧٪)یەدەکی نەوتی عێراقە.

واچاوەروان دەکرێ کە عێراق ئەوپەیمانانەی کە بەسندوقی دراوی نێو دەوڵەتی داوە جێبەجێبکات، کە چاکسازییە لە بواری ئاوەدانکردنەوە ئەو قەرزەی کە لەسەریەتی بۆی بسرنەوە وە لانی کەم عێراق پێویستی بە(٢٠٠) ملیار دۆلارە بۆ ئاوەدانکردنەوە لە هەموو بوارەکان.

وەك زانینمان زۆرینەی قەرزەکانی عێراق بۆ مەبەستی جەنگ ودوژمنکاری بەکار هێنراوە باس لەوەدەکات کە ئەو قەرزەی لە لایەن (ئەمەریکا) وە دراوەتە عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا بووە وە مەبەست لەم قەرزەش هاوکاریکردنی عێراق بووە دژی (ئێران)، هەر لەو پێناوەش دا (ئەمریکا) گوشاری خستۆتە سەر کۆمەڵێك لایەن تا لەو کاتەدا قەرز بە عێراق بدەن، لەوانەش (وڵاتانی کەنداو) کە هەندێك لەو پارانە (ئەمریکا) داوێتی بە وڵاتانی کەنداو تا بەناوی خۆیانەوە بیدەن بە عێراق لە رێگەی پرۆژەی بەرهەمداریەوە و هەندێکیش وەك بەخشش دراوە. وە سە بارەت بە قەرزەکانی دەوڵەتانی کەنداو بۆ چونێکی فراوان هەیە کە ئەو قەرزانە تەنها چەند گواستنەوەیەکی دارایی بوون بۆ ئەنجامی یارمەتیدانی لە جەنگەکەیدا دژی ئێران، کەواتە دوای جەنگ ئەو قەرزانا هیچ پەیوەندیەکی بە گەلانی عێراقەوە نامێنێت . سەرە رای ئەو قەرزانەی کە بە عێراق دراون هەندێك لە دەوڵەتانی کەنداو منحەیان بە عێراق بەخشیوە لەوانە (کوێت) و (سعودیە) کە (کوێت) خۆی بەدەوڵەتێکی خاوەن قەرز لە سەر عێراق دەزانێت، بەڵام ئەوبڕە پارەیەی کە ئاماژەی بۆ دەکات گومانی لە سەرە، چونکە هەندێك لایەن وای بۆ دەچن کە برێك لەم پارانە لە شێوەی بەخشینە نەك قەرز. دەوڵەتی کوێت تا ئێستا بریاری کۆتایی لە بارەی قەرزەکانی عێراقەوە نەداوە و هەندێك سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە کوێت بریاری داوە لە (٨٠٪) ی قەرزەکانی خۆش بێت.

پێویستە عێراق چارەسەری قەیرانی قەرزەکانی بکات نەك بەمانای داوای لێخۆشبون لە خاوەن قەرزەکان، بەڵکو لە میانەی پەیرەوکردن و پابەندبوون بە پێی بنەما یاساییەکان لەسەر دانەوەی ئەو قەرزانەی کە رژێمی پێشوو(سەدام حسین) وەریگرتوون، هەتاوەکو خاوەن قەرزەکان بەڵگە و دەلیلی یاسایی بۆ قەرزەکانیان پێشکەش نەکەن، وە لەکاتی داواکردنی بەڵگەکاندا مافی گەلی عێراقە کە بەوردەکاریەوە ئاگاداری ئەو داوایانە بێت کە لە سەرێتی لە بەر ئەوەی مافی خۆیانە کە پرسەکەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە گوێی لێ بگیرێت وە رێگای یاسایی بگرێتە بەر بۆ دیاری کردنی رادەی یاسایی ئەو داواکاریانەی کە لە دژی گەلەکەی تۆمارکراون کە لە سەریەتی کە پرۆسەی دادوەری بنیاد بنێت بۆ دەرخستنی ئەو لایەنانەی کەر یارمەتی (رژێمیان) داوە، وە ئەو هەموو ملیار دۆلارانە لەچیدا بەخەرج دراون؟ وەئەم کارەش پێویستی بە دیاری کردنی رادەی یاسایی قەرزەکانە، واتە ئەو قەرزانەی کە لە بەرژەوەندی گەلدا بەکارهاتون یاخود لەدژی گەل؟ چونکە خاوەن قەرزەکان کاتێك بۆیان دەردەکەوێت پارەکەیان بۆ کرینی چەك وکەرەسەیی جەنگی خەرجکراوە، ئەوا داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێناکرێت یاخود خۆیان بەشەرمەزار دەزانن لەسەرپێدانی قەرزەکانیان ،وە لەداهاتووشدا ئاگادار دەبن کەقەرز دەدەن بەکێ وە بەمەبەستی چی.



# یاسای ١٠ بە ٩٠

ئاسۆس ئەنوەر سلێمان
مامۆستای زانکۆ

دەستپێك:

زۆرن ئـەوانـەی لـە خـزمـەت دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام پێکەوە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی پـردی پەیوەندی بەهێز لەنێوانیاندا کاریان کردووە، هاوکات توانای فکری و زانستی خۆیان خستۆتەگەر بۆ دانانی یاسای چۆنییەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لـەگـەڵ دەوروبـەر، تـاوەکـو بتوانن ئەو توانا فکری و جەستەییانەی کە هەیانە لەژێر رۆشنایی ئەم یاسایانە بەباشترین شێوە بەکاریان بهێنن‌و ژیان‌و گوزەرانێکی خۆش‌و بەسوود بۆ خۆیان‌و دەوروبەرەکەیان فەراهەم بکەن.

یەکێك لەو خاوەن بیرانە، (دکتۆر ستیفن کۆڤی)ە، کە بە توانا زانستییەکەی خـۆی چـەنـدیـن کـاری جـۆراوجـۆری ئەنجامداوە. یەکێك لەو کارانەی کە لە نووسینەکەماندا دەیخەینەڕوو، بریتییە لە یاسای (١٠ بە ٩٠)، کە یاسایەکە لەپێناو گۆڕینی ئاراستەی ژیانی مرۆڤ، بۆ سوودوەرگرتن لەو کات و تواناپەی کە هەیەتی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی شـیـاو و دروسـت، تـاوەکـو بـگـات بە ئەنجامێکی خوازراو و نەبێت بەمایەی ناڕەحەتی بۆ خۆیی‌و کۆمەڵگەکەی.

لـە دەستپێکی بەکارهێنانی ئەم یاسایەدا، دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ژیانی مرۆڤ لە سەر رووی زەوی پێکهاتەیەکە لـە خۆشی و ناخۆشی، دڵخۆشی و ناڕەحەتی، ئازارو و لەزەت. دڵخۆشییەك نیە بەشێك لـەئازاری لە ئامێز نەگرتبێ، کۆبوونەوەیەك نییە لێکدابڕانی بەدواوە نەیێت، لەش ساغی رەهاش بۆ کەس فەراهەم نەکراوە، بێ ئەوەی ساتێك لە ناتەندروستی لەگەڵدا نەبێت، هەموو ئەمانە سروشتی ئاسایی ژیانن. بۆیە ئێمە وەك چۆن باوەش بۆ خۆشیەکانی ژیان دەکەینەوە، بەهەمان شێوە دەبێ ئارامیش بگرین بەرامبەر ناخۆشی‌و تاڵییەکانی ژیان‌و حەکیمانە رووبەڕوویان ببینەوە، ئەوە فەرمووده بـەرزو پیرۆزەی پێغەمبەری مەزنمان (د.خ) لەبیربێت‌و لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین، کە دەفەرموێت ((إنما الصبر عند الصدمة الاولى))، واتە بتوانین لە ساتە چرکەکانی یەکەمی دووچاربوون بە بەڵاو شۆك ئارام بگرین.

### ناوەڕۆکی یاسای ستیفن کۆڤی

**کـرۆکـی ئـەم یـاسـایـە ئەمەمان پێدەڵێت کە ١٠٪ رووداو و پێشهاتەکانی ژیـان کە بەسەرمان دادێـن، دەستی ئێمەیان تێدانییە، لەکاتێکدا ٩٠٪ بریتیین لە ئەنجامی کاردانەوەکانی**

خۆمان بەرامبەر ڕێژەی ١٠٪ کارو پێشهاتەکانی ژیانمان.

ئەمە چی دەگەیەنێ؟

واتە ئەوەی کە لەژیاندا دێتە پێشمانو دەستی ئێمەی تێدانییەو ناتوانین ڕێگە لە ڕوودانیان بگرین ڕێژەکەی زۆر کەمترە لەوەی کەکاردانەوەی ئێمە دروستیان دەکات، بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر تەنها ڕێژەی ١٠٪ تەخمین بکەین بۆ خودی ڕووداوەکان، ئەوا دەبێ بزانین درێژە پێدەری ئاکامەکەی کە (٩٠٪ )ە،لە ئەنجامی کاردانەوەی ئێمەوە دێتە ئارا، ئەمەش مامەڵەکردنی دروست یاخود نادروستی ئێمەیە، کە دەستنیشانی ئەم پێوەرە دەکات.

کەواتە، ئێمە بڕیارو توانستمان بەسەر لە (١٠٪)ەوە نییە، لەکاتێکدا ئێمە خۆمانین کە دەستنیشانی (٩٠٪) ەکەی دیکە دەکەین.

ئەمە چۆن دەبێت؟

لەڕێگەی کاردانەوەی ئێمەوە.....

کۆنترۆڵی هەڵبوونی گڵۆپی سووری ترافیك لەدەستی ئێمەدا نییە، بەڵام کۆنترۆڵی کاردانەوەی خۆمان لەدەستە بەرامبەر ئەم کارە، بۆیە پێویست ناکات هەڵوێستی هەڵەمان هەبێت بەرامبەر بە هەڵبوونی، چونکە تۆ خۆتی کە بڕیار لەسەر کاردانەوەی دروستی خۆت دەدەی......

ئەو نموونەیەی کە (ستیفن کۆفی) هێناویەتیەوە:

لەکۆبوونەوەیەکی خێزانیدا بۆ خواردنی بەیانی، تۆ لەگەڵ خێزانەکەتو کچەکەت لەسەر مێزی خواردن دانیشتوویت، کچە بچوکەکەت لەناکاو فنجانی قاوەی لەدەست دەڕژێتە کراسی کارکردنەکەت پیس دەکات. ئەوەی ڕوویدا لەدەستی تۆدا نەبوو، بەڵام ئەوەی دواتر ڕوودەدات بڕیاری تۆ و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕووداوە دروستی دەکەن .

کاردانەوەی تۆ چی دەبێت بەرامبەر بەم ڕووداوەی سەرەوە؟

لەدوو سیناریۆی جیاوازدا ڕوونی دەکەینەوە! بەمشێوەی خوارەوە:

**١- کاردانەوەی یەکەم:** لە ناخی خۆتدا دەڵێی کارێکە ڕوویداوەو دەبوو ڕوویبدات، هاوکات ڕوودەکەیتە کچەکەتو دەڵێی: گوێی مەدەرێ، بەڵام کچی خۆم بۆ جاری داهاتوو کەمێك ئاگاداربە. ئێستاش فەرموو با نانەکەمان بخۆین تا دوانەکەوین لە کارەکانمان.

**٢- کاردانەوەی دووەم:** بەبێ بیرکردنەوەو ڕاستەوخۆ ڕوودەکەیتە کچەکەتو بە توندی سەرزەنشتی دەکەیت، بە وتەی زبرو دڵشکێن هاواری دەکەیتە سەر، لەوکاتەدا کچەکەت دەست دەکاتە گریانو نانەکەی ناخواتو دەڕواتە ژوورەکەی، تەنانەت ناتوانێت لەکاتی خۆیدا بگات بە قوتابخانە، هاوکات خێزانەکەشت بەجۆرێکی دیکە دووچاری نارەحەتی و ئازاردەکەیتو نائارام دەبێت.

ئەنجامی کاردانەوەکان:

**١- ئەنجامی کاردانەوەی یەکەم:** کاردانەوەی حەکیمانەی تۆ کچەکەی فێری ئەوە کرد کە بۆجارێکی تر زیاتر ئاگاداربێت، هەم نەبووە هۆی نانەوەی نارەحەتیو دڵشکان بۆ کچەکەتو خێزانەکەت، دواتر بۆ خودی خۆشت نائارامیت درووست نەکردو بەهای بەرزی خێزانیت بەجوانی پاراست، هەروەها هەرسێکتان لەکاتی خۆیدا گەیشتن بە شوێنی مەبەستو دوانەکەتن.

**٢- ئەنجامی کاردانەوەی دووەم:** کاردانەوەیەکی نەخوازراوە، چونکە نەدەبوو کچەکەت بەمشێوەیە ڕووشکێن بکەیت، لەبری ئەوە، دەبوو بە چەند وشەیەکی جوان کە هەڵگری سۆزی باوکایەتیو هەستی بەرپرسیارییەتیو فێرکردنی لەخۆگرتبێت گفتوگۆت لەگەڵی کردبا، چونکە ئەم هەڵوێستەت هەم کچەکەتو هەم خۆتو خێزانەکەتی نارەحەت کردو ئارامی نانخواردنەکەو کەشی ماڵەوەی شێواند، دواتر هەرسێکتان کە دەبوو بگەنە شوێنی کارکردنو مەبەستی خۆتان، وەك پێویست نەگەیشتن، بەتایبەت کچەکەت ئەرکی گەیاندنی کەوتە سەرخۆت، لەکاتێکدا تۆ خۆشت دەبوو لە کاتدا بگەیتە سەرکار، بۆیە ناچاربووی بە خێراییەکی زۆر ئۆتۆمبێلەکەت لێبخوڕی بۆئەوەی کچەکەت بگەیەنیتە قوتابخانە، لەڕێگا لە ڕەنگی سووری ترافیك دەدەیتو ڕەنگە دووچاری کاری دیکەی نەخوازراویش ببیت، دواتر خۆشت بەدواکەوتوویی دەگەیتە شوێنی کارکردنی خۆت، ئەمەش دەبێتە مایەی سەرزەنشتکردنی تۆ لەلایەن بەرپوەبەرەوە، هاوکات دروستبوونی کەشێکی بێ متمانەیی لەنێوانتاندا، بەمەش لەڕووی دەروونییەوە توشی بێهیوایو ناجێگیریت دەکاتو تەواویرۆژەکەت لێ دەشێوێتو تەنانەت ناتوانی کارەکانیشت بەڕێك پێکی ئەنجام بدەیت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە:

هەموو ئەوانە بەهۆی کچەکەتەوە ڕوویاندا؟

یاخود قاوەکە؟

یان خودی خۆت؟

بێگومان بەدەر لە ساتی ڕژانی قاوەکە کەوا دەستی تۆی تێدانەبوو، ئەگینا تەواوی ڕووداوەکانی دیکە هۆکاری مامەڵەکردنی ناتەندروستی تۆبوو لەگەڵ ڕووداوەکە، کە (٥) چرکەی خایاند، بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر خودی ڕووداوەکە ١٠٪ بێتو سوچی تۆی تێدانەبێت، ئەوا ٩٠٪ دیکە لەژێر کۆنترۆڵی تۆدابوو، ئەوکات دەتوانی کاردانەوەی یەکەمت هەبێتو تەواوی ڕۆژەکە بۆ خۆتو خێزانەکەت نەشێوێنی.

ئەوەی لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن، دوو سیناریۆی جیاوازبوون، هەمان ئەکتەر ڕۆڵیان تێدا بینیبوو،

هاوکات سەرەتاکەیان کە بەڕووداوەکە دەستی پێکرد وەکو یەکبوو، بەڵام ڕۆڵی جیاوازی پاڵەوانی دووسیناریۆکە، کە باوکەکەبوو، بەدوو شێوەی جیاواز بینرا، ئەمەش هۆکاری جیاوازی ئەنجامی هەریەك لە سیناریۆکان بوو، بۆیە پێویستە ئەم یاسایە لە ژیانماندا بەکاربهێنین.

چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ١٠/٩٠.

- هەوڵبدە بەردەوام فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەری مەزنمان (دخ)، لەبیربێت، تاوەکو بەر لەهەرکاردانەوەیەك و لە ساتە چرکەکانی یەکەمی هەر ڕووداوێك ئارام بگریت، بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە.
- ئەگەر کەسێك هەندێ شتی ناخۆشی پێ گوتی،تۆ لەشێوەی ئیسفەنج مەبە. بەڵکو وابکە هێرشی بەرامبەرەکەت وەك ئاوبێت بەسەر شوشەدا.
- مەهێڵە توانجە نەرێنییەکان کاریگەریت لەسەر دابنێن، چونکە کاردانەوەی ئەرێنی خۆتو ڕۆژگاریشت ناشێوێنێ، لەکاتێکدا کاردانەوەی نەرێنیت دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاورێکانت، یاخود دەرکردنت لەکار و ئەوکاتە دەکەویتە بارێکی نارەحەتی و دڵتەنگی.

**لە ئەنجامدا دەڵێین:**

ملیۆنەها کەس لە نارەحەتیو نیگەرانی زۆردا دەژین، بەبێ ئەوەی پاساویان هەبێت، کە بۆیان بۆتە گرفتی دەروونیو کێشەی دڵ. بۆیە ئێمە دەبێت سینگمان فراوان بێتو بەهێزبین، نەهێڵین دەوروبەر بە ڕووداوەکانیەوە کارمان تێبکاتو حەکیمانە ڕێگەیەکی ڕاستو دوور لە هەڵچوون هەڵبژێرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، بەمەش دەتوانین ژیانی خۆمان بگۆڕینو سوود لەتواناکانی خۆمان وەربگرینو نەیەڵین کاتمان بەفیرۆبڕوات.





# جۆرەکانی جوانی

- جوانی دڵ لە ترسدایە.
- جوانی مێشك لە بیرکردنەوەدایە.
- جوانی زمان لە بێدەنگیدایە.
- جوانی ڕوو لە نزا کردندایە.
- جوانترین خو وازهێنانە لە ئیرەیی.
- جوانی دونیا لە وازهێنانە لە خراپە کاری.
- جوانی دەروون وازهێنانیەتی لە هەواو و هەوەس.
- جوانی خزمەت لە ڕەوشدایە.
- جوانی وشە لە ڕاستگۆییدایە.
- جوانی نهێنی لە پاراستنیدایە.
- جوانترین تۆڵەکردنەوە لەلێبوردندایە.
- جوانی گوڵ لە بۆنکردنیدایە.
- جوانی مرۆڤ لە ناخیدایە.
- جوانی ڕۆح و گیان لە سوپاسگوزاریدایە.
- جوانی دەستەڵاتدار لە بەخشندەییدایە.

ئا: گوڵاڵ جاف



ئامادەکردنی:
ئەمیرئەحمەد کۆیی

# ڕاگەیاندن و پیاوە کوێرەکە

ڕۆژێك پیاوێکی کوێر لەبەردەمی یەکیك لە باڵەخانەکان دانیشت بوو و کڵاوێکی لە نێوان قاچەکانیدا دانا بوو ولەتەنیشتیەوەش پارچە تەختەیەکی لابوو لەسەری نووسرابوو(( تکایە هاوکاریم بکەن من کوێرم))!

پیاوێکی ڕاگەیەندکار بەتەنیشتیدا تێپەڕی و سەیری کڵاوەکەی کرد تەنها چەند پارەیەکی کەمی تێدابوو ئەویش چەند پارەیەکی تری بۆ تێکرد.

پاشان بێ ئەوەی یارمەتی لە کوێرەکە وەربگرێت پارچە تەختەکەی هەڵگرت و دەستەواژەیەکی تری لەسەر نووسی و لە شوێنی خۆی دایناوە و بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

پاش کەمێك کوێرەکە هەستی کرد کڵاوەکەی پڕ بووە لە وردەوپارە ی کاغەز، بۆیە زانی کە شتێك گۆڕاوە و هەستی کرد ئەو شتەی گوی بیستی بوو لە نووسینەکە ئەوەیان ئەو گۆڕانکاریەی دروستکردووە؟

بۆیە پرساری لە یەکێك لە ڕێ بوارەکان کرد کە بە وێدا تێپەڕ دەبوون کە ئایا چ شتێك لەسەر ئەو تەختەی تەنیشتیەوە نووسراوە:

ئەویش پێ ی ووت کە ئەمەی لەسەر نووسراوە: (ئیمە ئێستا لە کەژی بەهار داین بەڵام من توانای بینینی ئەو جوانیەم نی یە)!

**هۆکارەکانی ژیانت بگۆڕە کاتێك کار و بارەکانی ژیانت بە باشی ناڕۆن بە ڕێوە..؟؟؟**



# ئاکامی توڕەبوون..

ئا: بەرزان ئالانی

لە نێو ماڵەکەی خۆیانداو لە کاتی یاریکردندا لەگەڵ خوشکەکانیدا، شوشەی پەنجەرەکەی شکاند، باوکی گوێی لە دەنگی شکاندنی شوشەکە بوو، بە خێرایی ڕۆیشت بۆ ژووری منداڵەکانیو وتی: کێ ئەو شوشەیەی شکاند، وتیان کوڕەکەت!

باوکەکە زۆر توڕەبوو، بەشێوەیەك کە نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات، دارێکی هەڵگرتو کەوتە لێدانی دەستی منداڵەکەی، تا توانی لێی دا، منداڵەکە لە ژێر دەستی باوکیدا زۆر گریاو هاواری کردو پاڕایەوە، بەڵام نە کەسێك بە دەمییەوە چوو، نە باوکیشی ڕەحمی پێکرد، تا توڕەبوونەکەی دامرکایەوە لە منداڵەکەی دا، پاشان قاچەکانی ڕاکێشاو خستییە سەرجێگەکەی..

منداڵەکە لە تاو ئازاری شوێن دارەکانی، ئەو شەوە خەو نەچووە چاوەکانی.. بەڵام کەسێك نەبوو تەنانەت دڵنەوایشی بکاتەوە..

بۆ بەیانی دایکی هات بۆ لای، تا لە خەو هەڵیسێنێت، بەڵام بینی دەستەکانی شین هەڵگەڕاوەو ئازاری زۆری هەیە، زانی کە منداڵەکەی چ کارەساتێکی بەسەرهاتووە، بە دەنگی بەرز قیژاندیو هاواری کرد، هاوسەرەکەی بەپەلە خۆی گەیاندە لایان تا بزانێت چی ڕووی داوە، ئەویش بە بینینی دەستەکانی منداڵەکەی زۆر سەرسام بوو، بەپەلە خستییە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوەو بردی بۆ نەخۆشخانە..

دوای پشکنین پزیشکەکە پێی ڕاگەیاندن کە دەبێت هەرچی زووە دەستی منداڵەکەیان ببڕێتەوە، چونکە دەستەکانی ژەهراوی بووە، لەبەرئەوەی ئەو دارەی بەکارهاتووە بۆ لێدانی منداڵەکە بزماری کۆنی ژەنگاوی پێوەبووە، باوکەکە لەبەر توڕەبوونی لە ڕادەبەدەری بزمارەکانی نەبینیبوو، هەر بۆیە لە کاتی لێدانەکەدا ژەهر دزەی کردۆتە نێو دەستی منداڵەکەوە، تاکە چارەسەریش بریتیە لە بڕینەوەی دەستەکانی، بۆئەوەی ژەهرەکە نەڕواتە نێو هەموو جەستەیەوە..

باوکەکە بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر نیگەرانو خەمبار بوو، فرمێسك وەکو جۆگەلە بە چاوەکانیدا دەهاتنەخوار، بە پزیشکەکەی گوت: ئێستا دەبێت ئێمە چی بکەین، تۆ چی دەڵێیت؟ ئایا ڕێگە چارەیەکی دیکە هەیە بۆئەوەی دەستی کوڕەکەم نەبڕێتەوە؟

پزیشکەکە وتی: هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە نییە، تەنانەت نابێت دوابکەوێت، دەبێت هەر ئەمڕۆ دەستی ببڕینەوە، چونکە ئەگەر بکەوێتە سبەی لەوانەیە پێویست بێت لە ئەنیشکییەوە واتە باسکی ببڕێتەوە، ئەگەر لەوەش زیاتر درەنگ بێت، لەوانەیە ناچاربین قۆڵی ببڕینەوە.. هەرچەندە درەنگتر بێت ئەگەری ئەوەی هەیە زیاتر ژەهرەکە دزە بکاتە نێو لەشییەوە..

باوکەکە هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەما، جگە لە ڕازیبوون بەوە دەستی کوڕەکەی ببڕنەوە، نەشتەرگەرییەکە ئەنجامدراو دەستی کوڕەکەی بڕایەوە، **دوای ئەوەی بەنج بەریداو کوڕەکە چاوەکانی کردەوە بە تەواوی هۆشی هاتەوە، بینی دەستی بڕاوەتەوە، سەیرێکی باوکی کردو وتی: بابەگیان سوێند دەخۆم لەمڕۆ بەدواوە هیچ شتێك نەشکێنم، هیچ شتێك خراپ نەکەم، بە مەرجێك تۆش دەستم بۆ بگێڕیتەوە؟!**

باوکەکە بە بیستنی ئەم دەربڕینەی کە لە ناخی پاکی منداڵەکەیەوە دەرچوو، ئارامی لێبڕاو نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی بگرێتو سەیری چاوەکانی منداڵەکەی بکات، هەموو ڕێگەکانی لەبەردەمدا تەسك ببووەوە، ڕێگەیەکی بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە ناخۆشە شك نەدەبرد، چەندە ئاستەمە هەموو کات سەیری دەستی بڕاوی جگەر گۆشەکەی بکات، کە هۆکارەکەی خۆی بووە؟!

ئەوەش ئاکامی توڕەبوونو کۆنترۆڵ نەکردنی خود، بێگومان هەر کارێك لە کاتی توڕەبووندا ئەنجام بدرێت.. ئاکامەکەی پەشیمانییەکە کە دادی خاوەنەکەی نادات.. لەبەرئەوە پێش ئەوەی توڕە ببیتو کار لەکار بترازێت، دەتوانیت کۆنترۆڵی خۆت بکەیت، بۆئەوەی لە توڕەبوون دوور بکەویتەوە، ئەم چیرۆکەو دەیان چیرۆکی دیکەی لەم شێوەیە یادی خۆت بهێنەرەوە.

# پشووی برەو

ئا: شەیما یاسین

ڕێز لە ٣ شت بگرە، خۆت و خەڵك و هەڵسوکەوتەکانت.

بۆ ئەوەی دوکاندار فریوت نەدات، لە سێ شوێنی تر پرسیاری نرخەکان بکە.

خوای گەورە رزق و رۆزی باڵندەکانی دەدات بەڵام بۆیان ناخاتە نێو هێلانەکەیان.

رووخۆش و دەم بەخەندە بە لە کاتی وەڵامدانەوەی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان، چونکە بەرامبەرەکەت هەستی پێ دەکات.

هەتا گوڵەگەنم بەرز بێتەوە سەر دائەنەوێنێت، زاناش هەتا قوڵبێتەوە بێ فیز دەبێت.

مامۆستای چاك ئەوە نیە رۆژانە ماسی بدات بە فێرخوازەکانی، بەڵام فێری راوە ماسیان دەکات.

سەروەت و سامان ماڵ جوان دەکات، رەوشتیش مرۆڤ جوان دەکات.

کورتانی ئاڵتون گوێدرێژ ناکات بە ئەسپ.

ئەو کەسانەی زۆرترین درۆ دەکەن، ئەوانەن کە زۆر باسی خۆیان دەکەن.

مێردی بەختەوەر ئەوەیە کە گوێ لە هاوسەرەکەی دەگرێ بێ ئەوەی پەسەندی بکات.

زیرەك ئەوەیە بە هێمنی دەدوێ و بە قوڵی بیر دەکاتەوە.




# قورئان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

حازم عەلی
توێژەری کۆمەڵایەتی

قورئان وەك پەیامێکی جیهانی کە خوا ئاراستەی پەیامبەرێکی تایبەتی کردووە بۆ ئاگادارکردنەوەی گەل و نەتەوەیەك لە پێشدا و پاشانیش بۆ هەموو جیهان، تا ئێستا چەندین خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کراوە و لەگەلێك لایەنەوە رۆژانە لێکۆڵینەی لەبارەوە دەکرێت و رستە هاتووەکانی ناوی کە بەزمانی ئاینی پێی دەوترێ (ئایەت) شرۆڤە دەکرێن و بەواقعی کۆمەڵگەوە دەلکێنرێن، راستیە پزیشکیەکان، ئیعجازەکان، لایەنە سایکۆلۆژی و فەلەکیەکان، گفتوگۆی بابەتە ئابووری و کشتوکاڵیەکان، و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دیکە رەگو ریشەیان لەقورئاندا هەیە و گەلێك لەوانە دەمێکە پەییان بە راستیەکان براوە و دەرکەوتووە کە رێسا زانستیەکان تەبا و کۆکن لەگەڵ قورئانێك کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەرێتەوە، خۆ گەلێك لایەنی دیکە و شتی پەنهانی ناو ئەو قورئانە هێشتا نەتوانراوە بدۆزرێنەوە، هەڵبەت لەکاتی خۆیدا ئەوانیش بەیان دەبن، ئەوەی لێرەدا گەرەکمە تیشکی بخەمە سەر رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی قورئانە، زۆر نوسراوە و ووتراوە، بەڵام لەشێوەی بابەتی سەربەخۆدا بەنموونە پێدانی زەکات بە هەژاران ئەمە بابەتێکی بەرووکەش ئاینیە وەلێ ناواخنێکی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، بەبروای من لەم لایەنە لەکۆمەڵگەی خۆمان کەمتەرخەمی لەوەدا کراوە کە بەشێوەی نوسراو بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ناو قورئان کە لەشێوەی ئایەت دابەزیون شرۆڤە بکرێن و بە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ببەسرێنەوە بەتایبەت کۆمەڵگەی کوردی، دەبوا بەشەکانی خوێندنی ئاینی و پەیمانگا ئیسلامیەکان و رۆشنبیرەپاشخانە ئیسلامیەکان پێشەنگ بوونایە لەمەدا، بەهەر حاڵ، لێرەدا دەمانەوێ چەند ئایەتێك شرۆڤە بکەین کە رەهەندی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە، لەو ئایەتەوە دەست پێدەکەین کە خوای گەورە دەفەرموێت ان الله لایغیر مابقوم حتی یغیر ما بأنفسهم،(سورە الرعد:١١) ناوەرۆکی ئایتەکە بەم شێوەیە ((بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆرێت لە خۆشەوە بۆ ناخۆشی، لەگرانیەوە بۆ هەرزانی، لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی،هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیکەن و نەیگۆرن)) لێرەدا بە روونی ئاماژە بەچەند شتێك کراوە لەوانە یەکیەتی کۆمەڵایەتی و پتەوی پەیوەندی نێوان تاکەکان و هاورابوونیان

لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان کە پەیوەندی بەژیانی هەر تاکێکەوە هەیە لەکۆمەڵگەدا، دەستەواژەی (ئەوان) ئاماژەیە بۆ کۆیەک کە پێویستە تاکەکان لەبەرامبەر، بەرامبەرەکانیان یەك بن و هاوهەڵوێست بن بۆ ئەوەی بارودۆخیان بگۆڕن، لێرەدا سەرپشکی و سەربەخۆبوونیش دەبینرێ کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەك ئازادن چی هەڵدەبژێرن ئایا رازین بەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیدان و ژیان دەگوزەرێنن، یا ویستێکی هاوبەش هەیە و کۆیان دەکاتەوە، کە بارودۆخەکە بەشێوەیەك بگۆڕن کە خۆیان (مەبەستیانە) کەواتە ئەوان چۆنیان بوێت خوا ئەوەیان بۆ دەهێنێت بەڵام بێگومان بەکارکردنی خۆیان، کۆمەڵگە لە سادەترین پێناسەیدا بریتی یە لەکۆمەڵێك تاك کە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردونەتەوە و بڕێکی تارادەیەك زۆر سەقامگیری و بەردەوامی تێدایە، ئەو تاکانەی لەکۆمەڵگەدان خۆیان بەرهەمهێنەری کولتور و دابونەریت و دامودەزگا و گروپە رەسمی و نارەسمیەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتین، ئەوان بەیەکەوە کۆمەڵگەکەیان ئاراستەدەکەن بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێ، خۆیان خاوەن بریارن، خۆیان پەیبەری چاکە و باشەن و خراپە و ناباشەش درك دەکەن، وەلێ هەندێجار کاریگەری گروپێك لە کۆمەڵگە کە خاوەن نفوزن وایان لێدەکات بریار بەدەستی خۆیان بیربچێتەوە و یاسایی بوونی مافی خۆیان پشتگوێ بخەن، ئەوە لەبیر بکەن ئەوان کلیلی چاکە و خراپە لەدەستی خۆیاندایە و دەیانەوێت ج دەرگەیەکی پێ بکەنەوە سەرپشکن، ئایەتەکە دەڵێت هەرگەلێك، تاکەکانی هەرکۆمەڵگەیەك ئەندێشەی چی بکەن و کردەی چی بکەن ئەوە چارەنوسیانە، بەبێ ئەوەی خوا رۆڵی لەوەدا هەبێت، چونکە خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردووە، وەلێ خوا لەرێگەی ئاگاداری نامەوە کە پێشتر نیشانەکانی هەر بارودۆخێکی باس کردووە ئاگاداریان دەکاتەوە لە چارەنوسیان، بۆیە ئەوەی لە ئایەتەکە دەبینرێ ئەوەیە چی هەڵدەبژێری ئەوەت پێدەبەخشم.

لە ئایەتێکی تردا خوای کاربەجێ دەفەرموێ وکونوا مع الصادقين(سورة التوبة:١١٩) ناوەڕۆکی ئایەتەکە بریتی یە لە هاوڵێ کردنی کەسانی ورەبەرز و دامەزراو و خواناس، ئایەتەکە روونیدەکاتەوە کە پێویستە موسڵمان هاوەڵی کەسانی ورەبەرزبێت، ورەبەرزی ئاماژەیە بۆ هیوا و ئومێد و ئیرادە کە پێویستن بۆ ژیانی هەر تاکێك و هەر کەسێك ئەگەر ئیرادە و ورەبەرز نەبێت ناتوانێت لەگەڵ هەورازی و نشێویەکانی ژیاندا هەڵبکات، بەشێوەیەکی ئاسایی و نۆرمەڵ دوور لە تەنگەژەو فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، ژیان بکات، کەسی ورەبەرز و بەئومێد لەهەوڵدانی بەردەوامدایە بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی شتگەلێك کە کەسانی بێ ئیرادە ناتوانن بگەن پێی، کۆمەڵناسان لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بووندا ئاماژە بۆ گروپی برادەران دەکەن کە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە وەك دەوترێ پێم بڵێ هاوەڵەکەت کێیە پێت دەڵێم تۆ کێی، هەروەها فەرموودەیەکیش هەیە ئەڵێت هەر کەس لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی، وەك ئاماژەیەك بۆ هاوبیری و هاو رەفتاری و هاو ئامانجی، ئایەتەکە ئاماژە ئەکات کە پێویستە مرۆڤی موسڵمان هاوەڵی ئەوانە بێت کە سەرکەوتوو و بە ئومێدن، چونکە هەروەك دەڵێن مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، بەم پێیە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە و هەرکەس هاوەڵەکەی چۆن بێت بەکاریگەریەکی رێژەیی زۆر ئەمیش بەهەمان شێوە دەبێ، مرۆڤ بەپێی بارودۆخە هاوبەشەکان لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەبێتە هاورێ، هاورێیەتی بوون کاریگەری نەبینراوی لەسەر هاورێکان هەیە کەدواجار لەبیرکردنەوە، دەستنیشانکردنی ئامانج،کردار و رەفتار، هەتا دەستنیشانکردنی ئایندەشدا رۆڵی هەیە و هاورێکان بەپێی بارودۆخەکان کاریگەری زیاتر یا کەمتریان لەسەریەکدی هەیە، هاورێکان ئەتوانن یەکتر بخەنە ژێر کاریگەری رەفتاری خۆیانەوە، دەتوانین بڵێین دوو هاورێ موتوربەی یەکترن لەزۆر لایەنیاندا، هەر بۆیە بۆیە خوا لەخەمی تاکی موسڵماندا پێیان ئەفەرمووێت هاوەڵی کەسانی ورەبەرز بکەن بۆئەوەی ئەمیش ورەبەرز بێت و پابەندی بە دینەوە زێدەتر بکا نەك لاواز و تەریك لەدین، هانی بدا بۆ زانست و فێربوون و کەڵك وەرگرتن لەدین بۆ ژیانی رۆژانە و کۆمەڵایەتیانەی خۆی و لەپەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، دەستی بگرێت و رێنمونی بکا بەرەو باشە و هاوکاری بێت و هاورێی بێت لەکاری پەیوەست بەدین، ببێتە چاوساغی، مشوری بخوا و لەخەمی دابێت، ناوەڕۆکی ئایەتەکە ئەمەیە کەسی ورەبەرز و بەئومێد چاوی لەسەرکەوتنە و ئاواتی جێبەجێکردنی دینە وەك خۆی لەپێناوی ئامانجی باڵا کە بریتی یە لەخوا رازیکردن، بۆیە هەرکەس ئەمە ئامانجی بێت ئەگەر کەسێك ببێتە هاوەڵی سوودمەند دەبێت و ئەمیش ئەوە دەبێتە ئامانجی.

ئەوەی کە لەسەرەوە نوسیومانە شەرحێکی سەرەتایی تەنها دوو ئایەتە کە دەهێنێت توێژینەوەی بەپێزیان لەبارەوە بکرێت، ئومێد دەکەم بتوانین لە ئایندە بەچری و پری لەسەر هەندێك ئایەت بوەستین کە پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە کۆمەڵگەوەهەیە لەرێگەی تیشك خستنە سەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان.



# ٤٠ ڕێگا بەرەو ژیانێکی باشتر و گوزەرانێکی خۆشتر!!!

سەمیرە کەرکوکی

١- کاتێك تەرخان بکە ١٠ بۆ ٣٠ خولەك بۆ پیاسەکردن بە خەندەورووخۆشیەوە.

٢- ڕۆژانە ١٠ خولەك بێدەنگ دانیشە.

٣- ڕۆژانە ٧ کاتژمێر بۆ خەوتن تەرخان بکە.

٤- ژیانت بگوزەرێنە بەم سێیە (هێز، خرۆشان، سۆز)

٥- چەند یارییەکی خۆش بکە .

٦- کتێب بخوێنەرەوە زیاتر لەو کتێبانەی کە ساڵانی پێشتر خوێندوتەوە.

٧- کاتت تەرخان بکە بۆ خۆراکی دەروونی (نوێژ، یادی خوا، نزا، ... هتد)

٨- هەندێ کاتت لەگەڵ تەمەن داران بەسەر بەرە ٧٠ زیاتر و خوار تەمەن ٦ ساڵان.

٩- زیاتر لەکاتی بە ئاگاییت خەون و خەیاڵت هەبێت.

١٠- زیاتر خواردەمەنی سروشتی بخۆ و دوور بکەوەرەوە لە خواردنی قوتوو.

١١- بەرهەمی سەرکەوتن کۆڵنەدانە.

١٢- هەوڵ بدە ڕۆژانە ٣ کەس دڵخۆش بکەی.

١٣- کاتی زێرینت بە دەمە تەقێ بە فیرۆ مەدە.

١٤- شتەکان بیر خۆت بەرەوە، کە بەرامبەرداوای لێبووردنی لێ کردووی بە هەڵەی ڕابردوو ئازار مەکێشە.

١٥- ڕێگا مەدە بیروبۆچونی نابەجێ بەسەرتا زاڵ بێ، هەموو هێزت بۆ کاری دروست تەرخان بکە.

١٦- بزانە کە ژیان قوتابخانەیە و تۆش قوتابیت، کێشەکانیش بریتین لە دەستەواژەی بیرکاری و دەبێت چارەسەر بکرێت.

١٧- خواردنی بەیانیت وەك پاشا بێت، هی نیوەڕۆت وەك وەزیر و هی ئێوارە وەك هەژار.

١٨- دەم بە خەندە و پێکەنین بە.

١٩- ژیان زۆر کورتە بە ڕق و کینە بەسەری مەبە.

٢٠- هەموو شتەکان بە جدی وەرمەگرە بە ئەقڵ بیربکەرەوە.

٢١- پێویست ناکات لەهەموو پێشبرکێ و گفتوگۆکان براوە بیت دان بەهەڵەدا بنێ.

٢٢- ڕابردوو بە هەموو ناخۆشیەکانیەوە لە یاد بکە، تا داهاتووت خراپ نەکات.

٢٣- ژیانت بە ژیانی کەس بەراورد مەکە و هاوبەشی ژیانیشت بەکەس بەراورد مەکە.

٢٤- تاکە کەس بەرپرسیارە لە بەختەوەریت خۆتیت .

٢٥- بە بێ جیاوازی لە هەموان ببورە.

٢٦- ئەوەی بەرامبەرت دەوترێت لە لایەن کەسانی تر پەیوەندیت پێوە نەبێت.

٢٧- گومانی خراپ بەکەس مەبە، دڵت پاك بێت.

٢٨- ژیان هەر چۆنێك بێت (باش، خراپ) دڵنیابە هەر دەگۆرێت .

٢٩- کارەکانت کاتی نەخۆشی گرنگیت پێ نادا بەڵکو هاورێکانت، دە تۆش گرنگیان پێ بدە.

٣٠- واز لەهەموو ئەوانە بهێنە کە نە (سود و جوانی و خەوشی) تێدا نیە.

٣١- حەسودی کات لەدەست دانە، تۆ هەموو پێداویستی خۆتت هەیە.

٣٢- باشتر وا بەرێوەیە بێگومان بە.

٣٣- هەستت هەر چۆنێك بێ، بێ هیز مەبە، بەڵکو هەستە و ڕاپەڕە .

٣٤- هەمیشە کاری ڕاست بکە .

٣٥- هەمیشە پەیوەندیت بە دایك و باوك و خانەوادەت هەبێ .

٣٦- هەمیشە گەشبین و بەختەوەر بە .

٣٧- هەموو ڕۆژێ شتێکی جیاواز و باش ببەخشە .

٣٨- سنورت بپارێزە .

٣٩- هەمیشە جوانیەکان ببینە و داد پەروەر بە.

٤٠- کە بەیانیان لەخەو هەستایت سوپاسی خوا بکە کە هێشتا لە ژیانداى.



# خۆشەویستی دایك زمانی دڵە

رابەر ئەحمەد وەرتی

سەرەتا پێویستە بزانین کەسێك کە بە هیچ زمانێك نەتوانرێ جوانی و خۆشەویستی و میهرەبانی بۆی دەرببڕدرێ دایکە ، دایك کەسێکە کە هەمووکات پاڵپشتیت دەکات کاتێ پێویستت بە یارمەتی یە ، وەلێت دەبووری وەك خەڵکی نییە ! وە هەموو کات دەتپارێزێت ، ڕێت نیشان دەدات ، دایك کەسێکە کە هەموو کات خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی بۆت هەیە ، هەتا ئەو کاتەش کە فەرش لەسەر ئاگر رادەخەیت ، هەردەم دڵی پێتەوە هەیەونزای خێرو سەلامەتیت بۆ دەکات.

دایك جوانترین ئافرەتە کە لە ژیانمدا بینیومە ، هەموو سەرکەوتنەکانی ژیانم دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو پەروەردە ئەخلاقی و جەستەیی و ڕۆشنبیرییەی کە هەیبووە وبەشێکی داوە پێم ! بەهەموو بوونمەوە قەرزاری دایکمم ، هەردوو قۆڵەکانی دایك لە میهرەبانی دروستکراوە ، بۆیە منداڵ بە ئارامی و بەختەوەری تێیدا دەخەوێ، دایك کەسێکە کە ئەو بەهەشتەی مسوڵمانان هەوڵی بۆ دەدەن و کۆشش بۆ دەستخستنی دەکەن لە ژێر پێی ئەودایە ، ماڵیش ئەو شوێنەیە کە دایکی لێیە ، دایکی باش لە جیاتی دیوار پرد دروست دەکات ،دایك گوڵێکە و پەڕەکانی نەرمە ، کەسێکە کە زۆر کەم هەڵە دەکات ، کەسێکە دەبێ بۆ هەمیشە و بەردەوام خۆشت بوێ ، بۆیە متمانەت پێی هەبێ و بڕوای پێ بکە و هەرگیز گومانی خراپی لێ مەکە ، دایك کەسێکە کە کاتێ زانی منداڵەکەی سەرکەوتوو دەبێ و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێت ئەوپەڕی خۆشحاڵ و شادمان دەبێت، دایك تاکە کەسێکە کە جێی نەهێشتووی و جێت ناهێڵێت مەگەر ڕۆحەکەی جێت بهێڵێت ، دایك یەکێ لە گەورەترین خۆشیەکانی ئەوەیە کە لەلایەن منداڵەکەیەوە لاسایی بکرێتەوە ، دایکێك کە بەڕاستی دایك بێت دەزانێ کە وا ناکرێت کەسێکی تر بەکرێ بگیرێ بۆ منداڵەکەی تا جێگای ئەو بگرێتەوە ، ئەگەر ڕۆژێك سەرکەوتیت لە کارەکانتدا و کارەکانت باشبوونە، ئەوە بزانە دایکت لە پشت بوووە هاوکارت بووە ، هیچ دڵێك وەك دڵی دایك بۆ منداڵەکەی وەك قوتابخانە نییە ، خودی وشەی دایك یەکێکە لە جوانترین وشەکانی سەر لێوی بوونەوەران ، ئەو کەسێکە کە کاتێ ڕۆحت پێ دەبەخشرێت لە سکی ئەو دایت ، کەسێکە کە کاتێ دێیتە دونیا و ئەگریت لە باوەشی ئەو دایت ، کەسێکە کاتێ تەمەنت بەرە و کەمی و بچووکی دەبێتەوە بەڵام خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ زۆرتر و گەورەتر دەبێت، لە بیرت بێت و لە یادی نەکەیت : یەکەم فریشتە کێ بوو کە لە باوەشی گرتیت ؟ کێ بوو یارمەتی دایت هەنگاوی یەکەمت بهاوێژی ؟ کێ بوو گەر بۆ ڕۆژێك لەماڵ دوورکەوتیتایەتەوە ، خەمی بۆ دەخواردیت ؟ کێ بوو کە یەکەم جار شیری پێدایت و لایە لایەی بۆ کردی؟

ئەوەی ئێمە لێی دەدوێین کەسێکە هەموو جیهان بە "دایك" بانگی دەکەن .

# هونەری ئەتەکێت



## ئەتەکێتی گفتوگۆکردن

ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە    ئەڵقەی دووەم

پیادەکردنی رەفتاری جوان و شایستە دەرەنجامــی ئەرێنی لــێ فەراهەم دێت، لەهەر هەڵوێست و کارێکدا بەتایبەت لە هونەری گفتوگۆکردندا .

بەســەرنج و ئەزمــوون دەرکەوتــوە، ئاخاوتــن و گفتوگۆکــردن هونەرێکە لە هونەرە کۆمەڵایەتیەکان، بە رەچاوکردنی بنەماکانی ئەتەکێت لەم بوارەدا دەگەیتە دەرەنجامــی چــاك و ســەرنجی لایەنی بەرامبەر رادەکێشی .

لێــرەدا ئاماژە بە ســەر دێری چەند خاڵ و تەوەرێکی گرنگ دەدەین سەبارەت بــە ئەتەکێتــی هونــەری گفتوگۆکردن بەمەبەســتی ســود لێوەرگرتــن و کارپێکردنی لە ژیانی رۆژانەدا :

- لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تــردا، هەوڵ بدە گوێگرێکــی باش بیت، ســەبارەت بە ئاخاوتنی بەرامبەرەکەت و خۆت ســەرقاڵ مەکە بە بابەت و شــتی لاوەکیەوە.

- وەڵامەکانــت گونجــاوو پوخــت بــن و، لــە بابەتی ســەرەکی گفتوگۆکان دورمەکــەوە، تا بیــر و هزرت نەپچڕێت بەم لاو بەولادا .

- گاڵتــەو ســوکایەتی بەئاخاوتــن و وتەی بەرامبەر مەکەو لە خۆتەوە نکۆڵی لێ مەکە .

- گــەر بەرامبەرەکەت لە قســەکانی بــۆوە لەکاتــی گفتوگۆکانــدا، دەشــێت پرسیاری گونجاوی لێبکەیت تا بەردەوام بێت لەسەر گفتوگۆکان .

- بــە گوێ شــل کــردن و بایەخدان بە وتەکانی بەرامبەر، دەبیتە کەســێکی بەرێــز و خۆشەویســت لە نــاخ و دڵ و دەرونــی بەرامبەرەکەتــدا، و دودڵــی و دڵەڕاوکێی لێ دوور دەکەوێتەوە .

- هەوڵ بدە بەستەڵەکی نێوان خۆت و بەرامبەرەکەت بتوێنیتەوە، ئەویش بە ئاراســتەکردنی هەواڵ پرسی و پرسیاری گونجاو، بەمەبەســتی سەرنج راکێشان و سۆز و خۆشەویستی.

- گەر لەگەڵ کەســێکی ســەرکردە دا بویت، متمانە بەخۆبونت دەبێتە مایەیی ئــەوەی کە لایەنی بەرامبەر زیاتر رێزت لــێ بگرێــت و گفتوگۆکانــی لەگەڵتــدا بەردەوام بێت .

- بەردەوام راســتگۆبە لــە وتەکانتدا و خۆت بەدوور بگرە لە خۆهەڵکێشــان و بەهرەو توانا و کەسایەتی خۆت، چونکە بەم شێوەیە کەسایەتیت لاواز دەبێت .

- دەســت بە گفتوگۆکــردن مەکە، تا ئــەو کاتەی کە دڵنیــا دەبیت کە لایەنی بەرامبەر ساز و ئامادەیە بۆ گوێگرتن .

- لــە کاتــی چاوپێکەوتنــت لەگەڵ کەســێکدا، پێویســتە بڕوانیتە کەسەکە لەکاتی قسەکردنیدا .بەڵام گەر تەماشای نەکەیــت ئــەوا خوێندنــەوەی خراپــی دەبێــت، یــان بــە کەسێکی شــەرمنت دەزانێت، یان بەکەســێك کە بایەخی پێ نادەیــت و، ئەمەش نیشــانەی بێ رێزی

دەگەیەنێت

- ناسینی ئەو کەسەی کە لەگەڵی دادەنیشی و گفتوگۆی لەگەڵ دەکەی خاڵێکی گرنگە لە هونەری وتوێژکردندا .
- لەکاتی گفتۆگۆکردندا قسە بەلایەنی بەرامبەر مەبڕە تا کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت، چونکە قسە پێ برین ئاکارێکی ناشیرینەو ئەوە دەردەخات کە تۆ لەگفتوگۆکردندا سەرکەوتوو نیت .
- لەکاتی گفتوگۆکردندا بەدەنگێکی مام ناوەندو نەرم بدوێ، پەنا بۆ قسەو باسی دروستکراو مەبە .
- لەکاتی وتووێژدا بێ فیزو خاکی بەو، مۆڵەتی قسە کردن وەربگرە .
- بە شێوەیەکی جوان سوپاس و پێزانینی لایەنی بەرامبەر بکە .
- لەکاتی گفتوگۆکردندا بە هێمنی و هوشیارانە گفتوگۆ بکەو، پشت بە بەڵگەی زانستی و رۆشنبیری و رێسای دروست ببەستە، خۆت بەدوور بگرە لە دەنگی بەرز و بۆڵە بۆڵ و بریندارکردنی بەرامبەر .
- لەکاتی گفتوگۆکردندا خۆت بەدوور بگرە لەو پرسیارانەی کە سروشتی تایبەتی و کەسی هەیەو، لایەنی بەرامبەر نیگەران دەکات .
- کاتی زۆر بە قسەکردن لەسەر بابەتی سادە بە فیرۆ مەدە ،کە جێگای بایەخی کەسانی تر نین.
- گەر گفتوگۆکان لەو بابەتانە دەخولایەوە کە دوور بوو لەئاستی زانستی و رۆشنبیریت، ئەوا بە ئەدەبەوە بێ دەنگی هەڵبژێرەو هەوڵبدە بایەخی پێ بدە بەمەبەستی شارەزایی و فێربوون .
- هەر کات قسەت بۆ کۆمەڵە کەسێك دەکرد، ئەوا بڕوانە هەموو ئامادەبوان و، ناکرێت تەرکیز بخەیەتە سەر کەسێکی دیاری کراو و ئەوانی تر فەرامۆش بکەیت .
- لە مەراسیم و بۆنەکاندا چاك وایە قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەیت کەلە تەنیشتەوە دانیشتووە .
- دوو هێندەی قسەکردن گوێ بگرە .
- خۆت بەدوور بگرە لە مشتومڕ و گفتوگۆی بێسود، چاك بزانە باشترین رێگا بۆ بردنەوەی مشتومڕ، خۆبەدوور گرتنە لێیی .
- سۆز و عاتیفەی بەرامبەر رابگرەو وشەکانت بە ئاگاییەوە هەڵبژێرە، بۆ ئەوەی ببی بە قسەکەرێکی لێهاتوو، ئەوا ببە بە گوێگرێکی باش .
- گەر دەتەوێ خەڵکی خۆشحاڵ بن پێت، ئەوا ئەو قسانەیان بۆ بکە کە دەبێتە مایەیی خۆشحاڵی و چێژ وەرگرتنیان .
- لە کاتی ئاخاوتندا خۆت بەدوور بگرە لە دوبارە کردنەوە، سوێند خواردن، هێنانەوەی بەڵگەی لاواز، غەیبەت و دوو زمانی و .... هتد.
- وەڵامی پرسیارێك مەدەرەوە کە ئاراستەی کەسانی تر کرابێت .
- باوێشك مەدە لەکاتێکدا خەڵکانی تر قسەت بۆ دەکەن .
- گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی گێرو کەلەڕەق و زۆربڵێ و دەم هەراش مەکە .
- با قسەکانت کەمو پوخت و بەڵگەدار بێت، وەك دەوترێت (خیر الکلام ما قل ودل ).
- شێوازی قسەکردنت رەنگدانەوەی کەسایەتی و رۆشنبیری و ژینگەکەتە .
- بیر کەرەوە لەو وتانەی پێش ئەوەی لە زارت بێنە دەرەوە .
- خۆت بخەرە شوێنی کەسانی تر، ئینجا گوێیان لێ بگرە، هەروەك چۆن حەز دەکەی گوێت لێبگیرێت بەو شێوەیە گوێ بگرە لە بەرامبەرەکەت .
- کەسێکی ئەرێنی بە، لە خستنە ڕوی دیدو بۆچونەکانتدا و بەروخۆشی وژیری و دەربڕینی جوان بدوێ .
- لەکاتی بەکارهێنانی وشەو زاراوەی بیانیدا، دڵنیایی تەواو بە لە واتاو مانای زاراوەکە تا توشی شەرمەزاری نەبیت .

دەڵێن شاندێکی عەرەب سەردانی وڵاتی چین دەکات، لەکاتی داوەت کردندا، سەرۆك دەڵێت چی دەخۆنەوە، یەکێکیان کە چەند وشەیەکی چینی فێرببوو، بەڵام ماناکەی بەتەواوی نەدەزانی دەڵێت تشی تشی مەبەستی شیر بووە، سەرۆك دەموچاوی سور هەڵدەگەڕێت، پرسیاری لێ دەکەن سەبارەت بە هۆکارەکەی، دەردەکەوێت ئەم وشەیە بەمانای شیری دایك دێت.

- دەڵێن یەکێك لە پاشاکان رۆژێکیان خەون دەبینێت، لە خەونەکەیدا هەموو دانەکانی کەوتوون، پاشا بێ تاقەت و وەڕس دەبێت و داوا دەکات کەسانی لێکدەرەوەی خەونی بۆ بانگ بکەن . خەو لێکدەری یەکەم دەڵێت : جەنابی پاشا هەموو خزم و کەسوکارت پێش خۆت دەمرن، پاشا تورە دەبێت و دەیکوژێت، ئینجا کەسی دووەمی بۆ بانگ دەکەن و پاشان ئەویش دەکوژێت، پاشان کەسی سێیەمی بۆ بانگ دەکەن ،ناوبراو دەڵێت خاوەن شکۆ مانای خەونەکەی تۆ ئەوەیە پشتیوان بەخوا تۆ لە هەموو کەسوکارەکەت تەمەنت درێژ تر دەبێت، پادشا بەمە زۆر دڵخۆش دەبێت و خەڵاتی دەکات، لە کاتێکدا ناوەڕۆکی هەرسێ وەڵامەکە وەك یەکەو، بەڵام هی سێیەمیان دەربڕینی جوان و ژیری و دانایی بەکارهێنا.



ژیوار هەڵەبجەیی

# تاقیکرنەوەیەکی سەیر کەهەمر کەسایەتیت دیاری دەکات هەم پێشبینی نەخۆشیەکەشت دەکات

گروپی کەسایەتیت!

دەتوانیت کەسایەتی خۆت بناسی کە ئایا تۆ ئامادە و تەیاری بۆ نەخۆشیەکانی دڵ یان نا؟ بۆچی؟ تێستی یەکەم تاقیکەرەوە تادواتر بزانیت کەکێی، بۆیە(٢٥) پرسیاری خوارەوە وەڵامدەدیتەوە بە(بەڵێ، نەخێر)وەهەوڵیش بدە وەڵام نەدەیتەوە بەنازانم بەناخێری گیانت دەتەوێ کەسایەتی خۆت بناسی.

-ئایا تۆ لە تەلەفۆنەکانی ڕۆژانەت دڵنیادەبیتەوە لەسەر هەندێ لەتەلەفۆنەکان؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢- ئایا خێرا خواردن دەخۆیت و خێرا قسە دەکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٣- بەبڕوای تۆ دەبێت منالان فێربکەیت تاهەمیشە باشتربن؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٤- کاتێ کە دەوروبەرەکەت قسە دەکەن ناچارت دەکەن کەبەدەنگی بەرز قسە بکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٥- کاتێ هەستدەکەیت لەڕادەیەکدایت یان دەبێ لەڕێستۆرانتێکدا، چاوەڕوانی چۆڵ بوونی مێزێ بکەیت، فشاری توڕەبوون شێتت ناکات؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٦- ئایا کاتێك کەسێك قسەت بۆدەکات، بۆچونی خۆتی تێکەڵ دەکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٧- ئایاهەوڵدەدەیت لەکاتی چاککردنی ڕووخسارتدا، بەئاریشتدا، نانی بەیانی بخۆیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٨- ئایا هیچ دەبێت کەلە پشوودا نەورۆز، یان هاویندا کاربکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٩- ئایا بەدواداچوون بۆ بابەتی دەکەیت کەپەیوەندی بەخۆتەوە هەبێت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٠- ئایا کاتەکانت تێپەڕێنیت و بەفیڕۆی بدەیت خۆت بە گوناهبار دەزانیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١١- ئایا ئەوەندە سەرقاڵی کاریت کەئاگاداری دەوروبەرەکەت نیت، یا بۆنموونە تەنانەت ئاگاداری گۆڕینی دیکۆراتی ماڵە کەشت نیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٢- ئایا گیرۆدەی ڕووی لێناوی لەمادیات و بەتایبەتی لەمەسەلەی کۆمەڵایەتی دا؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٣- ئایا هەوڵ دەدەیت کارەکانت لەکەمترین ماوەدا بەرنامەڕێژیەکی تۆکمەی بۆ بکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٤- ئایا هەمیشە دەچیتە سەر قەرار؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٥- ئایا تاهەنوکە ڕوویداوە بۆسەلماندنی بیروباوەڕ و بۆچونەکەت شەڕەنگێزی بکەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٦- ئایا سەرکەوتنەکانت پەیوەندی بەتوانای خێرا کارکردنتەوە هەیە؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٧- ئایا بۆ ئەنجامدانی کارەکانت، هەمیشە هەوڵدەدەیت شتە ئاشکراکان بشاریتەوە؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٨- ئایا لەکاتی یاری کردندا، ئەوەی بەلاتەوە گرنگە ئەوەیە کەدەبێ براوەبیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

١٩- ئایا قسەی خەڵکی دەبڕی؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢٠- ئایا کاتێ هاوڕێکانت درەنگ دەکەون، توڕەدەبیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢١- ئایا لەدوای نانخواردن یان سەرسفرە خێرا دەچیتە دواوە؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢٢- ئایا هەمیشە واهەستدەکەیت پەلەتە؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢٣- ئایا لەکارەکانت ناڕازیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢٤- ئایا تۆ بەهێمنی کاردەکەیتوبێ نیشاندەدەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

٢٥- ئایا هەستدەکەیت دەبێ کارەکانت هەرئێستا ئەنجامبدەیت؟

◯بەڵێ
◯نەخێر
◯نازانم.

**باسکردنی ئەزمونەکان:**

هەنوکەبەسەیرکردنی خشتەی ژێرەوە جۆری کەسێتی خۆت پەیدابکە.

Aڕێژەی‌بەڵێ=زیاترلە٢٠گروپی‌کەسێتی= تایبەتمەندیەکان ئەلاقی= فرە، چاودێری لەداواکردن، بێ حەوسەلەی، شەڕانی دوژمنایەتی.

ئیتر تەحەمولت نیە کەکارەکانت ئەجامبدری، حازرنیت بۆ وتوو وێژ. ئامادەی بۆنەخۆشی دڵ و دەمار:

B ڕێژەی بەڵێ= کەمتر لە٥ گروپی کەسێتی= ئارام، سانا، چۆنیەتی ژیانی، بۆ تۆ گرنگترە.

تۆنەخۆشی دڵت نیە:

A ڕێژەی بەڵێ=٢٠-١٣ خوازیارن بەگروپی B ڕێژەی بەڵێ=١٣-٥ خوزیاران بەگروپی A تۆ لەگوماندایت تۆش وەکومرۆڤەکان بیر لێ دەکەیتەوە.بەڵام وەك کەسەکانی گروپی هەڵسوکەوت دەروونناسان پێت A دەڵێن گروپی (س) واتە تۆ حەزدەکەیت وەك گروپی هەڵسوکەوت بکەیت، بەڵام هەمیشە خەفەت دەخۆیت.

سەرچاوە: گۆڤاری (خانوادە)



# رازی ژیان!

رەمەزان عبدالله

ژیـان ســاتە گەلێکـن هەمیشـە لە ڕۆیشــتنە،بەرەو کەنـاری حیکمـەت... وانەیەکە بــەرەو کۆڵێــژی مەعریفەت و زانین...وتەیەکـە بۆ ئاڵا و دروشـمی کردار...خەونێکـە بـۆ هێنانـە دیـی... بەکورتی...ژیـان "راز"ە...رازێـك لـە پەنهـای گوڵەکانەوە...ئـەی درکێنیـت لەگەڵ جوانی و بۆن خۆشی خۆی درکی لەگەڵە...ئەو رازەی چیاکان هەڵی ئەگرن بە بناغەو کۆڵەکەیەکی پتەو ئامانجێکی تیژ ودیارە...خۆشـترین ساتەکانی ژیان ناخۆشیەکانن...ئەوکاتانە باشترین کاتن بـۆ خۆ ســەلمادن لەبەرامبـەر خودای مەزن...ئـا ئەوکاتە چێنیشـنت بەدیار ئەکەوێ...ژیـان رازە مەزنەیە..خـودای گەورەی تێـدا ناسـێندرا !...ڕووبارەکانی ژیان رازی ئـەوە دەر ئەخەن نەمری و مانەوە لە دڵ گەورەییـە وەکو دەریا.... دارەکان ئـەوە دەر ئەخـەن بناغـەی پتو لە ڕەگ و ریشـە پاراسـتنی باوەڕو ئیمانە بە خودای مەزن نەك روخساری جوان وەکی کرمـی و بۆگەن...ڕێگاکان ئـەوە دەر ئەخەن لە پاڵ ڕێگای راسـت کورتە ڕێگاش هەیە...خانووەکان ئەوە دەر ئەخەن کۆشـکی میوانداری و سەفرە... زیندەوەرەکانـش ئـەوە دەر ئەخەن بێ حیکمـەت نین لە ژیان،خاوەنی بەرنامە و ئامانجـی خۆیانن...هەورەکانیش ئەوە دەر ئەخەن گرینـگ بڵند بون نیە لەم ژیانە گرینك بەسوود بوون بۆدەوروبەر ئەوکاتـە هـەورەکان گەورە و قورسـن کە هەلگری پەیامی ئـاو بن !....ئاویش ئـەوە دەر ئەخات لەگەل بێ هێزیەکەی بەنەرمی هەموشتێك دا ئەپۆشێ!

ئیـدی ژیان رازیکی لەبن نایەت... با ئێمەی مرۆڤیش هـەر هیچ نەبێت لە هەر کارێك و شتێك رازێك فیرببین بیکەین بەکردار....با کەمیش بێت..

«سەعدی شیرازی" ئەفەرمویت:

کەم کەم پێکەوە،زۆر دیتە ئەژمار
دەنکە دەنکەیە، گەنم لـە عەمبار

ئەو زمانەی پێویسـتە بۆ تێگەیشتن لە رازەکانی ژیان تەنها بیرکردنەوەیە.. ئەوکاتەی بیرت کـردەوە هەمویان زۆر بەجوانـی و گـەورەی "راز"ی خـودای مەزن دەرئەخات لەم بونەوەرە جوانە... کە پریەتی لە حیکمەت و دانای..هەموو بونـەوەر رازێکیـان هەیـە لەهەمـوو "راز"ێکیش گەورەتر...ئەویش"مردن"ە... بەراستی رازێکی جوانە..یەکسانە بۆ گشت کەس...بەلام نازانم بۆچی مرۆڤەکان لەم "راز"ە خودایە ئەترسـن...هەموو کەس ئەیەوێ بڕوات بۆ بەهەشت...بۆ بینینی خـودا ! ...بـەلام نایـەوێ بمریت...لێی ئەترسێت...

لە وەسفی رازی مردن "جبران خلیل جبران"ئەڵێـت:

ئەگەر هەمـوو "راز" و "نهێنیەکانی ژیان" بزانیت...ئەوا تامەزرۆ و شـەیدای مەرگ دەبیت...!

چونکـە مـەرگ گەورەترین "ڕاز" و "نهێنی" ژیانە!

ڕۆژێك تۆ و بەدوژمنەکەت دەمرن... کەوابـو لـەم چەنـد رۆژە کـەم ژیاندا دەرفەتی ژیان بەیەك بدەن..! دەبا تەنها خـودا بکەینە پشـت و پەنای خۆمان و پشت هەر بەو ببەستین لەگشت کارەکان ...

«وَتَـوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَـى بِاللَّهِ وَكِيلًا»

هەمیشـەو بـەردەوام پشـت بەخـوا ببەسـتە، تەنها خوا بەسە کە پشتیوان و یاریدەدەر بێت...خودا ئەیەوێ خۆمان پێ بناسـێنیت ...ئەزانیت خوا دۆست و کارسازی کێیە!؟

اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِيـنَ آمَنُوا... خوا دۆسـت و کارسـازی ئەوانەیە کـە بڕوادارن...بۆ چ کارێك ئەی خودایـە!؟... يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّـورِ ... دەریان دەهێنێت لە تاریکسـتانی بێ بڕوایی بۆ ڕووناکی بـاوەڕو ڕێنموونیی...گـەر خودا پشـت و پەنامـان بوو..ئیـدی «راز»ی خـۆش بەختی و سـەرفرازی لەوێ وە دەسـت پێ ئەکات...ئەوکاتـە تام و چێژی ژیان ئەکەین...!



# مامۆستایانی زانکۆی ئەهلی و پەرەپێدانی مرۆیی

بەڕێوبەری نوسین

تۆڕی (Y-Peer) لە لایەن (صندوق السكان) ی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لێدەکرێت و کارەکانی لە ٢٠١٢/٨/٢٥ لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، کە بریتی یە لە چەندین وۆرك شۆپ لە بواری هوشیاری گەنجان و لاوان، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیار و سەرەنجە ئەم پرۆژەیە بە تەکنیك و شێوازێکی زۆر نوێ و هاچەرخانە پەیامەکانی دەگەیەنێتە گەنجان، سود لە هەموو زانستە نوێ و شێوازەکانی وتاربێژی هاوچەرخ وەرگیراوە .

لێرەدا داوا لە لیژنەی پەروەردەیی پەرلەمان و بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم کە بەجدی پێداچونەوە بە شێوازی وانە وتنەوە و شێوازی ئەزمونکردنی قوتابیان و هەڵسوکەوتی مامۆستایان لەگەڵ قوتابیان بە ووردی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بڕوا بکەن گلەیی زۆر لە زانکۆ ئەهلیەکان دەکەم کە زۆربەی هەرە زۆریان خەریکە پەیامی رەسەنی فێرکردن و پەروەردە لەدەست دەدەن، بە داخەوە کۆمەڵێك مامۆستای پیر و بەساڵاچووی ناوەراست و خوارووی عێراقیان کۆکردۆتەوە بە نرخێکی کەم گرێبەستیان لەگەڵ کردوون و رۆژانە لە سەرەوەی توانای خۆیان وانەیان پێ دەڵێنەوە و لێقەوماوی ئەو مامۆستایانەشان (استغلال کردووە)!؟

لە لایەکی ترەوە زۆرێك لەو مامۆستا عەرەبانە چونکە لە رابردوو لە ژێر دەستی رژێمێکی دیکتاتۆر کاریان کردووە، زۆر بە روونی هەڵسوکەوت و رەوشت و رەفتاری درندانەی بەعس بە کەسایەتیانەوە دیارە و بە شێوازێکی زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ قوتابیان دەکەن، بۆیە داوا لە لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەم لە پەرلەمان بەجدی کار لەسەر ئەم تەوەرە بکەن، و کۆمەڵێك رێنمایی و بڕیار دەربچێت بۆ چۆنیەتی وانە وتنەوە و شێوازی ئەزموون و بڕ و چۆنیەتی و جۆری بابەتەکانی دیراسە بکرێت .

چونکە پەروەردەی بەعس لە دەرگای ماڵەکانمان چۆتە دەر خەریکە خۆمان ئەم جارە یان لە پەنجەرەکان بیانخەینەوە ناو کۆلێژ و دەزگاکانی خوێندنمان .. بەهیوای سەرکەوتن



# ئەرکی مامۆستا و خوێندکار و دایك و باوکان لەکاتی خوێندندا

نووسینی: شوان ڕابەر

دەستپێك: لەبەر ئەوەی پرۆسەی خوێندن و زانست و زانیاری لە ڕوانگەی ئیسلام و واقیعی ژیانەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و هەموو ساڵ لەم کاتەوەختەدا دەرگای خوێندن و قوتابخانەکان دەکرێنەوە، فێرکار و قوتابییە ئازیزەکان پۆل پۆل دەچنە قوتابخانەکان و هەوڵێکی زۆر بەخەرج دەدەن، بۆ ئەوەی لەم هەوڵ و ماندووبوونە خێربار و بەهرەمەندبن، وەکو ڕێنمایی و یاداشتێك چەند خاڵێك لە ئەرك و ڕۆڵی هەر یەکێك لەماموستا و قوتابی و دایك و باوکانی بەرێز دەخەینە ڕوو تا هەموو لا پێیەوە پەیوەست ببن و کاری پێ بکەین.

## یەکەم/ ئەرکی مامۆستا بەرامبەر قوتابی:

أ- ئەرکی مامۆستا لەماڵەوە: پێویستە مامۆستا هەر لە ماڵەوە پێش چوونە قوتابخانە ئەم کارانە ئەنجام بدا تا لە دەرس و دەوامەکەی سەرکەوتوو بێت:-

١- دەرس ئامادەکردن: پێویستە باش دەرسەکەی ئامادەبکات تا لەوێ باش پێشکەشی بکا و لەکاتی پرسیار و گوتنەوەیدا تەنگەتا و و هەراسان نەبێت.

٢- زوو چوونە دەوام: بە جۆرێ هەرگیز لە کات و دەوامی خۆی دوا نەکەوێ و کاری خراپ لە دەرس و قوتابیانی نەکات.

٣- لەگەڵ خۆ بردنی پێداویستیەکانی: پێویستە ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە وانە و کاری ڕۆژانەی ئەو هەیە لەگەڵ خۆیدا بباو، لەبیریيان نەکا، تا هاوکاری بکەن و پەکی لەسەریان نەکەوێت.

٤- ئامادەباشی بەجەستەو دەروونی: پێویستە مامۆستا لە ماڵەوە لە ڕووی لاشەوە خۆی ڕێك و پۆشتە و پاك و خاوێن بکاو، لە ڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە ئامادەباشییەکی توکمە و تەواو وەربگرێ تا باش دەرسەکەی تەرح بکات.

ب- ئەرکی مامۆستا لەقوتابخانە: پێویستە مامۆستا لە قوتابخانەدا بەرامبەر بە ڕۆڵە و قوتابیەکانی ئەم ئەرك و ڕۆڵە بگێڕێ:

١- باش دەرس گووتنەوە: پێویستە مامۆستا بەشێوەیەکی زۆر زیرەك و تەڕوپارا و و خۆش و سەرکەوتوو دەرسەکەی بلێتەوە.

٢- ئامادەبوونی لەکاتی وانە: پێویستە مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوە زوو بچێتە ژوورەوەو هەرگیز لەدەرەوە دوانەکەوێت.

٣- پاراستنی کەسێتی خۆی: بەجۆرێ زۆر سوعبەت و گاڵتەجاڕی لەگەڵ قوتابیان نەکا بۆ ئەوەی لەبەرچاویان سوك و بێ سەنگ و بێ کەسێتی نەبێ.

٤- پاراستنی : دەبێ مامۆستا دڵ و دەروونی و کەسێتی قوتابی بە قسە و شێوازی خۆش بپارێزێ و نابێ گاڵتەیان پێ بکا، دڵیان برەنجێنێ، جنێویان پێ بدا، سوکایەتیان پێ بکا، .....هتد؟.

٥- دادگەری لەگەڵدا بەکارهێنان:

دەبێ مامۆستا لەگەڵ قوتابیانیدا لە پەروەردە و پێگەیاندن و ڕوخسەت پێدان و دەرەجە بۆ دانان و لە هەموو مافەکانەوە لەگەڵیاندا دادگەر و بە وەفا بێ، نەك لەسەر بنچینەی خزمایەتی و حیزبایەتی و ، تا دەکرێ هاوکاری و لایەنگیریان بکات.

٦- پەروەردەو فێرکردنیان: دەبێ مامۆستا تاکە ڕۆڵ و ئامانجی بریتی بێ لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابی و گواستنەوەیان بۆ قۆناغێکی زۆر باشتر.

٧- ئامۆژگاری کردنیان: دەبێ مامۆستا لە قوتابخانە ڕۆڵی مامۆستا و باوك ببینێ بۆ قوتابییەکان، بەجۆرێ جگە لە دەرسی خۆی هەمیشە ئامۆژگاری و ڕێنمایی باشییان بکا تالە ژیانیدا سوودی لێ ببینێ.

## دووەم/ ئەرکی قوتابی بەرامبەر بە خوێندنو قوتابخانە:

أ- لە ماڵەوە: پێویستە قوتابی هەر لە ماڵەوەی پێش چوونە قوتابخانە ئەم کارو ئەرکانە ئەنجام بدات.

١- زوو هەستانو خۆ ئامادەکردنو بە خۆکەوتن بۆ قوتابخانە.

٢- خۆ پاك‌و خاوێن ڕاگرتن لە رووی جلوبەرگو سەرو پرچو نینۆك‌و هەموو لاشەوە.

٣- جلوبەرگی قوتابخانە لەبەرکردن: ناکرێ بە جلوبەرگی ترو پێچەوانە بچێتە قوتابخانە، چونکە دەردەکرێو کار لە کەسێتیو نمرەکانی دەکات.

٤- پێویستە هەموو کەلوپەلو پێداویستییەکانی خوێندن لەگەڵ خۆیدا بباتە قوتابخانە، وەك: کتێبو دەفتەرو مەلزەمەو پێنووسو تێژکەرو ئەندازەو ڕەشکەرەوەو...هتد.

٥- زووتر چوونە قوتابخانە، بە جۆرێ قەت لە کاتی خۆی دوا نەکەوێت.

٦- پێویستە قوتابی بە ئاگاداری ماڵەوەی لە ماڵەوە دەرچێو خواحافیزی بکاو، بزانن چۆتە قوتابخانە یان نا.

٧- پێویستە هەمیشە چەند قوتابییەك پێکەوە بچنە قوتابخانە لەبەر لایەنی ئەمنیو تەندروستیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو...هتد.

٨- لانەدان لە ڕێگا: نابێ قوتابی لە کوچەو کۆڵانو ماڵە ناسیاوەکان لابداو، نەچێتە قوتابخانە، بەڵکو دەبێ لەسەر شۆستەکان بڕواو ئاگاداری ئۆتۆمۆبیلو خەڵك شتی خراپو بە زەر بێت.

٩- موتالەعەکردن: پێویستە قوتابی هەمیشە لە ماڵەوە موتالەعەی زۆر لە وانەکانی بکاو، کاتی خۆی بە فیڕ ۆ نەدات تا سەرکەوتن بە دەست بێنێت.

١٠- دوانەکەوتن لە قوتابخانەوە خوێندن بێ ئیجازەو عوزری گرنگ.

ب- لە قوتابخانەدا: پێویستە قوتابی گرنگی بەم خاڵانەی خوارەوە بداو ئەم کارو ئەرکانە لەوێ جی بەجێ بکات:-

١- هەڵبژاردنی هاوڕێی چاك: پێویستە قوتابی لە قوتابخانەدا لە سەرەتا ی ساڵەوە لە ناو پۆلو لە دەرەوە لە هەموو کاتو قۆناغەکاندا هاوڕێیەتی خەڵکی چاك بکا، بۆ ئەوەی لێی بەهرەمەند بێ نەك زەرەرو زیانی پێ بگێنێ.

٢- باش خوێندنو کات بە فیڕۆنەدان: پێویستە قوتابی لەناو پۆل باش گوێ لە مامۆستا بگرێو گرنگی بە خوێندنو نووسینو پرسیارکردنو وەرگرتنو گوێڕایەڵیو تاقی کردنەوەکانو.. هتد ... بداو، لە دەرەوەو لە ناوەوە هەرگیز کات بە فیڕۆ نەدات.

٣- دەبێ لەگەڵ مامۆستاوا سەرجەم هاوڕێو کارمەندان لە دەرەوەو لە ناوەوە زۆر بە ڕێزو ئەدەبو ویقار بێت.

٤- نابێ لە وانەکانی دوا بکەوێ لە کاتی چوونە ژوورەوەی قوتابخانەو پۆل.

٥- نابێ دەستکاری کەلوپەلو ئامێرەکانی قوتابخانە بکاو تێکیان بدات.

٦- نابێ بچێتە دەرەوە پەناوا پەسیوان بە تەنیا، نەخاسمە بۆ مناڵاو کچان.

٧- دەبێ کەلوپەلەکانی خوێندن بپارێزێ لە دەرەوە لە ماڵەوە لە پیس بوونو لە دڕانو لە خراپ بوونو لە فەوتاندن.

٨- دەبێ دوای ئەوەی لە خوێندن تەواو دەبێ بگەڕێتەوە ماڵەوەی بەم لاو بەو لادا نەچێت و، خۆی گوم نەکات، بەتایبەتی مناڵاو تازە لاوو کچان.

٩- گاڵتە نەکردن بە خەڵك، شەڕنەکردن لەگەڵا خەڵك‌و کێشە دروست نەکردن.

١٠- قسە نەگێڕانەوەو دەست پاکیو پاراستنی سپاردەو درۆنەکردنو جێبەجێ کردنی دەیان سیفەتی تری چاکە.

## سێ یەم/ ئەرکی دایك‌و باوکان بەرامبەر بە قوتابیان:

بە گشتی قوتابی تا پێ دەگا کۆمەڵێ ئەرك‌و کاری دەکەونە سەر دایك‌و باوك، لەوانە هەندێکیان تایبەتن بە دایك‌و هەندێکیش بە باوك‌و هەندێکی تریش بە هەموو ماڵەوەیان.

١- دەبێ دایك‌و باوکان دەست بەرۆڵەکانیان بگرن لە دەرەوەو لە ماڵەوەو، باش پەروەردەو چاودێریو متابەعەیان بکەن.

٢- دەرس پێگوتنو مامۆستا بۆ گرتنیان ئەگەر ئیمکانو پێویست بوو.

٣- دەبێ پێداویستیەکانی قوتابخانەو ماڵەوەیان بۆ دابین بکەن.

٤- دەبێ لە رووی لاشەییەوە باش پاك‌و خاوێنیان ڕابگرن.

٥- دەبێ لایەنی تەندروستیو لەش ساغی زۆر گرنگیان پێ بدەنو، چارەسەریان بکەن.

٦- دەبێ لە مامۆستاکان بپرسن دەربارەی هەڵسوکەوتو چاکیو زیرەکییان لە ڕێگەی چوونە قوتابخانەو بەشداری کردنیان لە کۆبوونەوەکان.

٧- دەبێ ئامۆژگاری چاکیان بکەنو، رێ ی باشیان پیشان بدەن.

٨- بە گشتی هەموو ڕێگەو شێوازێکی سەرکەوتوو بگرنەبەر کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنو پێشکەوتنی قوتابی لە ژیانیدا.

پایان

سەرنووسەر



# باهاوسەنگی بپارێزین!!!

گەر مرۆڤ ئاوڕێك بداتەوە سەرەتا تەماشای ناخ و ئەندامانی لاشەی خۆی بكات، هەر لە كرداری لێدانی دڵ و هەناسەدان و كرداری هەرسكردن و سوڕانەوەی خوێن بە دەمارو مولولەكانی لاشەو.....هتد ، دەبینین ئەو كارگەیە لەناووەوە كاری خۆی دەكات و پەكی ناكەوێت لەكاتی ئاگایی و بێ ئاگاییدا ، هەموو ئەمانە بە سیستەمێكی رێك و پێك و هاوسەنگیەكی ئاوازە بەرێوەدەچێت و بەڵگەی پەروەردگاری دروستكەری بە تواناو دەسەڵاتە هەروەك فەرمویەتی (وفی انفسكم افلا تبصرون)الزاريات ٢١ .

لەلایەكی ترەوە كاتێك خۆر لە ئێمە ئاوا دەبێت لە بەشێكی تری ئەم جیهانەدا هەڵدێت و سەرەتای رۆژێكی نوێیان پێدەبەخشێت و لەم لاشەوە كە ئاوا بوە شەوەو كاتی پشوو حەسانەوەیە دوای تێپەربوونی رۆژێكی پڕ لە ئیش و كارو ماندوبون .

لەم ڕوانگەوە دەردەكەوێت پەیامی خوا بۆ مرۆڤەكان بریتییە لە واتاو مانای هاوسەنگی لە ژیاندا لە هەموو بوارەكانداو بە درشت و وردەوە.

گەر تەماشایی ژیانی مرۆڤەكان بكەین وەك تاك و وەك كۆمەڵگاش ئەوا كەلێن و بۆشاییەكی گەورەو فراوان هەست پێدەكەین لە نێوان بانگەوازو پەیامی خوای گەورە بۆهاوسەنگی و واقعی ناسۆری حاڵی مرۆڤەكان ، لەم سەردەمەدا دەبینین خەڵكانێكی زۆر لە نێوان زێدەڕۆیی و كەمتەرخەمی و لەنێوان پشتگوێی خستن و بەدەمەوە چوندا دەخولێنەوە ، ئەم بارەش لە هەموو سەردەم و شوێنێكدا دوبارە دەبێتەوە.

مرۆڤەكان شێوەو ڕەنگ و بەهرەو تواناییان جیاوازە ئەمەش حیكمەتێكی گەورەی تێدایە تا داهێنانەكان و كارو چالاكی و ڕۆڵەكانیان لەژیاندا جیاواز بێت ، چوونكە هەموو لایەك پێویستی بە ویتر هەیە بە پێی یاسای بونەوەرو سروشتی ژیان كە خوای گەورە دیاری كردووە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك نمونە دەكەین سەبارەت بە كەسانێك كە تەركیز لەسەر لایەنێكی ژیان دەكەن و لایەنەكانی تر فەرامۆش دەكەن و لە كاتێكدا ئەم لایەنە هیچی كەمترنییە لە و لایەنەی كە ئیشی لەسەر كردووە بۆیە سەرئەنجام شكست و پەشیمانی و نەخۆشی و نارەحەتی و نیگەرانی لێ دێتە دی.

هەیە لە كارو باریدا سست و تەوەزەلەو بەڵام رودەكاتە هاوڕێكانی و حەز بە سەیران و گەڕان و خۆشی و ڕابواردن دەكات ، هەیە بەزەیی بەخۆیدانایەتەوەو هەر خەریكی كارەو بەڵام خێزان و خانەوادەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی فەرامۆش كردووە.

دەستەیەكی تر هەن لە هەموو شتێكدا كەمتەرخەمن و لە پەراوێزی ژیاندا دەژین و مۆڵەتی كراوەیان داوەتە ئەقڵ و دڵ و دەرونیان ئەمانە شەكەت و ماندوی حەسانەوەو دانیشتنن ، بارن بەسەر دەوروبەریانەوە ، هەیە تەنها بایەخ بە جلوبەرگ و ڕوخساری دەدات بەڵام لایەنی ڕوحیی و تەندروستی و ڕۆشنبیری پشت گوێی خستووە، هەیە بایەخ بە خۆراكی ورگی دەدات بەڵام خۆراكی عەقڵی فەرامۆش كردووە، هەیە بایەخ بە خۆراكی عەقڵی دەدات وبەڵام بەلای خۆراكی ڕوحی و گیانیدا ناچێت، هەیە بایەخ بە خێزان و منداڵەكانی دەدات بەڵام كەمتەرخەمە بەرامبەر دایك و باوك و خوشك و براكانی ، هەیە بایەخ بەكاری تایبەتی خۆی دەدات و كەمتەرخەمە لە كاری وەزیفی فەرمیدا ، هەیە بایەخ بە ڕوكەش دەدات وجەوهەرو ناوەڕۆكی لەبیركردووە ، هەیە بایەخ بە ئەمرۆی دەدات سبەینێی فەرامۆش دەكات ، هەیە لەنێو ڕابردودا نغرۆ بووەو بێ ئاگایە لە ئایندەی ، هەیە بایەخ بە ماڵ و سامان دەدات و بەڵام گوێی بە سەرچاوەكەی نادات، هەیە بایەخ بە پلەو پایە دەدات بەڵام كەمتەرخەمە لە بەرپرسیارێتیدا ، هەیە بایەخ بەسەركەوتن دەدات بەڵام ڕەوشت و بەهاكان پشتگوێ دەخات ، هەیە بایەخ بە مافەكان دەدات و ئەركەكان فەرامۆش دەكات ، دەستەیەكی تر هەن لە بواری خێزانی و كۆمەڵایەتی و وەزیفی و ئاستی زانست و زانیاری دا لە چلەپۆپەدان بەڵام شكستی گەورەیان هەیە لە پەیوەندیاندا لەگەڵ خوای گەورەدا بۆیە پەیوەندییەكەیان لەگەڵ خوای گەورەدا لاوازە یان هەربوونی نییە.

ئەم نمونانەی ئاماژەمان پێدان و خستمانە ڕوو لە ژینگەی دەوروبەرمان و كۆمەڵگاكەماندا هەستی پێدەكەین و رۆژانە دەیبینین.هەموو ئەمانە ئاماژەیەكی گرنگ و ترسناكن لەسەر نەبونی هاوسەنگی لە ژیانی زۆرینەی خەڵكدا ئەمەش هەڕەشەی كارەساتی تەندروستی و كۆمەڵایەتی و دەرونیمان لێدەكات هەروەك توێژینەوە زانستیەكان جەختی لەسەر دەكەنەوە.

جا پێویستە پابەند بین بە بنەماكانی هاوسەنگی ڕوحی و فیكری و كۆمەڵایەتی دوور لە توندڕەوی و شل ڕەوی.

دەبا بزانین ژیان تەرازوویەكی ووردو هەستیارە هیچ سەنگ و بایەخێك نادات بە مرۆڤەكان جگە لەوانەی كە هاوسەنگن لە ژیان و هەڵسوكەوت و ڕاوبۆچون و كارو پیشەو پەیوەندیەكان و ئەرك و مافەكانیاندا.

دەكرێت بڵێین ئەوانەی هاوكێشەی زێرینی هاوسەنگی پەیڕەو دەكەن ئەوانەسەركەوتنی تەواو بەختەوەری ڕاستەقینەبەدەست دێنن وپشتیوان بەخوا دونیاو دوارۆژیان ڕۆشن دەكەن.